# پێنجوێن و بیرەوەری یەکان

کورتە باسێکی مێژوویی

پێنجوێن

نووسینی : جلال یارە

# پێنجوێن و بیرەوەری یەکان

(کورتە باسێکی مێژوویی پێنجوێن)

نووسینی : جلال امین یارە

بەرگی یەکەم

چاپی یەکەم

١٩٩٩

سلێمانی

- ناوی کتێب : پێنجوێن و بیرەوەرییەکان
- نووسینی : جلال امین یارە
- بەرگی یەکەم
- چاپی یەکەم ١٩٩٩
- کۆمپیوتەر : ژیر
- چاپ : ئۆفسێتی ژین
- تیراژ : ٥٠٠ دانە

# سەرەتا

زۆر لە مێژ بوو خولیای نوسینەوەی چەند بیرەوەریو یادگارێك بووم لەسەر شارەکەم شاری پێنجوین. بەڵێ پێنجوێنی ڕەنگینی لوبنان شکێن. بەڵام ئەی چۆنو لەچیوە دەست پێ بکەم؟ بیرەوەریوو یادگارەکان زۆر زۆرن بەڵێ هێندی داروبەردی وڵاتەکەم زۆرن هەندێکیان هەرگیزاو هەرگیز لەیاد ناچێ هەروەك شریتی سینەما هەرچەند جار بەجار بەبەر چاوەکانمدا دێن و دەچن ئەوەندەم یادگار بیر ئەخەنەوە کە تەزوو بەگیانمدا تێ دەپەڕێ هەندێ جار ئەچمەوە کاتی منداڵی ...

(( حەمە امین پێنجوێنی )) لە یەکێك لە هۆنراوەکانیدا کە بۆ پێنجوینی نوسیوە ئەڵێ :—

یادگارەکان هێندە زۆرن

بەقەد میوەی پێنجوین جۆرن

خوێنەری ئازیز بۆیە هەر منیش بڕیارم دا کتێبێك لەسەر ئەم شارە شاری پێنجوینی خۆشەویست بنوسمەوە بە چاپی بگەێنم .

خۆ ئەگەر بۆم کرا ئەوە هەر لەسەرەتای ئاوەدان کردنەوەیەوە لە سەرەتای بنیات نانی بەردی بناغەیەوە دەست پێ بکەم ... یادگاروو بیرەوەریەکانو گشت بەسەرهاتوو باسەکان بکەم بە

بەرهەمێکی بەتام کە خوێنەری ئازیز و بەڕێزم تام و چێژی لێ وەربگرن .. هەرچەند سەرچاوەم لەبەر دەستا نەبوو کە هەندێ لە مێژووی باسەکە بەتەواوی دیاری بکەم و بنوسمەوە تەنها ئەوە نەبێ کەلەسەر شریتی بیرەوەریەکانی ناو کاسەی سەرمدا تۆمار کراوە بەڵام پشت بەپەروەردگاری مەزن و پشت بەوانەی کە یارمەتیان دام پشت بەهەوڵوو کۆششی خۆم و بەتایبەتی کاك لەتیف حمە صالح پێنجوینی هەر ئەبێ ئەوەی نیازمە واتە ئەم بەرهەمە تەواو بکەم ئەگەر چی کەم و کورپیشی هەبێ.

(( جلال یارە )) سلێمانی ١٩٩٩

# پێنجوین شاری بەفر و خوێن

( خوێنـەری بـەڕێزو زۆر خۆشەویست ئـەم بەرهەمـەی لەبـەر دەستایە (( پێنجوینی شاری بەفر )) ((پێنجوین مدینة الثلج )) من بەش بە حـاڵی خـۆم بـە ئـەرکی سەرشـانی خـۆم زانیـوە... ئاواتـە خـوازم و ئـارەزووم وایـە خوێنـەری ئـازیزو خـەڵکی شـارە خۆشەویسـتەکەم (( پێنجویـن )) لێی ڕازی بـن هەرچـەندە بەرهەمەکەم کەموو کوڕی زۆری هەیە پشت بەیەزدانی مەزن ئەگەر بۆم گونجا لەبەشـی دووهـەمدا باش تـروو زیـاتر تۆمـار بکـەم خـۆ ئەگەر تەمەن فرسەت بدا.

خوێنـەری بـەڕێز ئـەم بەرهەمـە کەمـەی لەسـەر شـاری (( پێنجویـن))ی خۆشەویسـت نوسـیومەتەوە دیـارە زۆر کەمـە خـۆ ئەوەی کەلە خەیاڵی مندایە بـە چـەندین پـەرتووکی گـەورە تـەواو نابێ. بەڵام هەرچەند هەوڵو کۆششم کرد کەلەم بەرگەدا دەربـارەی گشت لایەنەکانی وەك ئابووری، مێژوویی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، پیشەیی کاروو کاسبی ئیـداری جوگرافیـای تۆمـار بکـەم و بیخەمـە بـەردەم خوێنـەرانی ئـازیزو خۆشەویسـت بـەڵام دیـارە هـەر نـەمان توانی ...

ئەوەی کە دەستم کەوتووە لە گشت بابەتەکانی هەر ئەمەیە کە ئێستا لەبەر دەستانایە و ئەیخوێنینەوە ئیتر زۆر سوپاسی خەڵکی شارە خۆشەویستەکەم پێنجوین و ئەوانەی کە یارمەتیان دام. بۆ نوسینەوەی ئەم پەرتووکە و بەچاپ گەیاندنی بەتایبەتی کاک ( لطیف حمە صالح) کە رێک خستنیو دابەش کردنیو جیاکردنەوەو پێداچوونەوەیو راست کردنەوەی خستە ئەستۆ. دیارە بەتەمای نوسینەوەی ئاوا بەرهەمێ بوو. دواجار ئارەزووی تەمەنی درێژو بەختەوەری بۆ گشت لایەک دەکەم ئاواتە خوازم وێنەیان زۆر بێت هەربژین.

جلال یارە سلێمانی ١٩٩٩

# کورتە باسێکی مێژوویی پێنجوێن

وەکو زانراوە لەسەرچاوەی مێژوییەکانەوە لەوانەی دەم بەدەم پێشینان بۆیان باس کردوین بناغەی دروست کردنی کە ئەگەڕێتەوە بۆ چەرخەکانی شانزەهەم نزیکەی ( ٤٠٠ ) ساڵ لەمەوبەر پێنجوین ئەم ناوە شیرینە لەچیەوە هاتووە / مامۆستا ئەمین زەکی بگ ئەفەرموێت وادیارە ئەو ناوە بە گوێرەی دیمەنی شارۆچکەکە خۆی بێت کە هەر بەتەماشا کردنی پێنج نیگار خۆی ئەنوێنێ لە پێش چاوی بینەردا مامۆستا ( حوزنی موکریانی ) دەفەرموێت منیش ئەو رایەم هەیە ( شێخ محمدی مەردۆخیش ئەڵێت ڕاستە پێنجوین لە چەرخەکانی شانزەهەمدا بنیات نراوە ئەوانەی کە ناوەدانیان کردەوە پێنج برابوون یان پێنج کەس بون جا لەبەر ئەوەی ئاژەڵ داربون هەریەك بەجیا لە بناری هەر پێنج کێوەکەدا خانویان دروست کردوە بەرامبەر بەیەك وە لەو چاخەدا بەهەورامی بەماڵیان وتوە ( وێن ) واتە پێنج ماڵ بەمانای پێنج وێن واتە ( پێنجوین ) وە ئیتر لەسەر ئەم شارە ڕاو بۆچونەکان زۆرن بەلام ئێمە خۆشمان ئەگەر سەیری ئەم شارە بکەین ئەبینین لە هەر پێنج لاوە پێنج وێنەکە بەخشتی واتە پێنجوین ئەم ناوە پڕ

بەپێستی خۆیەتی وە ئەبینین کە هەر پێنج گەڕەکەکە چۆن خۆیان ئاوێزانی گەردنی صەوزی ئەو پێنج چیایە کردوە :-

١-چیای سەلام (واتە باخی قادری سلام) کە پێیان ئەوت ( نوختەکە) چونکە کاتی خۆی مەخفەری عثمانی لەسەربوە ئەم چیا جوانە لەدامێنیدا (تاقانە گوێزی گرتوەتە باوەش) بەرامبەر بە پیریونس وە ڕو ئەکاتە دەشتی پێنجوین وە کانی مینا.

٢- احمد هاجر ئەم چیایە دەست لەملانن لەگەڵ چیای سلام کەلە دامێنیدا گەڕەکی بەرزانی گرتوەتە باوەشی وە کانی حەیات لەدامێنیدا دێتە دەرەوە وە لەتەنیشت سەرینێ وە دارەکەی محمودی سەرەواڵە جێگای سەیرانگای ئێوارانی کوڕو کاڵی پێنجوێن بوو.

٣- چیای قوباد بەرامبەر احمد هاجەر چیای قوبادی شێرانی ماد بوە ئەم چیا سەربەرزەش دەستی کردوەتە ملی قاسێ و تا ئەمرۆش ئەم دوو چیا دەستیان لە ملی یەك دایە.

٤- کەلی بانگەدەر ئەم چیایە سێبەری سەری ئەلیا سەفرەی چاکی بەرزی ئەسحابان و باخی ڕەنگینی عەبە رەش.

٥- کەلی حاجی شێخ ئەم چیایە لانەی شەهیدانو بەچکە شێرانی پێنجوین کە ئەڕوانێتە چواریاخو بلکیان و شاخە ڕازاوەکەی کانی شەوەقەت بەبیرەوەری خۆشمان پێنجوین بریتی بوە لە پێنج

گەڕەکی سەرەکی شارەکانی گەردوونی ئەم پێنج شانە مونەوەر لەماوەشیاندا ناوامیان گۆڕاوە.

١- بەرکێو / ئەگەڕێتە سەر ئەلامی پێنجەوێن جوارباغ و ملکیان.

٢- مەرزەکانیان / بەرامبەر بەرکێو کە بەرزی خەندەقە سەر شاخو لەدامێنیدا کانی گۆڕەو مزگەوتی فازیە.

٣- گەڕەکی پیرەوەنی / ئەم گەڕەکە جولەکەکانیان بێ ئەوت ئەمە لە ناوانە گەڕێتەوە ئەچێتە بۆ حەمە ئاغای گەل حاجی شێخ و مەکانی ناوبازاڕ.

٤- کانی باخی / ئەم گەڕەکەی کانی باخی چاڵە ڕۆحنەو باخی بەگەشیان بێ ئەوت ئەمە لەباخی حەمە لاتە و بەردی خوێنیوو و هەتا بەردی لای ئاشەکان بوو.

٥- گەڕەکی بەفرە چاڵەکان / واتە ئەم گەڕەکە لە دامێنی بەفرە چاڵەکانی عبدولڵو حەمە مەلاوە دەستی پێ ئەکردو هەتا دامێنی بەردی مزگەوتی جامعە وە لە ڕۆژهەڵاتەوە تا بەردی مزگەوتی حاجی عبدالله وە لەشانی بەرکێو چاڵە ڕۆحێ کۆتایی پێ ئەهات گەواتو پێنجوێن پێنج گەڕەکی بەرامبەر بەیەك بووە وە گوتە پێنج ڕێنەی بووە پێنجوێن بەم ڕێی کردنەولە ناوەکەی بەر بەبنێنی خزیەتی پێنجوێن ئەوەندە (( دلگیر بووە لە هاوینا لەهەموو لایەکی عێراقەوە ڕوویان تێ ئەکردوە ئەم شارە بۆ بەسەربردنی گەرمای هاوین سەرنجی هەستیارانی ناوچەکە بووە وە زۆر لەم

هەستیارانە بەبوکی کوردستان ناویان بردوە لە سالّی ١١٩٠ی کۆچیدا شاعیرێك بەناوی مەلا (بیمار) شعرێکی بەسەر پێنجویندا وتوە لەو سالەدا مالّی ئامانی خۆشەویستی هەوار ئەمێنن بۆ پێنجوین وە بەشەماڵدا بۆی ئەنێرێ ئەمەش بەشێکە لەو شعرە:ـ

پێنجوین ئامان بۆ ئامان صەد ئامان

ئامانەتیت بۆ ئامان صەد ئامان

عروسی سەرحەد پەنای غەریبان

دەر ئاخو شەش گیر دەستم وەدامان

دیارە عروسی سەرحەد بە پێنجوینی وتوە کە بوکی سەر سنورە وە پەنای ئاوارە بوە بەلّێ پێنجوین ڕەمزگای دوانزە سوارەی مەریوان هەواری وەسمان پاشاو عادلە خان پشوگای شێخی گەورەو چەندەهای تریشە لەژێر سێبەری پەلکو شۆڕەبی و دار بەڕوەکانیدا حەوابونەوە.

پێنجوین کەبوە بە پێنجوین لەم شوێنەی ئێستایدا ئاوەدان کراوەتەوە زۆر کۆن نیە بەلاّم ناوچەی پێنجوین بەناوی کۆنی جۆراوجۆر زۆر کۆنە دەڤەرەکەی کەوتوەتە بەینی بانەو مەریوان و شاربازێڕ و شارەزورەوە هەمیشە ئاوەدان بوە بەلکو شوێنەواری وای تیایە کە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ پێش میلاد لەوە زۆر زیاتریش بۆ نموونە شلێر و ناوخوان بەگوێرەی داستانی دەماودەم و داستانی ڕۆستەم و زۆراب کە ڕۆستەم پالەوانێکی کورد بوە لە

ڕەگەزی مادە سەعدی شیرازی بەم شعرە دیاری ئەکا کـە ڕۆسـتەم کورد بوە کەلە گولستاندا ئەفەرموێ.

دیدی کەچ گفت زاڵ ڕۆستەمی کورد
دوشمن نەتوان حەقیرو بێچارە شود

ئێمە لێرەدا کەباسی کوردو پێنجوین بکـەین پیۆیسـتە تۆزێك باس لە دەوروبەرەکەیشی بکەین هەرچـەند مێژوومـان بەدەسـتەوە نیە بەڵام وەك بـیرو بۆچـون یـان داسـتا ن ووشـەی دەمـاودەم کـە پیرەکان باسیان لێوە کردوە ئاسـەوارەکان بەلگـەی ئـەو ڕاسـتیەن هـەندێك شـوێنی دەڤـەری پێنجویـن کۆنـن وەك قـەڵای کچـێ کـە قەڵایەکە لـە پشـتی چـەمی گـەورەوە وە بەسـەر گونـدی نـزارەدا ئەڕوانێ وە لە بەینی حەوتەوانان کشـەدەردایە. ( لوتکـەی قزڵچـە) وەك ئەگێڕنەوە پایتەختی کچێکی کورد بـوە بەسـەر لوتکـەی ئـەو شـاخانەوە تـەختی پاشـایەتی ڕازاندوەتـەوە وەك ئەگێڕنـەوە ئـەم پاشازادە خۆشی وەك قەڵاکەی سەختو لەبن نەهاتوو بووە فەرمان ڕەوای هەموو کوردسـتان بـووە جـا لـێرەدا هۆنراوەیـەکی سـەعدی شیرازی ئەفەرموێت:

قزڵ ارسلان قەڵعەی سەخت داشت
کە گەردون بەتەلوەند بەر میفراشت
نەئەندیشە از کەس نەحاجەت بە هیچ
چو زولفی عروسان رەهەشت پێچو پێچ

کە ئەمە لە پیاوی ناودار شێخ احمدی ڕەشەدیٚ سەرۆکی عەشرەتی کۆنە پۆش بیسراوە کە ئەو کچە شازادە بە گوێرەی مێژوو بەختەتی ئەمیرسور خاب نوسراوە مامۆستا قانع پەسەندی کردووە.

## سەرچاوەیەکی تر بۆ ئاوەدان کردنەوەی پێنجوێن

وەکو باسمان کرد کە سەرچاوەکان زۆرن بۆ ئاوەدان کردنەوەی پێنجوێن. وەك لە یاداشتەکانی قازی پێنجوێن دا هاتووە قازی ئەفەرمویٚ کە ئێمە پێنجوێن مان ئاوەدان کردۆتەوە، چونکە قازی پێنجوێن ناوی مەلا محەمەدی خوارزا کوڕی مەلا عبدالکریم کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا حسێن کوڕی مەلا عبداللە کە باپیرە گەورەی لە ئەفغانستانەوە لە نەتەوەی حەسەن ئەلحسەینی کە دانیشتووی ئەفغانستان بووە، ئەمیر زادە بوون، لەبەر چەند هۆیەك ئەویٚ بە جیٚ ئەهێلن، مەلا عبداللە ی باپیرە گەورەی لەگەلٚ محەمەدی کوڕیو ئیبراهیمی کوڕیو حەسەن ی کوڕیو حسەینی کوڕی لەکەلٚ چەند پیاوێکی تایفەی بارام کە لەسنەوە هاتبوون لەم شوێنەی ئێستای پێنجوێن دا یەك ئەگرن و پێنجوێن ئاوەدان ئەکەنەوە، لەبەر ئەوەی کە مەلا عبداللە خەلکی

شاری پێنجەن بووە لە ئەفغانستان، هەر بەو ناوەوە پێنجوێـن نـاو نراوە. وە هەروەها لە یاداشتەکانی دا ئەڵێ: پێنجوێن هەر ئەو دوو تایفە سەرەکی یە بوون لە کاتی خۆیدا.



**هۆنراوەیەکی خوا لێ خۆشبو باخەوان کە بۆ پێنجوینی ووتوە لە بەندیخانەدا.**

ناوی محمد حمە صالح عزیز ناسراو بە محمدی دەروێش حمـە صالحـە ساڵی ١٩٢٨ لـە شـاری پێنجویـن چاوی بـەدنیا هەڵهێناوە پیاوێکی پیاوانـەو قسـە خۆشـبو لـە ژیـانیدا زۆر حـەزی لەسـەر گوزشـتەو هۆنـراوەو قسـەی خـۆش بـوو لـە ژیـانیدا زیندانـی زۆری کێشـاوەو تووشی زۆر دەردی سەری ژیان بووە پاش ٦٠ ساڵ تەمەنی پـڕ لـە دژواری‌و دەردەسەری بووە لە ١٩٩٧/١١/٢٦ کۆچی دوایـی کـردوە کاکە باخەوان خاوەنی زۆر شـیعری بـەتامو پڕمانایە داخەکەم بـە چاپی نەگەیاندو ئەمەش پارچەیەك لە هۆنراوەکەیەتی کەلـە سجن نوسیویەتی دوربوە لە پێنجوین .

نوسەرو هونەرمەند بتوانن هۆنراوەی بەسەردا هەڵ بدەن کە پڕ بەپڕی جوانیەکەی بێت جگە لە گشت ئەمانە شاری پێنجوین شوێنێکی زۆر قایمو قەڵایەکی زۆر ستراتیجی سەربازی بووە هەر بۆیە لە مێژەوە جێگەو لانەی بەچکە شێران و شۆڕش گێڕانی کورد بووە.

زۆربەی هەرە زۆری شۆڕشەکانی کوردی باشور بنکەو بارەگایان لێ داناوە و کردوویانە بە شوێنی حەوانەوەی خۆیانو خۆیان تێدا حەشار داوەو کردوویانە بەسەربازگەی خۆیان و کاری خۆیانیان تێدا ئەنجام داوە ئەمە بەتایبەتی دوای شەڕی جیهانی یەکەم. (( پێنجوین )) پڕە لەسەرچاوەی کانیو کارێزی ساردوو چەمو جۆگای گەورەو بچوك زۆر ئاوی سازگاری هەیە هەرچەند هەندێ لە کانیاوەکانی قورسن. بەسەدان جۆر داروو درەختی بەرداروو بێ بەری تێدایە بەسەدان جۆر گژوگیای بۆن خۆشو گوڵو گوڵزاری کەم وێنەی لێ دەڕوێ بەدەیان جۆر بەردی ڕەنگینو بەنرخی تێدایە بەدەیان جۆر گڵو خۆڵی ڕەنگاو ڕەنگی تێدایە بەسەدان جۆر میوەو بەروبوومی تر هەروەها بێ بەش نییە لە کانزای سروشتی وەك بەردی ئاسن و شتی تریش ...

بەهاوینان هەوایێکی فێنك و سازگار بەزستانان بەفرێکی زۆری لێ دەباری کە زۆر ساڵ بووە ڕێگەی ئەو شارە لەگەڵ دەرەوەیدا ئەبڕێ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك. بەهارێکی زۆر ڕەنگینی هەیەو

پـايزێكی غـەم ئـەنگيز... (( شـاكر فتـاح )) لەگەشـتەكەيدا بـۆ پێنجوين ساڵی ١٩٣٠ لەوەسفی بەهاری پێنجويندا ئەڵێ :-

پێنجوين ڕەنگينـە بـەڵام هـەر بـەباو ئاوە خۆشـەكەی نا هـەر بەباخ و باخاتە جوانەكەی نـا بـەڵكو بێجگە لـەڕێك و پێكی شتێكی تری هەيە كەخوا لەو حەلەدا...

((واتە لەوەرزەدا)) مەبەست وەرزی بەهارە بەهـەموو شـوێنێك ئەو ڕەنگينە ئەبەخشێ كە ئەويش كەشی بـەهارە بـەڵام لەهـەموان زۆرتر ئەو جوانيەيە بەشاری پێنجوين ئەبەخشێ بێجگە لەم هـەموو داروو درەخت و نزارو مێر غوزار و چەمەن و... هتد .

بەفری زستانی پێنجوين زۆر ساڵ تا سەرەتای بەهاروو نـەورۆز هەر ئەمێنێ.

پێنجوين ئەكەوێتە سەر سنوری مەريوان (ايران) ئەكەوێتە سەر هێڵی خەتی درێژی واتە طول (٤٦) خواروی خەتی بازنـەی عـرض (٣٦). چەندين كێو و شاخی بەرز بەرز وەك پـەرژين دەوريان داوەو لە دۆڵێكی فراوان و گەورە لەمابـەينی كێـوی احمد هاجـەرو كـانی شەوكەت و ئەسحاب و كەژاڵو جنەدەر دايـە هـەندێ لوتكـەی وەك هێلانە كۆلاران و قـەڵای بـەركێو كەوتۆتـە بـەينی كێـوە بـەرزەكان لەبەردەم و لـەدامێنی شـارەكەدا دەشـتێكی گـەورەو فـراوان هەيـە هەر لە بناری قەڵای (( قزڵجە ))وە دەست پێ دەكا ئەو سەرەكەی

لەپێی دەشتی مەریوانو لێواری گۆماوی زرێبار کۆتایی دێت ئەمە باری درێژی ئاوو چەمێکی بەزستان زۆرو بەهاوین کەم بەناوەڕاستی دەشتی (( پێنجوین ))دا وەك مار پێچ دەخواو سەر بەرەو خوار دەبێتەوە پێی دەڵێن ((چەمی گەورە)) بەپاڵ پشتی ئەم چەمە لەو دەشتەدا بەدەیان و بگرە بەسەدان بێستان مەرەزەو بەروو بوومی جوتیاری تر کراوە بەدەیان بێشەو چنار و باخ دروست کراوە چەندین گۆماو ((بناوانی)) لێ هەڵبستراوە بۆ مەبەستی ئاودانی مەرەزە و بێستان و بێشەکان.

ئەم بەرو ئەوبەر کردنی ئەم چەمە بەوەرزی زستانو لەسەرەتای بەهاردا کاتێ بەفری شاخەکان دەست ئەکەن بە توانەوە زۆر ستەمە پەڕینەوە ئاسان نی‌یە بۆ؟

چونکە بەداخەوە تا ئێستاش پردێکی وای لەسەر نەکراوە کە جێگای باس بێت. لەدیوانی ((مفتی)) پێنجوینی‌دا لەلاپەڕە (٢٥)دا ئەڵێ :-

مفتی هەستی بەناتەواوی و کەموو کورپیەکانی شارەکەی کردووەو خەم خۆری بووە، لەشیعرێکی‌دا خەڵکی هان ئەدات کە پردێك لەسەر چەمی گەورەی پێنجوین دروست بکەن لەو شیعرەدا بەشێوەیەکی فۆتۆگرافی زۆر جوان وێنەی ئەو خەڵکە ئەگرێت کە چۆن لە چەمی گەورە دەپەڕنەوە. بەتایبەتی کیژی دێهاتەکانی لەو

وێنەیەدا زۆر شاعیرانە هێناوەتە پێش چاوو ئەڵێ :-

کچی دێهاتی کێلوو نزارە
بۆ ماست فرۆشتن دێن بۆ ئەم شارە
کراسی چیتی دڕاو لەبەردا
ئەدەن لەو چەمەو باران لەسەردا
وەختێ بەووردی تێیان ئەفکرم
دڵم دێتە کوڵ نزیکە بمرم

کاتی زوو لەساڵەکانی پێش (٦٠) شەستەکاندا بەیانیان زوو لە دێهاتەکانی کێلو و نزاوە و مەسۆ وە دێهاتەکانی ئەوبەر چەمی گەورەوە ماستیان لە کیتەڵەی گڵێندا ئەهێنایە بازاڕی پێنجوین بۆ فرۆشتنی.

لەباری پانی‌یەوە:- دەشتی پێنجوین ئەم لای شارەکەیە گوندی بووبان و هاوینە هەواری (ناوشاخان)ە ئەو پەڕی چەمی ((هەلالاوا)) ،مەسۆ، نزاوە، کیلوو قەلای کچی‌و کشەدەر هۆمەرەسێنان وریاوا شاخی شێخ حەسەن و هەردوو ((کانی میرانە)) لەبەردەم و لەدامێنی ((گوندی بوبان)) و هاوینە هەورای ناوشاخان لەخوارووی شارەکەوە دەشتێکی پان و بەرین و فراوان هەیە ( ئێستا کراوە بەخانوو ئاوەدانی ) کاتی خۆی پێیان ئەووت دەشتی تەیارە خانەکە ...

شارۆچکەی (( پێنجوین ))لەسەر سنوری ئێران نزیک بەمەرزی (( باشماخ )) کە گوندێکی ئێرانە. شاکر فتاح لە گەشت نامەکەیدا ئەڵێ :

پێنجوین وەك کلیلێك وابوو کە کڵۆمی ئێرانی پێ بکرێتەوە.

شارۆچکەی ( پێنجوین ) بوکی ڕازاوەی کوردستان لەساڵەکانی ١٩٥٨ بۆ ١٩٥٩ بووە بەقەزاو سەر بە پارێزگای ( سلێمانی )ە لە ڕووی ئیدارییەوە لە پردی ( کەوڵۆسەوە) دەست پێ دەکات و ئەوسەری لەسەر سنوری ئێران ( میشیاوە ) ئەم گوندە لەسەر شیوی سەقزەوە زۆر نزیکە ئیتر لەو سەرەوە بەدرێژایی سنوری عێراق ئێران لەو ناوچەو مەڵبەندە و بەدرێژایی چەمی شلێر سەر بە قەزای پێنجوینە، تا سنوری ئیداری تەواو ئەبێت.

(( شلێر )) نزیکە لەشاری (بانەی) کوردستانی ئێرانەوە قەزای ( پێنجوین ) خۆی نزیك لە گۆماوی ( زرێبار )و شاری مەریوانەوە نزیکە سەدوو پەنجا گوندو یەك ناحیە سەر بەقەزای پێنجوینن (١) ناحیەی (گەرمك) کە (٣٠) کیلۆمەترە لە پێنجوێنەوە دوورە لەسەرو ڕۆژئاوای پێنجوینەوەیە مەرکەزی ناحیەی شلێرە (٧) کیلۆمەترە لەچەمی سوراوەوە دوورە ناحیەکە لە ڕۆژهەلاتی چەمی سواروووەوەیە. ( پێنجوین)ی دلڕفێن و لوبنان شکێن لەهەر چوار لاوە بەباخو باخات چوار دەوری گیراوە بەدەیان کانی ساردوو چەمو جۆگەو کارێزی لە چوار دەور و ناویدابە. باخەکانی پڕن لە

میوەی جۆراو جۆر. گژوگیای بۆن خۆش و سەوزە گولۆ گولزاری بێ وێنە. سێو، هەرمێ، ترێ، قۆخ، هەلوژە، قەیسی، هەنجیر، شاتوو، توو، تووترك، بەلالوك، گوێژ، گوێز، چوالە، خەیار، ترۆزی، شووتی، کالەك ... لەوەرزی بەهاردا رێواس و قارچکی کوێستانەکانی شلێرو ناوخوان بەناو بانگەو بەرهەمێکی زۆر بەکەلکە و پیچك و شنگو هەلەکۆك و گیا دۆخەوا و گێلاخەوە چەندین جۆر سەوزەی بەهاری تر، گەزۆ و مازو و بەرو و کەتیرەو بنێشت هەر لە کۆنەوە دەرامەتێکی باشی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە.

چەندین باخ و باخاتێکی بەناوبانگ و گەورەی لێیە وەك ١) بلکیان ٢) چوارباخ ٣) باخەکانی قورەرەشە ٤) دێمەکە ٥) باخەکانی قەلادێ.

١) بلکیان:- سەیران گاو هاوینە هەواری بلکیان باخ و باخاتێکی زۆر گەورەیە ئەکرێ بکرێت بەهاوینە هەوارێکی زۆر بەناوبانگ کە وێنەی کەم بێت بەلام زۆر بەداخەوە تا ئێستا چۆن بووە هەروەك خۆی ماوە !! ئەم هاوینە هەوارە کەوتۆتە سەرووی شاری پێنجوین. ئاوێکی سازگارو ساردی هەیە ( هەرچەند وەك ئەلێن ئاوەکەی کەمێ قورسە ) چونکە لەو شاخە دێتە دەرەوە کە ئاسن کولێنی پێ دەلێن و کاتی خۆی لە کۆندا بەم ئاوە و ئاوەکانی سەرەوەی بلکیان ووتراوە

( ئاوئاسـن ) دوو حـەوزی لیّ دروسـت کـراوە کـە یـەکێکیان تازەیـە لـەم سـالآنەی دواییـدا کـاك (جمـال جـلال) قائمقـامی پێنجوێـن دروسـتی کـردووە و ئەوی‌کـەیان مێـژووی دروسـت کردنی ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (٥٠)، هاوینە هـەواری بلکیـان باخو باخـاتێکی زۆرە بـە پـەرژینی ((هـەژگ)) و درك و داڵـی بەچەند بەشێکەوە هەر بنەماڵەیەك لەو خـاوەن باخانـە بەشی خۆی جیا کردۆتەوە بەدەیان میوەی جۆراوجۆری تێدایە. ئاوی حـەوزەکانی بلکیـانو بەتایبەتی ئـەو حـەوزە کۆنەکـە لـەزۆر کۆنەوە وەك (( ئەستێر )) دروست کراوە ئـەوەندە ساردە کە کەم کەس یاخوود بلێین کەس ناتوانیّ بۆ ماوەی چەند سـاتێك دەستی تێدا ڕابگریّ خۆ ئەگەر مێشوە تریّ یـا شوتی بخەیتـە حەوزەکەوە بەماوەیەکی کەم شەق ئەبا، تریّی بلکیان و باخی (( لالەباخە)) کەلە تەنیشـت باخـەکانی بلکیانەوەیە زۆر بـەناو بـانگن زۆر بەتام و بەلـەزەتن وێنـەیان لـە کوردسـتان کەمـە. سـەیرانگایەکی زۆر خۆشـەو خـەڵکی بـۆ مـاوەی ڕۆژێـك لیّ ئەمێنێتەوە یا ئەوانەی لـەدوورەوە سـەردانی ئـەم سـەیرانگایە دەکـەن ئەگـەر جلوبـەرگی بـاشو نوێـنو پیّخـەف و ڕاخـەری باشو چاکیان پیّ بیّ چەند شەوێکیش ئەمێننەوە ...

٢) چوارباخ :- سەیرانگاو باخوو باخاتێکی بەرفراوانە ئەکرێت چـەندین میـوان خانـەو گـازینۆ و باخچـەی منـدالآن و کۆشـك و گەراج و کابینەی لیّدروست بکرێت و بکرێتە هاوینـە هـەوارێکی

سەردەم، ئەم باخانە ئەکەوێتە خوارووی هاوینە هەواری بلکیانەوە وە مابەینی شاری پێنجوین و شاخی گەڕان و لوتکەی ئەسحاب. چوارباغیش شوێنێک یاخوود هاوینە هەوارێکی کەمتر نییە لە بلکیان. ئەکرێت بە چەند بەشوو باخی جیاجیا کە بە پەرژین جیا کراوەتەوە و هەر بەشەی هی یەکێکە. ئیتر ئەوە لەمیوەو داروو درەختو گژوگیاو گوڵو گوڵزاردا لە بلکیان کەمتر نییە بگرە زیاترە... هەر لەسەرووی چوارباخ و لەنزیک بلکیانەوە شوێن و جێگاو باخ و باخاتی کەی لێیە کە ئەوانیش شوێنی سەیران گاو شوێنی سەیرانگا بوون کاتی خۆی ... وەك:

١) کانی بابلیان / ئاوێکی ساردی هەیە ... کە پرۆژەی ئاوی شاری پێنجوین لەم ئاوەکراوە ...

٢) کەنەکە سەختە / باخی مجید شریف ، باخی مام مەجید .

٣) میرە زەین / باخی دەروێش ڕەشید .

٤) قوڵە خۆشان / بەکێوی کانی شەوە قەتەوەیە کاتی خۆی شوێن هەواری جاف بووە سەیرانگای بەهارانی کوڕو کاڵی پێنجوین بووە.

٣) قورە ڕەشە:- ئەم شوێنە دەیان باخ و باخچەو سەدان داروو درەختی بەرداروو بێ بەری تێدایە کە ئەوانیش جیاکراونەتەوەو کاتی خۆی قورە ڕەشە سەیران گا بووە جێی ڕابواردنی کوڕو کاڵ بووە.

٤) دێمەکەو قەڵادزێو کانی چاوەزار:- ئەم جێگاو شوێنانەش سەیرانگاو باخو باخاتە چەندین باخی گەورەی پڕمیوەی لێیە وەك ((دێمەکە)) قەڵادزێ باخی مەلا عزیز و باخی حمە باخەوان ((محمد دەروێش حمە صالح)) موچرکە. باخی حسین حەمەی میرزا محمود و چەندین باخی تر وەك باخی مەلا عزیز و دێمەکە و دەیان کانیو ئاوی ساردوو جۆگەو جۆگەلەی لێیە.

٥) ناوشاخان ئەکەوێتە خواروی پێنجوین و نزیك گوندی (( بوبان )) لە کاتی خۆیدا سەیرانگایەکی زۆر خۆش بووە بە تایبەتی لەوەرزی بەهاراندا .

٦) سێ چاکان :- شوێنی سەیرانگای بەهاران بووە ئەکەوێتە بناری قەڵای کچێ .

٧) سەرچەمی گەورە:- شوێنو جێگای سەیرانی بەهاران بووە.

٨) پیرجومعە:- دارو شەخسێکی زۆر بەربڵاوە ئارامگای پیاو چاکێکی لێیەو شوێنو جێگای سەیرانی بەهاران بووە خەڵکی شاری پێنجوین بۆ زیارەت و هەم بۆ سەیران ڕۆژانی هەینی هەر لە بەیانیەوە ڕوویان ئەکردە ئەو جێگاو شوێنەو ئیتر ئەوە تا ئێوارە هەڵپەڕکێو ڕەش بەڵەك و گۆرانیو چەپڵە ڕێزان بووە لە دەیان لاوە بەدارە گەورەکاندا پەت هەڵ ئەخراو جۆلانەو ((دیلانێ)) پێ دەکرا کچ و کوڕ و ژن و پیاو و منداڵ و پیر بەو جۆرە دوو قۆڵی یا بەتاك یا بەدووانە بەرامبەر بەیەك ئەکرا ئیتر ئەوە لەچەند لایەکەوە

چا لیٚ ئەنرا لەسەر ئاگر یاخود سەماوەر. چێشت و یاپراخ دروست ئەکرا بەم جۆرە تا خۆر ئاوا بوون ئەوسا خەڵکەکە بەماندویەتی ئەگەڕانەوە ماڵەوە. هەر بەو جۆرەی کە لەسەرەوە باسمان کرد لەسیٚ چاکان و سەرچەمو حاجی شێخە بچکۆلە ئەو شتانە ئەکرا بەڵام ڕۆژانی تر و لەکاتی تردا.

٩) حاجی شێخە بچکۆلە:- شوێنی سەیرانگای بەهارانی بناری (جنەدەر) ئەم شوێنو جێگایە ئەکەوێتە بەردەم و بناری کێوی (جنەدەر) ئەم شوێنە شوێنی سەیرانگای بەهاران بووە لەپیٚ دەشتی (پێنجوین) نزیك گەڕەکی (حسن ئاوا) کە ئێستا گەڕەکێکە لە گەڕەکەکانی شاری پێنجوین و ئەکەوێتە خوارووی شاری پێنجوینەوە بەدەیان باخی بێستانی کاڵەك و شووتیو تەماتەو خەیارو ترۆزیو کولەکەو باینجانو بیبەرو گەنمەشامیو کالیار (فاتەبۆرە)ی تێدایە. شووتی پێنجوین زۆر بەناوبانگە کاتی خۆی جۆرێك شووتی خەت خەتی هەبووە کە لەکەم شوێنی کوردستان بەچنگ ئەکەوێت هەندێکیان توێکلیٚ ئەستور هەلیٚ ئەگیران بۆ زستان و لەناو کاداو لەشوێنی تایبەتی لەماڵاندا .

١٠) تۆبوك :- لەنزیك گوندی کیلو لەڕۆژئاوای پێنجوین دارستانێکی خۆشو دلگیرە ئارامگای پیاو چاك و شەخسێکی تێدایە.

١١) ئەلیاسە فرە:- ئەم جێگایەش دارو ئارامگای شەخسێکی پیرۆز لەلای خەڵکی شارەکەو کانی و ئاوێکی سازگارو باخێکی

جوانو ڕازاوەی هەیە. بەڵێ خەیاری ئەلیاسە فرە بەناوبانگـە جگـە لە میوەکانی تری.

١٢) باخی شێخ لەتیف و کانیو ئاوەکەی:- ئیتر ئاوا بەم شـێوەیە بەدەیان و بەسەدان باخی دێمی وە ڕەزوو داری بەرداروو بێ بەر لە چوار دەوری ئـەم .. بەهەشـتی سـەر زەمینـەدا هـەبوو وە هـەتا ئێستاش زۆری ماوە.



وێنەی شاری پێنجوێن

# ناوی کانیاوو سەرچاوەی ئاوەکانی پێنجوین

١- هەزار کانیان

٢- کانی کوورە

٣- کانی حەیات / ئاوی حەیات

٤- کانی ناو بازاڕ

٥- کانیاوی کانی باخی و چاڵەڕۆحێ

٦- کانی ئەلیاسە فرە

٧- کارێزی ( حاجی محمود )

٨- کانی چاوەزار

٩- کانی ( مینا )

١٠- کانی گوڵ عومەر

١١- تاقانە گوێز

١٢- کانی بەنگەڵە

١٣- کانی ماران

١٤- کانی بابلیان

١٥- کانی میرە زەیین

١٦- کانیاوەکانی چوارباغ

١٧- کانیاو سەرچاوەکانی بلکیان

١٨- کانی باخی حاج صالح

١) هەزار کانیان :- لەناو شارەکەدا بووە کاتی خۆی دەیان پلووسکی گەورەی لێ بەسترا بوو هەمیشە شەو و ڕۆژ ساڵ

دوانزه مانگ ئاوێکی زۆری لێ ئەهاتە دەرەوە. خەڵکی شاری پێنجوین زۆر کەڵکیان لێ وەرئەگرت بۆ خواردنەوە و جل شتن و حاجەت شتن وە باخ ئاودان. کاتی خۆی لەبەردەم ئاوە زۆرەکەی هەزار کانیاندا بەدەیان ژن و کچ بەکوتەك و ئەسپون جلەکانیان ئەشت و پاك ئەکردەوە.

٢) کانی ((کوورە)) :- لەناو شاردا بووە لە کۆلانێکدا ئاوێکی زۆری لێ ئەهاتە دەرەوە پلوسکی گەورەی بۆ کرابوو ئەم ئاوە سازگارە بۆ خواردنەوە بەکار ئەهات زۆر کەڵکی تری لێ وەرئەگیرا .. بۆ ئاودانی باخ و بێستانەکانی ناوشار.

٣) کانی ((حەیات)):- ئاوی حەیات

ئەم کانیاوە گەورەو فراوانە لەناو شاردا بووە ئاوێکی زۆرو ساردی هەبووە کاتی خۆی بەریەستی کرابوو لەبەردەم سەرچاوەکانیدا و پلوسکی زۆری لێ درابوو ئەو ئاوە ساردە لەژێر ئەو شاخە بەرزەوە دێتە دەرەوە کە باخو باخاتی (دێمەکەی) پێوەیە. لەساڵەکانی زوودا پێش شەستەکان خەڵکی شاری پێنجوین مەشکەو کونەو مەنجەڵە ماستو دۆیان تێ ئەکرد ئەیان خستنە ناو گۆمی ئاوە ساردەکەوە بۆ ئەوەی سارد ببێ. ئێواران و نیوەڕوان لەکاتی نان خواردندا لە ئاوەکە دەریان ئەکرد.

٤) کانی ناو بازاڕ:- کانیەکی زۆر بچوك و لەناو بازاڕدا بوو دوکاندارەکان زۆر کەڵکیان لەم ئاوە وەرئەگرت.

٥) کانیاوەکانی باخی بەگەو چاڵە ڕۆحی :- ئەمانەش لەناو شـاردا بوون خەڵکی ئەو گەڕەکانەی دەورووپشتی کەڵکیان لیٚ وەرئەگرت.

٦) کاریٚزی ( حاجی محمود )

ئیـتر جگـە لـەم کانیاوانــەو ئەوانــەی باسمــان کـرد گشـت مزگەوتەکان و گشت کانی ژنان و حەمامەکان بـیٚ لـەئاوی پـڕۆژەی ئاوی پیٚنجوین هەریەکەیان سەرچاوەی ئاوی خۆیان یـا (کـاریٚز) یا کانی هەبورەو هەیە.

ئاوی پیٚنجوین زۆربەی بە هاویناندا زۆر سـاردوو زستان خـەڵك مەلـەی لیٚ ئـەکرد بـەبیٚ ئـەوەی هەسـت بـە ساردی بکـات، کـانی بەنکەڵە لەم سـاڵانەی دواییـدا کـرا بەحـەوز ئاوەکـەی خرایـە سـەر ئـاوی بـۆری پـڕۆژەی ئـاوی پیٚنجویـن ئیـتر وەك وتمـان جگـە لـە ئاوەکانی ناو شار ئاوی وەك کانی چاوەزار، کانی گولیٚ عمـر، کـانی مینـا، تاقانـە گویٚـز، کـانی مـاران... قـوڕە ڕەشـە، مـیرەزەین، ناوشاخان، کانی بابلیان، کانیاوەکانی چواریاخ و هتد ... ئەمانــەش سەرچاوەو کانیاوو کاریٚزی دەورووپشـتی شـارەکە بـوون، لـە کـاتی خۆیداو لە کۆندا لـە شـارۆچکەی پیٚنجویـن بـەم ئاوانـە وەك ئـاوی کانیاوەکـانی قـەڵادیٚ و هـەندیٚکی کـە لـە ئاوەکـانی ناوشـار ئاشـی ئاویان گیٚڕاوە.

# ناوی هەندێ لەو ئاشانە

١- ئاشی (( سەرینێ )) یاخود سەرینیی ئاشی ئەم ئاشەئاوە لە دامێنی کێوی (احمد هاجەر) بووە لە کانیاو و چەمی قەلادێ وە ئاویان ڕاپێچ کردبوو بە جۆگە تا ناو شار لەوێ لەدامێنی شاخەکە تافاوێکی یاخود بڵێین تاڤگەیەکی بەخوڕی دروست کردبوو بەوو تاڤگەیە ئەو ئاشەی ئەگێڕاو ئیشی پێ ئەکرد لەبەردەم ئاشەکەشدا بێشەو چنار کرابوو هەریەو ئاوە ئاو ئەدرا. هەروەها چەند باخێکی کەی خوارو ئاشەکەی ئاو ئەدا.

٢- ئاشی (خەلیفە) ئەم ئاشە لە نزیک ناوبازاڕو لە پشت دووکانەکانی حاجی خەلیفە میرزا حەسەنەوە بوو.

٣- ئاشی حمە سعیدی میرزا ڕەسوڵ.

٤- ئاشی حاجی حمە صالح.

٥- ئاشی میرزا محمودی فقێ محمد

٦- ئاشی ڕەشەی ڕەحمان و عەلی ماین ڕەش

## ناوی هەندێ لە ئاشەوانە کۆنەکانی شاری پێنجوین

١- حمە ئاشی باوکی علی حمە ئاشی، عمری حمە ئاشی.

٢- کەڕەی ئاشەوان باوکی حمەی کەڕەو علی کەڕە.

٣- سید اورحمان ئاشەوان

٤- حسن درێژی ئاشەوان

٥- خەجێ ئاشەوان

وە باسمان کرد ووتمان کە زۆربەی مزگەوتەکانی ناو شارۆچکەی پێنجوین ناوی خۆیان واتە یا سەرچاوەی کانی یا کارێزی تایبەت بەخۆی هەبووە جگە لەوەی لەم دواییانەدا ناوی پرۆژەی پێنجوین درا بەگشت مزگەوتەکان.

### ناوی هەندێ مزگەوت کۆن و تازە

١- مزگەوتی (بەرکێو) لە گەڕەکی بەرکێو بەرامبەر سەرینی‌ی ئاشی‌و نزیک مالی حاجی خەلیفە میرزا حسن کە هەر ئەویش سەرپەرشتی ئەم مزگەوتەی ئەکرد بۆیە جاری وا هەبووە ووتویانە مزگەوتی حاجی خلیفە. ئەم مزگەوتە نزیک بووە لە مالی حاج احمدی مجیدەوە. زۆربەی دەروێشی ئێرانی کە ئەهاتن بچن بۆ

زیارەتی شێخ شەو لەم مزگەوتە ئەمانەوە، زۆر جار (زکریان) ئەکردو خەڵك لەدەوروبەری مزگەوتەکە کۆ ئەبوونەوە.

٢- مزگەوتی حاج فتح الله : ئەم مزگەوتە لە گەڕەکی پیرخەسرەو لەسەروو گەڕەکی بەرکێوەوەو تەنیشت تەکیەی شێخ قادر شێخ کاکە حەمەو ئارامگای شەخسی پیرخەسرەویشی پێ ئەوترا مزگەوتی پیرخەسرەو.

٣- مزگەوتی حاج رسوڵ : سەرچاوەی ئاوی ئەم مزگەوتە لەباخەکانی دێ کۆن بووە کە کاتی خۆی خوالێی خۆش بوو حاج ڕسوڵ بەبۆری (١) انج ئاوی لەو دوورەوە بۆ ڕاکێشاوە چونکە لەو شوێنەی کە خوالێی خۆش بوو بینای مزگەوتەکەی لێ دروست کردبوو هیچ سەرچاوەی ئاوێکی لێ نەبووە لەبەر ئەوە مزگەوتەکە بەبەرزاییەوە بووە نەئەکرا بیری بۆ بکرێ...

٤- مزگەوتی حاج عبدالله حاج محمد: ئەم مزگەوتەش کاتی خۆی لەسەر ئەرکی حاج عبدالله کرابوو ساڵی ١٩٦٢ کاتێ شاری پێنجوین سوتا لەلایەن سوپای عێراقەوە ئەم مزگەوتەش سوتا و بەر شاڵاوی ئەو سوتانە کەوت لەدوای بەیانی (١١)ی ئازاری ١٩٧٠ لەلایەن میرییەوە ئەم مزگەوتە چاك کرایەوە بەڵام هەر مزگەوتی حاجی عبداللەی ناوە ئەم مزگەوتە واتە مزگەوتی حاج عبدالله هەر لە گەڕەکی بەرکێوە نزیك بازاڕەو زۆر نزیکە لە ماڵی حاجی عبدالله

و سەرچاوەی ئاوەکەی لە گەڕەکی ( بەرزانە ) هەرچەند یەك بۆری ½ انج ئاوی پرۆژەی هەیە.

٥- مزگەوتی (قاضی) : سەرچاوەی ئاوی خۆی هەبووە ئاوێکی سازگارو سارد بەهاوین وە بەزستان گەرم.

٦- مزگەوتی جامعە : گەورەترین مزگەوتەو ڕۆژانی هەینی نوێژی جومعەی لێ ئەکرا ئەویش سەرچاوەی ئاوی خۆی هەبووە.

٧- مزگەوتی پاشا: لەچەقی ناو بازاڕداو مزگەوتێکی گەورە بووە کاتی خۆی لەلایەن وەسمان پاشای جافەوە دروست کراوە لەگەڵ دووکانەکانی دەورویشتی مزگەوتەکەدا. ئەم مزگەوتەش سەرچاوەی ئاوی خۆی هەبووە ئاوەکەی لەگەڵ گەرماوەکە ((حەمامەکە)) گەرماوە کۆنەکە یەك ئاوبووە.

٨- مزگەوتی حاجی ڕەشید: لەگەڕەکی بەنگەڵە لای پردی حاجی کوێخا (( ئەو پردە بەناوی حاجی گوێخاوە ناونرابوو کاتی خۆی مقاول بووە ئەو پردەی دروست کردبوو.

٩- مزگەوتی بەنگەڵە: لەگەڕەکی بەنگەڵە نزیك ماڵی عەبەی حمە مراد و چاخانەو خانەکەی عەبە حمە مرادەوە بووە.

١٠- مزگەوتی صۆفی عمر: لەقورە ڕەشە مزگەوتێکی تازەیە لەم ساڵانەی دواییدا دروست کرا.

١١- مزگەوتی ((حسن ئاوا)): حسن ئاوا گوندێکی نزیك شارەکە بوو ئێستە گەڕەکێکە لە شارۆچکەی پێنجوین مزگەوتەکەی هەر لەزووەوە هەیە.

## ئێستاش هەندێ مزگەوتی تازە کە دروست کراون بەم ناوانەی خوارەوە:

١- مزگەوتی بن گرد

٢- مزگەوتی شافعی

٣- مزگەوتی ڕسوڵ و هی تر

## ناوی هەندێ پیاوی دیندارو ئایینی پەروەرەکانی شاری پێنجوین

١- ملا عبد الرحمن پێنجوینی: ناسراو بە پێنجوینی مەلای گەورە ئارامگاو مەرقەدەکەی لەناو بازاڕی شارەکەدایە لە حەوشی مزگەوتی پاشادا. ئەم پیاوە مەزنە پیاوێکی ئایینی و مەلایەکی زۆر زیرەك بووە. ئەدیبێکی زۆر شارەزاوو ناسراو بووە. نوسراوی زۆری هەیە، هەندێك لەبەرهەمەکانی بەتایبەتی بەرهەمە ئاینیەکانی زۆر

بەنرخن لە جامعەی ئەزهەری میصری ئەخوێندریٚ بەرێزێکی زۆرەوە بۆ مەلای پێنجوین چەندین زانای گەورەو مەلای لیٚ هاتوو شارەزا لەسەر دەستی ئەم کەڵە پیاوەدا هەڵکەوتوون. مەلای گەورە پیاوێکی زۆر لەخواترس و خواپەرست بووە دیندار بووە هەربۆیە ئارامگاکەی جیٚی زیارەتی خەڵکی شاری (پێنجوین)ە.

٢- قاضی پێنجوین: ناسراو بە ملا محمدی خوارزا کە خوارزای ملا عبد الرحمنی گەورە بووە. پیاوێکی دیندارو زیرەك بووە.

٣- مەلا اسماعیل: مەلایەکی زۆر شارەزا بووە لە گشت بوارەکاندا شارەزای زۆری هەبوو لە تەلاقو چاك کردنەوەیدا هەروەها لە گەردون شناسیو فارسیو عەرەبیو تورکی زانیوە.

٤- مەلا محمودی ڕووت: پیاوێکی زۆر ئایندارو لەخواترس بووە. زۆر بڕوای بەخوای تاكو تەنها و قورئان هەبووە. مەلا محمودی ڕووت کابرایەکی پرچ درێژ پرچ سوور کابرایەکی کورتە بالای نورانی لە دەرپیٚیەکی سپی بەولاوە هیچی تری لەبەر نەئەکرد تا ماوەیەکی زۆر هەموو لەشی ڕووت بووە و پیٚی پەتی، بەپیٚی ئەو مێژووەی لە گەشت نامەکەی شاکر فتاحدا هاتووە ئەبیٚ ساڵی ١٩٢٤ بوبیٚ کە (شێخ قادری شێخ کریم) شێخی تەریقەتی قادری بەناوبانگ دێتە ناوچەی پێنجوین وەك ئەگێڕنەوە ئەڵێن (مەلا محمود)ی ڕووت گاڵتە بە دەروێشەکانی پێنجوین ئەکات و بڕوای بەشێخ نابێت... هەروەك ئەگێڕنەوە مەلا محمود لەلایەن (شێخ

قادر)ەوە شێت دەكرێ ئیتر مەلا محمود سەرگەردان ئەبێ ئەكەوێتە شاخ و كێوانو بەڕووتی ئەگەڕێ. كاتێ مەلا محمود بەئاگا دێتەوەو ئەچێ خۆی ئەدا بەسەر قاچوو دەستی شێخدا وە پەشیمان ئەبێتەوە بەڵام كەڵكی نابێت. هەمیسان (مەلا محمود)ی ڕووت ئاوارەو سەرگەردانی شاخ و كێوەكانی دەورووپشتی پێنجوین ئەبێ ئیتر بەفر بێو باران گەرم بێو قرچەی هاوین یا ڕەشەباو كرێوە بێ (مەلا محمود)ی ڕووت بە ڕووتی ئەسوڕایەوە كە شەویش ئەهاتو خەو ئەیبردەوە لەسەر حەسیرێك یا لەتە بەڕەیەكی ڕزیو خەوو ئەیبردەوەو ئەخەوت لەگەڵ ئەوەشدا مەلای ڕووت بەم جۆرەو لەوشارە ساردەدا نەخۆش نەئەكەوت و هیچی لێ نەهات .. (مەلا محمودی) ڕووت پیاوێكی چاك بوو هەتا بڵێی خۆشەویست لای گەورەو بچوك ژنو پیاوی شاری پێنجوین خەڵك زۆر ڕێزیان ئەگرتو نازیان هەڵ ئەگرت. بەڵێ مەلای ڕووت تاماوەیەكی زۆر هەرچی گۆشتو مریشكو كەو و خواردنی هەبوو لەسەر خەڵكی پێنجوین بووە، مەلای ڕووت كابرایەكی زۆر ژیرو زانا بوو، شێخ محمودی گەورە مەلیكی كوردستان زۆری خۆش ئەویست بەڵێ شێخی گەورە زۆر ڕێزی ئەگرت زۆر جار دیاربو پارەی بۆ ئەنارد. (مەلا محمودی ڕووت) ماوەیەكی زۆر نوێژی نەئەكرد ووتبوی ئاخر كاكە گیان نازانی كەمن شێتم لەسەرم نییە !مەلا محمود لەدوای باش بوونی ژنی مێنا (٣) كوڕی بوو بەم ناوانە مەلا محمد ، مەلا احمد، مەلا لطیف .

٥- قـازی ڕەحیم : قـازی رەحیمـی داروخـان، مەلایـەکی زیـرەك‌و دانابوو زۆر شارەزایی هەبووە لـە بوارەکانی شـەرع‌و یاساو نوێژو خواپەرستی.

٦- مەلا عارف: مەلایەکی داناو زیرەك بوو زۆر شارەزابوو لە گشت بوارەکاندا.

٧- مەلا صـالحی بـەرکێو: مەلایـەکی شارەزاو پیـاوێکی دیـن‌دارو بەناوبانگ بوو.

٨- مەلا احمدی قاضی: برای بەڕێز مامۆستا مەلا هیبت الله قـاضی مەلا احمد باوکی شەهیدی هونەرمەندو دەنگ خۆش (عەبەی مـەلا) بووە، مەلایەکی زۆر شـارەزاو زانـا بـووە شـاعیر بـووە بڵاوکـراوەی چاپ کراوی هەیە نازناوەکـەی (زەوقـی) بـووە شـیعری تـری زۆری ماوە تا ئێستاش چاپ نەکراون.

## شوێنە پیرۆزو ئارامگاو مەرقەدەکانی پێنجوین

١- ئارامگای مەلا عبدالرحمنی گەورە: لەناو بازاڕدایە لـە حەوشـی مزگەوتی پاشا.

٢- ئارامگـای الیاسـە فـرە: مەرقەدەکـە لـەناو باخەکــەی الیاســە فرەدایە.

٣- مەرقــەدی اســحاب: پــێی ئــەڵێن اســحاب الله لــە پشــتی بلکیانەوەیە.

٤- شەخسی پیر یونس.

٥- ئارامگاو شەخسی لێژێ لە چوارباخ.

٦- مەرقـەدی مـەلا بـانگدەر لەسـەر ڕێگـای قـوڕە ڕەشـە سـەروو الیاسە فڕە.

٧- ئارامگای هەڵاڵە برمە یاخود هەڵاڵە باریمە.

٨- پیر میکایل.

٩- حاجی شێخی گـەورە لەسـەر قـەبرانی پێنجویـن لەناوەڕاستی شاردایە.

١٠- حاجی شێخە بچکۆلە.

١١- پیر محمد.

١٢- شەخسی عەرەب.

١٣- پیر جومعە.

١٤- پیر وەهاب.

١٥- سێ چاکان.

١٦- ئارامگای تۆبوك و زۆری تر.

دەیـان ئارامگـاو مەرقـەدو شـەخس لـەناو شــارو دەوروپشــتی شارەکەدا هەیە بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی ڕاست دەربارەی مێژووی کاتی ژیانو مردنیان نییە.

## گەڕەکەکانی شاری پێنجوێنی ڕەنگین

١- بەرکێو:- لەبەردەم قەڵای چوارباخ و دێ کۆن دایە ئەم بەرو ئەوبەری شاخ و کێوەکانی دەورووپشتی پێنجوین خۆی لە دۆڵێکدایە گەڕەکێکی زۆر کۆنە زۆربەی مزگەوتەکان لەو گەڕەکەدایە بەرکێو یەکێکە لە گەڕەکە سەرەکیەکانی شاری پێنجوین تەنها یەك جادەی (واتە شەقامی سەرەکی بەناویدا ئەڕوا بەرەو چوارباخ و بلکیان ئیتر هیچ جادەو کۆلانێکی قیرتاو یاخود کۆنکرێتی تێدا نیە خزمەت گوزاری لەم گەڕەکەدا زۆر کەمە تەنها چەند کۆلانێك نەبێ کە زێرابی بۆ کراوە لە ساڵەکانی دوای پەنجاکاندا زێرابێکی گەورە لەو گەڕەکەدا کراوە بە تاقی بەرد ئەویش نیوەو نیوەچڵ تەواو نەکرا.

٢- بەری کەناو ئەکەوێتە ڕۆژئاوای بەرکێو خۆی لەبەری ڕۆژهەڵاتە چەمێکی گەورە بەناوەڕاستی شارەکەدا ئەڕوا ئەو دوو گەڕەکە سەرەکیەی لەیەك جیائەکردەوە ئێستا سەری ئەو چەمە گیراوە لەبەر ئەوەی بەهۆی ئاوەڕۆی ماڵانەوە چەمەکە پیس بوو بوو. بەری کەنار دووهەم گەڕەکی سەرەکی شاری پێنجوینە وە ئەکەوێتە بەردەم کێوی احمد هاجەر.

٣- گـەڕەكی (بـەرزان) ئـەم گەڕەكـــە خنجیلانـــە بەشـاخێكی سەختەوەیە خانووەكـان زۆربـەی دوو نـــهۆم بـوون (باڵەخانـەی) خانوەكانی وەك پێپلیكانە چووبوون بـەئاسماندا لەبەردەم كێوی احمد هاجەردا ئەم گەڕەكە دروست كرابوو (بەرزان) بەوە ناونرابوو كـە خانووەكـانی زۆر بـەرزنو شـوێنەكەی زۆر ســـەختە بــەڵام گەڕەكێكی زۆر جوانو رێكو پێكو خنجیلانە بوو.

٤- گۆیژە : ئەم گەڕەكە بەشاخی گویژەكەوە دروست كرابوو هــەر لەناو گەڕەكی بەری كەناودا ئەو شاخانەی گەڕەكەكەی لێ دروســت كرابوو زۆر رووتو بێ داروو درەخت وشك بوو.

٥- شیوی موسایان یاخود ( جولەكان ).

٦- كانی حەیات گەڕەكێكی بچوك لەبەری بەركێودابوو.

٧- شیوی جۆلا.

٨- گەڕەكی چاڵە رۆحی .

٩- گەڕەكی (بەنگەڵە) ئەم گەڕەكە لەساڵی ١٩٤٧ - ١٩٤٨ دا ئەم گەڕەكە لەدوای بوومە لەرزە گەورەكـەی شـاری پێنجوین دروسـت كرا بـەو پارەیـەی كـە بـە پیتــاك كۆكرابـوەوە بـۆ لێ قــەوماوانی بوومەلەرزەكە.

١٠- گەڕەكی پیر یونس.

١١- گەڕەكی هەرمێ گزگزە.

١٢- گەڕەکی حسن ئاوا ، ئەم گەڕەکە کاتی خۆی گوندێکــی نزیـك شاری پێنجوین بوو ئێستا تێکەڵ بەشارەکە بووە بووەتە گەڕەکێك لەشارەکە.

١٣- قورِە ڕەشە: ئەم گەڕەکە گەڕەکێکی تازەیە زۆر گەورە بووە لەم د [illegible]



## گەڕەکی گۆیژە

سەرەڕای ئەم (١٣) سـیانزە گەڕەکـە کەهـەن گـەڕەکی تـازەی تریش کراوەتەوە وەك بەرباخ، تـەیارە خانـە، گەڵەگـە ناوشـاخان،

کانی مینا، بەلام ئەوەش بزانین کە تەنها دوو گەڕەکی سەرەکی لە دەفتەرەکانی نفوسدا ناویان هەیە ئەوانیش (١) بەرکێو (٢) بەری کەناو .

شاری پێنجوین بوکی ڕازاوەی سەرچیا هەر لەزۆر کونەوە دوکان و بازاڕی ڕێکو پێکی هەبووە و هیچی کەمتر نەبووە لەشارەکانی تری کوردستان چونکە ئەوەی لەشارەکاندا هەبووە لێرەش هەبووە هەموو جۆرە کارگەیەکی واتە سەنعەت کارێکی تیدا بووە ئاسنگەر، چەقۆساز، کلاش درو، قەصاب، بزنو مەڕو گا سەربڕ، کەباب چی، سەرتاش، جگەرە فرۆش، کوتاڵ فرۆش، عەتار، تەنەکەچی، کورتان درو، پینەچی، قۆندەرە فرۆش، خومچی، ئیتر ئاوا بەم جۆرە هەر جۆرە دوکانێك لەشارەکاندا هەبوبێ، لەشاری پینجوین هەبووە.

۞ ۞ ۞

## ناوی قەصاب: بزن‌و مەڕو گاسەربڕەکان لەگەڵ کەباب چیەکانی شاری پێنجوین.

١- وەستا عزیز : کەباب چی (عەزەی زبە)

٢- وەستا مجید : کەباب چی

٣- امین یارە

٤- حمە صالح میرزا قادر : حمە صالح سریل

٥- مەلا محمود : کەباب چی

٦- محمد میرزا قادر : حمە عێراقی

٧- حمەی حمە امین

٨- حمەی ملا کریم / بانەیی

٩- حسن قصاب

١٠- جلالی دەڵاڵ : کاك جلال

١١- حمەی لالە حمە امین :حمەی مینە نالە

١٢- خولە هەتیو، نوێ موسلمان (گاسەر بڕ)

١٣- سالە عەلە : گاسەر بڕ ، سالە گاگوژ

١٤- علی عەبە وەنەوش

١٥- مجید خەلیفە

١٦- حسین ڕەشید ڕۆن

١٧- احمد میرزا قادر

١٨- تۆفیق حاج فرج

١٩- علی مینە نالە

٢٠- صدیق علی شمس الله

٢١- مجید حامد

٢٢- محمودی شەشوبیست

٢٣- عەزەی فاتمە

## ناوی نانەوا کانی شاری پێنجوین کۆنو تازە

١- حمە درێژ

٢- ئەحە مەڵکە : کولێرەی ئەکرد

٣- عمری مەلا

٤- حاجی فتح الله نانەوا : کولێرەی ئەکرد

٥- حمەی سعید

٦- شەمسەی عەبە پینە

٧- ڕەشەی خەمیر

٨- عثمان درویش تۆفیق

٩- مینه تۆڵه

١٠- عبدالله حاجی اسماعیل

١١- سەعەی مینه نیٚی

١٢- عەبەی علی شەل

١٣- امین شێخ فرج : محمود شێخ فەرەج

١٤- عمر خەیاڵ : عمری ئەحه مینا

١٥- عەبه نانەوا : زۆر دەنگی خۆش بوو ڕۆژانــی هــەینی (جومعــه) بانگی ئەدا.

١٦- ئەمین کڵاو قوچ

١٧- شەریفی نانەوا

١٨- جلال شێخ حامد : جلال شێخه

١٩- صالح ڕەشید ئادەم

٢٠- علی : قورگه

## ناوی وەستا بەناکانی شاری پێنجوین

١ وەستا میرزا

٢- وەستا نصرالله

٣- علی گارووت

٤- حمەی خوله فەیزه

٥- وەستا عبدول

٦- عبەی مامە اورحمان

٧- کریم چل گەزی

٨- سالە مینا

## ناوی هەندێ چێشت خانەی کۆن لەشاری پێنجوین

١- حمە تەپڵ

٢- چێشت خانەی : ئەحە مەڵکە

٣- چێشت خانەی سەید : شێخەی لۆقنتە

٤- چێشت خانەی : سورە، سورەڕەشەد منە: حاج صالح

٥- چێشت خانەی: احمد برای حاج سعید ڕیخۆڵە

٦- چێشت خانەی: حەمە دزڵەیی

٧- سەعید بەگ: گیپەچی

# دیمەنی چایخانەی حەمە مصطفی لە پێنجوێن



دانیشتووەکان لەلای ڕاستەوە: ١- مام ڕەشید (دەمنە)

٢- مام ئەولێ ٣- مام غەفور ٤- مام لەتیف (باوکی باڵە تەپێ) ٥- دەروێش نصرالله .

ئەوانەی بە پێوە وەستاون لە پێشەوە :١-وەستا علی کەبابچی سەرتاکۆس)

٢- حەمەی خوا کەرەم ٣- محمدی احە مینا

# ناوی هەندێ چاخانەی کۆن و نوێ

١- حاجی فتح الله رسول

٢- علی ئەحمەد ڕەش

٣- سعید قەڵای

٤- دەروێش کریم

٥- چایخانەی حاج احمد چایچی

٦- محمودی تۆفیق

٧- قاله مینا

٨- محمودی برای حاجی ڕەشید

٩- چایخانەی علی مام قادر

١٠- سۆفی عەزیز

١١- سورەی ڕەشە دەمنە

١٢- عەبەی حمە مراد : عمری عەبەی حمە مراد

١٣- نامیق گوێ ڕەش

١٤- چایخانەی خانی سنجر

١٥- احمد ڕەشە قورنە

١٦- چایخانەی حاجی حمە مصطفی

١٧- محمدی ئەحە مینا

١٨- عەبەی گەوهەر

١٩- شێخ ابراهیم

٢٠- احمد شەل حمە خوامراد

٢١- حاجی اسماعیل

٢٢- چایخانەی صدیق حسێن هەلیسە

٢٣- چایخانەی حاجی حدود

٢٤- چایخانەی خولە کوێر

٢٥- چایخانەی انوری قالە وەیسی

٢٦- چایخانەی حسن کەوحیز

٢٧- چایخانەی خولە بچکۆل

زۆری تر ...

لەکاتی زوودا تا ئێستا بۆم ڕوون نەبۆتەوە کە لەساڵی چەندبووە بەڵام ئەوانەی بۆیان گێڕامەوە ئەبێ لەساڵەکانی بیستەکاندا بوبێ کەلەقەڵادێ چایخانەی لێ بووە هەروەها لەچلەکاندا جارێکی کە ئەو چایخانەیە ئاوەدان کرایەوە بیستومە ئەڵێن محمودی مام نصرالله: خولە نەسە لە چلەکاندا لەقەڵادێ چایخانەی هەبووە هەروەها چەندین جار لە چوارباخ چایخانەو چێشت خانەی لێ کراوەتەوە لەقوڕە ڕەشە بەهاوینان کەپریان بەستوە کراوە بە چاخانە ئیتر ئەوە لە ساڵەکانی پەنجا بەدواوە

لەلای ڕاوگان چایخانەو خانو چێشت خانەی باشی لێ بووە لەسەر جادەکە ... لەنزیک بێشە چنارەکەوە......

## شاری پێنجوین (( شاری بەفرو خوێن ))

لەو مەڵبەندەو ناوچەیەدا لەشاری پێنجویندا بەزستانان بەفرێکی زۆر ئەبارێ ئەم بەفرە ماوەی چەند مانگێک ئەمێنێتەوە. زستانان خەڵکی ئەو شارە ئەبوایە سەربانی خانوو دووکانەکانیان بەفرماڵ کەلەوناوچەیە پێی ئەڵێن ((وەروەرە))بماڵیایەو چەندین جار پاکیان بکردایەتەوە چونکە ئەگەر زوو ئەم کارەیان نەکردایە ئەوە خانووەکانیان ئەڕووخاو بەرگەی ئەو گشت بەفرە قورسەی نەئەگرت چونکە لەکاتی زوودا خانوەکانی پێنجوین زۆری گڵۆ بەرد بوو سەربانەکانیان داروگڵ بوو کەم خانوی چیمەنتۆی لێ بوو. لەشاری پینجوین سۆپای دار بەکار هێنراوە لە گشت ماڵو مزگەوتو لەهەندێ دوکانیشدا بەکار هاتوە. وە چاخانەکان لە پایزاندا خەڵکی ئەو شارە داریان ئەکڕیو ئەیان شکاندو هەڵئەچنراو ئامادە ئەکرا بۆ زستان چونکە هەندێ ساڵ زستانان کە دەستی ئەکرد بە بەفربارین ئەوەندە سەخت بوو وەك باسمان

کزد ڕێگەویان ئەگیرا هێنـانی دارو سـوتەمەنیش کـارێکی زۆر دژوار بوو.

ڕۆژی وامـەبوە لـەوەرزی زسـتاندا شـــەو و ڕۆژی چـەند جـارو ئەوەند بەفر باریوە کە خەڵك فریانەکەوتوون بـەفری یەکـەم تـەواو بکەنو بیماڵن بـەفرێکی زۆرتـر بەسـەریدا باریوە جـا ئیـتر خـەڵکی یارمەتی یەکتریان داوەو ئەدا یاخود زۆر جـار ئەکرا(بەگەلـە) واتـە بەکۆمەڵ (هەرەوەزی) سەربانەکانیان ئـەماڵی خـۆ ئەگـەر بێـوەژن یاخود پیرو پـەك کەوتـە کەسی نەبوایـە ئـەوە خـەڵکی ئـەو شـارە کورو کـاڵ بـەرو داروسـێ پێشـی سەربانەکانی خۆیـان سـەربانی ئەوانەیان پاك ئەکردەوە لە بـەفرو ئـەیان مـاڵی ئیـتر ئابـەم جۆرە دوای پشودان گشت کـاتێ کورو کـاڵ و منداڵـی ئـەو شـارە ئـەبوو بەشەڕە تۆپەڵ و باز بازێن بۆ ناو بـەفرو لەسـەربانەکانەوە بـۆ نـاو بـەفرە بۆلکـە و یـاری کردنـیو خلیسـکاندنی منـدالان و خۆگـەرم کردنەوە بەلولە سۆپای مالانو مزگەوتەکان دەیان جۆری یـاری تـر منداڵـی وا هـەبووە ئـەوەندە خـۆی ئـەگرت بەلولـە سۆپاکاندا بــۆ خۆگـەرم کردنـەوە ڕەنگی شـەرواڵەکەیت نەئــەزانی چۆنــە لــەتاو دووکەڵ و ژەنگی لولە سۆپا ئیتر ئەوە بۆنی دووکەڵ بـا بوەسـتێ. کاتێکیش هەتاو ئەکەوت بەچەند ڕۆژ جارێ بۆ ماوەیەکی کەم ئیـتر ئەوە دەست ئەکرا بـەیاری قنگەخلیسێ یـاخود خلیسکان لەسـەر بەفر ئەویش چەند جۆری هەبووە (١) بەساج یـا بەتەشـت ئەچونـە

ناوساجەکە یاخود تەشتەکە لەشوێنە بەرزەکانەوە بۆ خوارەوە یاخود دارێك لەسەری دائەنیشن وەك ئەسپ لەشاخە بەرزەکانەوە بۆ خوارەوە لێ ئەنیشن وە چەند جۆرە یاری تر، پشت بە پەروەردگار لە بەشێکی تردا بەدرێژی باسیان ئەکەین، شاری پێنجوینی ڕەنگین بەهاوینان زۆر فێنکو ئاوی ساردو خەڵکەکەی هەرگیز پێویستیان بەبەفرو سەهۆڵ نەبووە هەرچەندە چەندین چاڵە بەفر لەدەوروبەری ناوشارو دەوروبەری ناوشاردا هەبووە بەهاوینان بەکار ئەهات بۆ دۆساردکردنەوە یاخود نیوەڕوانی هاوین و لە چاخانانەو چێشت خانەو کەباب خانەکاندا بەکار ئەهات بۆماستاو.

## ناوی هەندێ چاڵە بەفری پێنجوین ( بەفرە چاڵ )
## لەگەڵ خاوەنەکانیان

| | |
|---|---|
| ١- چاڵە بەفری | (عبدول)ی بەفرفرۆش |
| ٢- چاڵە بەفری | (علی مەلا) |
| ٣- چاڵە بەفری | عەبەی حمە مراد |
| ٤- چاڵە بەفری | حمە مەلا |
| ٥- چاڵە بەفری | ڕەشە کوێخا |

لەشاری پێنجوینی ڕەنگیندا تەنها دوو نەقلیات و گەراج بۆ ئۆتۆمبێلْ هەبووە ئەوانیش ئەمانە بوون :-

١- نەقلیاتی محمد حاجی فرج : شەریفی فەتە کۆپە لەسەر نەقلیاتەکە ئیشی ئەکرد.

٢- نەقلیاتی پێنجوینیەکان : حاجی سعید ڕیخۆڵە سەرپەرشتی ئەکرد : ابراهیم ڕەشید بحری سەرپەرشتی ئەکرد و لەسەر نەقلیاتەکە بوو لەهەریەکێك لەم نەقلیاتانە چەندین شاگردو دەلال ئیشیان ئەکرد لەوانە . خولەنەسە، احمد حاج محمود...

ناوی ئەو شۆفێرانەی (سائق سیارە) کەلە کۆندا لەشاری ( پێنجوین )ی ڕەنگین ئیشیان کردووە لەبەینی پێنجوین و شارەکانی کەدا و یاخود لەناو شارۆچکەکەدا بۆ دێهاتەکانی دەوروبەری ...

## ئەوانەی خەڵکی پێنجوین بوون :

١- جمال ملا کریم : بانەی، بەناوبانگ بوو بەجمال هندل

٢- عارف ڕەشید رضا: عراف رەشید دەمنە

٣- عثمان حاج عبدالله

٤- محمد امین یارە

٥- قادر حمه صالح : بەناوبانگ بو بە ئوچ قارداش

٦- کاك جلال : جلالی دەلاڵ

ناوی هەندێ شوفێری (سائق)ی غەریبە بەشاری پێنجوین ئەوانەی کە خەڵکی ئەو شارە نەبوون بەلام هەر لەشاری پێنجوین ئیشیان ئەکرد.

١- هەوشار: سائق لۆری

٢- کریکۆر: سائق لۆری

٣- یاسین (مام یاسین): سائق لۆری

٤- قالە سور

٥- علی عەجەم

٦- عبدالرحمن شازەمان

٧- ڕەشید سەرسپی

٨- علی ڕەش سائق: علی سیف الله

٩- لفتەی: سائق

١٠- احمد بچکۆل

١١- شێخ فرج

١٢- خولە

١٣- عباس ابراهیم درویش

١٤- حمە شیکەو براکانی کریمو احمد

١٥- مەولە و براکانی ئەبو علی

١٦- شێخ فەرەج

١٧- سەعە چەتە

زۆری تریش لەم دواییانەدا.

## ناوی هەندێ لە حەماڵە کۆڵ هەڵگرەکانی کۆن

١- ڕەشە حاجیلە

٢- غەریب باوەڵێ

٣- سعید فەتە کۆپە: لەدواییدا بو بەسائق پیکاب

٤- ڕەحمان لچە

٥- کریمی مام فەرەج: کەریمە کوێری مام فرج

٦- شێخ مصطفی

٧- شێخ حمە امین

٨- درویش صالح: کەڵەمێروو

٩- صۆفی : قەنەف

١٠- احمد شیخە سور

١١- دەروێش نصر الله: هەورامی

١٢- دەرویش ابوبکر: هەورامی

١٣- سعید کراس زەرد

١٤- عەبەی سەریەناز

١٥- علی خازە لواوی

١٦- دەروێش حمەی حماڵ

١٧- ئەمین : حەماڵ

١٨- حمەی حماڵ

١٩- خولە کوردە

٢٠- صۆفی: ئینگرام

٢١- لەساڵی (١٩٣٠) مەلایەك حەماڵ بووە ناوی نازانین لای (نوری ئەفەندی) مقاول کاری کردووە لەشاری پێنجوین.

## ناوی فرۆشیارە دەست گێڕەکان

ئەوانەی دەڵاڵ بوون هەم فرۆشیاری دەست گێڕو شتی کۆنەیان ئەفرۆشتو ئەمانە جاریەجار جارچیش بوون جارچێتیان بۆ میری ئەکرد:-

١- محمود مام نصراللە : خولە ئەسە

٢- کوێخا مجید:

٣- فەجە قرمە: مام فەرەجە کوێر

٤- ڕەشید فەرەج: ڕەشید فەرەج قوجیلە

٥- ڕەشە بحری

٦- ڕەشە کەڵەکانی: ئەم پیاوە ئێرانی بوو خەڵکی بۆکان بوو هەر لەزووەوە هاتبوە شاری پێنجوین. ژن وماڵی نەبوو بەلام زۆربەی خەڵکی پێنجوین خۆشیان ئەویست ڕێزیان لێ ئەگرت. کوڕێکی دەست پاك و کاسب بوو.

٧- عەبەی حمە جبە

٨- صالحە بابەت

## ناوی مسگەرەکانی شاری پێنجوین

١- حمە مردوو

٢- علی وەلی

٣- علی شمس الله

٤- کریم درێژ

٥- ڕەشە کەڵەکانی

# ناوی پێنجوین لەچییەوە هاتووە

شاری پێنجوین شارێکی زۆر کۆنە مێژووی ڕاستەقینەی و دروست بوونی یاخود ئاوەدان کردنەوەی لەسەرچاوەی ڕاستو ڕەوانەوە دەست نەکەوتوە ئایا کەی وە لە چ سەردەمێکا ئاوەدان کراوەتەوە یاخود ناوەکەی لە چیەوە هاتووە بیروو بۆچون زۆرن. لەزۆر کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤاردا و یاخود لەدەمی چەندین خەڵکی تەمەن درێژو شارەزامان بیستوە یا خوێندۆتەوەو یاخود ئەوانەی لەباو باپیرانیانەوە بیستویانە ئەڵێن کە پێنج یۆنانی:-

((لەکاتی گەڕانەوەی دەهەزار یۆنانی بەکوردستاندا)) لە لەشکرەکەی ئەسکندەر کاتێ ئەو لەشکرە شکاو لەشەڕێکی لەگەڵ فارسەکاندا کە ئەوکاتە دارای فارس لەسەر لەشکری فارسی بووە... ئەڵێن پێنج یۆنانی لەم شوێنەدا بەجێ ماون و ئاوەدانیان کردۆتەوە.

حمە امین پێنجوینی لە هۆنراوەیەکیدا ئەڵێ :-

کاتێ لەشکری ئەسکندەر\
کردی گوزەر\
بەووڵاتی کوردستان\
وەکو مێژوونووسان ئەڵێن

پێنج شەرکەریان لێ بەجێ ما
بناغەی ئەم شارەیان دانا
کەلە لەشکر بەجێ مابوون
بۆ سەیرانگاو ڕاوە شکار
ئەم بەهەشتەیان کرد بە شار
هەر لەوساوە
لەوەتەی مێژوو خولقاوە
بوو بە ئارامگا بوو بەشوێن
بوو بە پێنجوین

ئەڵێن:– کاتێ گزنگی خۆر لەدەم کەلی احمد هاجەرەوە سەر دەردێنێ و ئەیدا لەدەم کەلی کەژان و ئەسحاب و کانی شەوقەت تا ئێوارە کە خۆر ئاوا دەبێ پێنج جار ڕەنگی ئەو لووتکانە بە پێنج ڕەنگ ئەگۆڕین.

هەر لەو هۆنراوەیەدا ئەڵێ :

ئەڵێن کە بەیانیان هەتاو
هەڵدێ و ئەیدا لەسەر کڵاو
لە چێشتەنگاو تا ئێوارە
پێنج جار پەلکە زێڕینەی جوان
پێنج ملوانکەو پێنج جووت گوارە
ئەکەنە ملو گوێی (( کەژان ))

ئەڵێن :-

کە شـاری پێنجویـن بووکـی کوردسـتان کـاتی خـۆی لـە کۆنـدا مێژووەکەی نازانرێ کە پێنج دێی نزیك یەك بوون و دواجار بـوون بەیەك وە بووە بەو شـارە بەلگـەش بـۆ ئـەوە پـاش مـاوەی پێنـج دێیە و ناوەکانیان تا ئێستاش هەرماوە :-

١- دێ کۆن لەلای چوارباغەوەیە

٢- قەلادێ

٣- پیر خەسرور

٤- قورە ڕەشە

٥- شیوی موسایان

لە هەریەکێك لەپاشماوەی ئەم دێهاتانە قەبرسانێکی نزیك هەیە ئەگێڕنـەوە کەلـە پشتی شـاخی الیسـا فـرە و بـەدەم کەلەکـەوە مابەینی قورە ڕەشە و پێنجوینی کابرایەکی مەلا هـەموو کاتـەکانی بانگ دانو گشت کاتەکانی سـالّ لـەدەم ئـەو کەلـە بـانگی محمدی داوە ئیتر وا باس ئەکەن گوایە کە هەر پێنج دێیەکە یاخود هەندێ لەدێیەکان گوێیان لەبانگەکە بووە. بۆ بەلگەی ئەمەش پاشماوەی شوێنی بانگ دانەکەو ئارامگای مەلای بانگدەرە لەو شوێنەدا ماوەو هەر لەو دەم کەلەدایە بەناوی کەلی مەلا بانگرەوە بەناوبانگە.

وەکو ئەگێڕنەوە ئەڵێن : کـە گوایـە شـاری پێنجویـن پێنـج بـرا ئاوەدانیان کردۆتەوە ئەم پێنج برایە لەتیرەو ڕەگەزی جـاف بـوون

لەگەرمیانەوە ڕوویان کردۆتە ئەم مەڵبەندە کاتێ کە پرسـیاریان لێ کردوون ئێوە چەند ماڵ بـوون کەهاتنـە ئـەم شـوێنە و ئاوەدانتـان کردەوە؟ لەوەڵامدا وتوویانە :- ئێمە پێنج ووین واتـە پێنج مـاڵ بووین . ئیتر بوو بەپێنجوین. لەیادم نەماوە لـەژمارەی چـەند بـوو لەگۆڤاری (( شمس کردستان )) دابـوو لـە حـەفتاکاندا نووسـینێکم بەرچاو کەوت وائەزانم ئەو نووسـینە هـی بـەڕێز جمـال بابـان بـوو. ئـەویش لەسـەر گەڕانـەوەی دەهــەزار یۆنـانی بــە کوردسـتاندا. لەشـوێنێکدا ئـەڵێ:- ((بنـی زامبیو قەلعـەدزەو پێنجویـن )) خـۆ ئەگەر بەهەڵەدا نەچوویم لەشوێنکدا ئەڵێ: یۆنانیەکان لەم شوێنەی ئێستای پێنجویندا لە کاتی گەڕانـەوەیاندا لێیان بـەجێماوە ئـەڵێن هـەندێ سـەرباز کـەژمارەیان پێنـج شـەرکەری ئـازا بـووە کەئـەم شوێنەیان ئـاوەدان کردۆتـەوە. ئـەڵێن ئەسـیرێکی (بـەند) لاوی زۆر جوانیـان لـەم شـوینەدا بـەدیل گرتـووەو نـاوی شـوێنەکەیان نـاوە ((زامبی)) دیـارە بەڵگـە بۆ ئـەوەی کـە یۆنانیـەکان لـەم شـوێنەدا بـەجێ مــاون یـاخود ماونەتــەوە ئــەو گشــت پاشماوەیــە کەلــە دەوروپشتی پێنجویندا تا ئێستاش مـاون ڕوون بۆتـەوە کـە گشـت ئەو کەلوپەل و سـکەو چـەك و قەڵغانـەی ئەدۆزێتـەوە لـەناو کوپـە گەورەکاندا پاشماوەی یۆنانیەکانە هــەر هـەمووی نزیـك شـارەکەیە لەدەروپشتیدایە ناوی هەندێ لەو شوێنانە:-

١- سێ چاکان: لەوبەری چەمی گەورەیە لەبناری چیای کشەدەرو قەلای کچێ.

٢- قزڵچە: دێیەکە لەدەشتی پێنجوین.

٣- بناوەسوتە و سەرکۆشك : دێیەکە لەسەر سنوری ئێران عێراق.

٤- دەشتی پێنجوین: لەبناری شاخی جنەدەر

٥- گوندی (مەسۆ)

هەروەها لەلای گوندی نزارەش پاشماوەی زۆر هەیە کە هەر هەموی هی یۆنانیەکانە.

## شاری پێنجوینی ڕەنگین

ساڵی (١٩٣٠) خەڵکی شاری پێنجوین خۆیان ئەیانگێڕایەوە ئەیان ووت کاتی زوو شاری پێنجوین زۆر لە ئێستا گەورەتر بووەو خەڵکی زۆرتری تێدا ژیاوە. بەڵام دیارە لەجەنگی گەورەی جیهانیی یەکەمدا واتە شەڕی تێك ئالایی هەموان ڕووسەکان ئەم شارەیان سوتاندو کاولیان کرد لەگەڵ ئەرز تەختیان کردوو ئەوەی بۆیان کرا تالانیان کردوو ڕۆیشتن.

شاری پێنجوین : (شاری دێرینی پینجوین) دەیان جار کاول کراوەو ڕوخێنراوەو وێران کراوە. جا ئیتر ئەوەی بەهۆی کارەساتی سروشتیەوە بووبیّ یاخود بەدەستی دووژمنەکانی کوردو کوردستان، بەلیّ بەلام بەداخەوە تا ئێستاش هەر بەتەواوی ئاوەدان نەکراوەتەوە. هەرچەندە هەندیّ زۆر هەولیان داوەو خۆیان ماندوو کردووە هەندیّ کاری تێدا کردوە بەلام وەك پێویست نا ...

شاری پێنجوین یەکێکە یاخود بەشێکە لەکوێستانەکانی کوردستانی خوارو. پارچە خاکێکی بەپیت دێنی لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی کەلەم ناوچەیەدا سەری هەلداوە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەندێکی کۆچەرىو هەندێکی لەم شوێنەدا نیشتەجیّ بوون خەریکی کشتوکالو مەڕوو مالات بەخێو کردن بوون وە هەر لەم ڕووەوە زۆر لەمێژە لەگەلّ چەندین تیرەو هۆزی دراوسیّ ئێرانیەکانیان تێکەلاو بوون ژنو ژن خوازىو کەل وپەل گۆڕینەوەو ئیتر هەر لەبەروبومی جوتیارەوە تا شت گۆڕینەوەو بەیەك فرۆشتن بەپارە بوو. خەلکی پێنجوین و ناوچەی پێنجوین هەر لەکۆنەوە مەڕو مالاتێکی یەك جار زۆریان هەبووە ئەو مەلبەندی دارو درەختی بیّ شومارو بەروبومێکی یەك جار زۆری هەیە لەدەوروبەری شاری پێنجوین داری بەڕوو مازوو قەزوان هەیە داری بەڕو مازوودار بەزۆری خەلکی ئەو ناوچەیە لەبەروبومی ئەو دارانە هەر لەمازوەوە

بگرە تا بەرەکانی تری وەك.: مازوو، بەڕو، گزگل یا گزنگ، کەلەنج، سیچکە، جەوت، خرنووك کۆنەکەنەوە و ئەیبەنە شارەکانی دەوروبەری بەنرخێکی باش ئەیفرۆشن. جا ئەوە زوو دیارە کاسبیەکی زۆر گرنگ بووە کاتی خۆی هەر لەسەرەتای مازوو چێننەوە تا نەقلّ کردنی بۆ شارە گەورەکان زۆربەی دەوڵەمەندەکانی شاری پێنجوینی ڕەنگین بەو کارو کاسبیە ئەژیان. ئیتر خۆ ئەوە لەناوچەکە دیارە داری قەزوانی لێیە (دارەبەن) کە بنێشتی لێ ئەگیرێ ئەویش یەکێك بوو لەبەروبومی ئەو درارانە. دانیشتوانی شاری پێنجوین‌و دەوروبەری زۆربەی زۆریان باخ و باخات و ڕەزوو بێستانیان هەبووە، خاوەنی مەڕوو مالات بوون یاخود بەبازرگانیەوە خەریك بوون. هەندێ لەخەلکەکەش کاروان چی‌و ولاخ دار بوون کە پێیان ئەوتن ((قەتارچی)) ئالو گۆڕو کڕین و فرۆشیان زۆر لەگەلّ بازرگانە ئێرانیەکان هەبووە هەروەها لەگەلّ ... شارەکانی خوارو و ناوەڕاستی عێراق لەکۆندا هەندێك لەخەلکی ئەم شارە بەمازوو چنینی‌و گەزۆ کردن‌و کەتیرە بڕینەوە خەریك بوون. وە بەوە دەژیان و گوزەرانیان ئەکرد زۆر بەچاکی.

کەتیرە (گەون) :-

بنجە گیایەکی نزم لەسەر زەوی پەخش ئەبێتەوە لەهەندێ شوێندا کەمێك بەرزە پێی ئەلێن (گەون) یاخود بنەگەون. کاتی

خۆی لەدەورووبەری شاخەکانی پێنجوین لـەم بنـە کەونـە زۆر بـووە دیارە ئەوە ئەو خەڵکەی ئەوەیان کردبـوو بـە پیشـە بەچەقۆیـەکی تیژ بنکەکەیان بریندار ئەکردو کەمێکیان لیٚ ئەبڕی بـۆ ڕۆژی دوایـی لەو شوێنە دەمەچەقۆیانەوە (کەتیرەی) دەرئەدا ئەویش مادەیەکی سپی لینجە کەوشك ئەبوەوە خاوەنەکەی لێی ئەکردەوە. ئـەیبردە بـازاڕ بـۆ فرۆشـتنی، ئـەم بەرهەمـە یـەکێك بـووە لەبەرهەمـەکانی کوردستان کە ئەفرۆشرا بەدەرەوەی وولآت مانگاو مەڕو مالآت :-

لەگەشت نامەکەی شاکر فتاحدا ئەڵێ :-

مانگاکـانی شـاری پێنجویـن ڕەنگێکـی زۆر تایبـەتی وسـەیریان هەبوو:- ناوەڕاستی پشتیان سپی یاخود پەڵەی سـپیی تێدا بـوو لەناوچەوانیشـیاندا سـێ سـووچێکی سـپیی جـوان هـەبوو. هـەر ئەتگوت ئەو مانگایانەن کە لەکاتی فرعەونـەکاندا (مصر)ییـەکانی کۆن ئەیانپەرستن ...

بەڵێ خەڵکی پینجوین بێ لەگاو مانگاو وولآخی تـر بـزنو مـەڕو مالآتێکی یەك جار زۆرو بەبەرەکەتیان هـەبووە کـەم مـاڵ خـاوەنی بەتایبەتی بزن یا مانگا نەبوو بێ لەوە مانگاو بزنو مەڕەکانیشـیان هەر هەمووی قەڵەو و بەدەماخ بوون.

## ناوی هەندێ لەشوانەکانی (( پێنجوین ))

هەر لەگاوانەوە تا شوانی بزو مەڕ شوانی بەرخ‌و کارژۆڵە لەکۆندا

١- فتح الله شوان

٢- صالح شوان

٣- خدر مام ڕەشید : بحری

٤- مام ئەولێ

٥- خوله کوردە

٦- باوە جان

٧- سعید مام اورحمان

٨- حمه کریم ((پەخمە))

حمه کریم (( پەخمە)) کابرایەکی هەژاری شوان بوو خەڵکی پێنجوین نەبووە بەڵام هەر لەزووەوە هاتبووە پێنجوین لەوێ گیرسابووەوە. شوانی بۆ چەند بنەماڵەیەك کردبوو... لەوانە حمە صالح برای حمەی میرزا قادر حمە صالح سریل، حەمەی میرزا قادر، مەلا محمود و محمودی شەشڕو بیست، وەستا عزیز. لەشارۆچکەی پێنجوین‌و لەو کاتەدا ئەگەر یەکێ شەو تای بگرتایەو تای لێ بهاتایە. ئەو جۆرە تایە بەشەوانە زۆر بووە (شەوتایان پێ

ئەوت) خاوەن و کەسوکاری نەخۆشەکە ئەچوونە لای حمە کریم ((پەخمە))و ناوی نەخۆشەکەیان پیّ ئەوت و هەندیّ نانیان لەگەلّ خۆیان ئەبرد ئەویش ئەچوو بۆ گەڕەکی بەرزان و لەسەرشاخەکە هەرچی سەگەل لەو ناوەدا هەبوو کۆی ئەکردنەوە نانی ئەدانیّ جا ئەوە ئەبوایە تەنها شەوانی دووشەممە ئەو کارەی ئەکرد. خۆی ئەچووە بەرزاییەك و ڕووی ئەکردە ئاسمانی پڕ ئەستێرە بەڕوی ئەستێرەکان ئیتر ئەوە ئەو ئەستێرەیە خۆی ئەبیّ خۆی ئەبیّ کەس نەی ئەزانی کام ئەستێرەیە وە دەنگی هەڵئەبڕی ئەمبەرو ئەوبەری پێنجوێن دەنگی ئەدایەوە ئەیووت:- ئەستێرە گەورەی شاهی ئەستێران دادمە لەدەست وەستای هەولێران بەشەو ئەیگری بەڕۆژ بەریە بەڕۆژ ئەیگری بەشەو بەریە ئەوسا (حەل حەلی ئەکرد لەسەگەکانو ئەیدان بەشەڕ ئیتر ئەبوو بە سەگ وەڕو هەرایەك هەر مەپرسە خەڵکی ئەوسا وابڕوایان بوو کە گوایە ئەگەر (٢) دووشەممە لەسەر یەك ( حمە کریم )ی شوان (پەخمە) ئەم کارە بکات ئەوا نەخۆشەکە چاك ئەبۆوە. جا ئەم بیرو ڕاو ئەم کارە لەزۆر کۆندا لەناو کوردەکاندا لەکوردستانی ژوورو وەلە زۆر شوێنی تری کوردستان کراوەو باوبووەو هەر هەمان بڕوایان هەبووە. لەکوردستانی ژوورو لەکۆندا ئەگەر کەسێك نەخۆش بکەوتایە یاخود تای ببوایە بەتایبەتی شەوتا ئەوە ئیتر پیاوێکی پیر لەوانەی لەو کارەیان ئەزانی یاخود پیرەژنێکی کردەو لێزان ئەچووەسەر

نەخۆشەکەو بەنانو خوێ دوعای بۆ ئەکردو چەند وێردێکی بەدەنگی نزم ئەخوێندو ئەوسا ئەچووە سەر شوێنێکی بەرزو نانە وردەی ئەدا بەسەگ گەلەکەو ئەویش وایان بڕوا بوو کەئیتر نەخۆشەکە چاك ئەبێتەوەو نەخۆشیەکەی ئەچوو بۆ سەگەکان.

## خانوەکانی شاری پێنجوین

شاری پێنجوینی لوبنان شکێن زۆربەی زۆری خانووەکانی دوو نهۆم بوون ((باڵەخانە)) هەندێ گەڕەکی وەك بەرزان و گۆیژەو لای مزگەوتی حاجی رسولْ خانوەکانی لەدوورەوە وەك قاڵدرمە ((پێ پلکانە)) وابوون چوو بوون بەئاسماندا زۆر ڕێك وپێك دروست کرابوون. زۆربەی باڵەخانە کۆنەکان بەخشتی سور دروست کرابوون لەشێوەی کۆن. لەساڵانی (٣٠) سیەکاندا نزیکەی دووسەدو پەنجا دووکان (١) حەمام کەتازە دروست کرابوونەوە نزیکەی (٣٠٠) خانووی دوو نهۆمی تێدا بووە چونکە کاتی خۆی ڕووسەکان دووکانو بازاڕەکەو حەمامەکەشیان ڕوخاندبوو هەر لەو ساڵانەدا چوار چاخانەی ڕێك وپێك و گەورەو کورسی و قەنەفەی جوان لەدار گوێز بەنەخش و نیگار ڕازاوە.. چاخانەکان بەلۆکسی شەوانە ڕۆشن دەکرانەوە. ئەوسا گرامافۆنیان هەبووە کە بەمندلو دەرزی تایبەت ئیشی ئەکرد. ئەو جۆرە گرامافۆنانە ئەبوایە بۆ

لیدانی هەر قەوانێك قورمیشی تازەت بکردایەتەوە وە بۆ هەر قەوانێك دەرزیەکەی بگۆڕیایە ((مکەبەرەیەکی دەنگی لەسەر بو یان دەم فراوان لەچەشنی گوڵی لاولاو دروست کرابوو زۆر لەجیهازەکە گەورەتربوو. چاخانەکانی شاری پێنجوین قەنەفەو مێزو کورسیو تەپڵەکی زۆر جوان و پڕ لەنەخشو نیگاری تێدا بوو تا ئەم دواییانە لەچاخانەی حاج احمدی چایچی پاشماوەی هەرمابوو ئەڵێن ئەو چوار چاخانەیەی کەلە ساڵەکانی (۳۰)دا لەشاری پێنجویندا هەبوون هەر چوار خاوەنەکانیان خەڵکی سلیمانی بوون ئەوسا کەس ڕادیوی نەبوو تەنها (۱) دانە لەدائرەی برید و دواجار چاخانەکانیش دایان نا ... (( نوری ئەفەندی عزیز)) تەنها بەڵێندەر ((مقاول)) بوو کەلە پێنجوین دائەنیشت ئەویش خەڵکی سلێمانی بوو. هەندێ خەڵکی غەریب و بێگانە لەم شارەدا ئەژیان یا بۆ کارو کاسبی ڕویان تێ کردبوو یاخود فەرمان بەر بوون ماونەتەوە. ڕێژیان زۆر لێ ئەگیرا لەلایەن خەڵکی پێنجوینەوە. زۆربەی یاخود هەندێ فەرمان بەرو پۆلیسو مامور مامۆستا ئەگەر بۆ ماوەیکی زۆر بمانایاتەوە و یاخود لەوێ خانەنشین بکرایە ئەوە ئیتر لەوێ ئەمانەوە خانویان ئەکرد ئەبوون بەخەڵکی شارەکە وە بەهۆی ژنو ژن خوازیەوە لەگەڵ بنەماڵەو تیرەکانی پێنجویندا بۆ نموونە:-

ناوی هەندێ لەو خەڵکانەی لەوێ جێ گیربوون و لە دوواجاردا بوون بەپێنجوینی بەهۆی ژنو ژن خوازیو کچ بەشوودانەوە.

١- توفيق امين اغا (خەڵكی سلێمانی ، پۆلیس بووە لە ناوچەكە)

٢- شوكر چاوەش ( شكر خواجـە، خـەڵكی شـكاك بـووە، پۆلیـس بووە لەناوچەكە)

٣- صالح عزیز ( پۆلیس بووە )

٤- حامید زازا ( خەڵكی ناوچەی بادینان بووە، پۆلیس بوو )

٥- مصطفی گوڵەی (توركمان بووە خەڵكی كركوك، پۆلیـس بـووە لەناوچەكە)

٦- مصطفی زازا (خەڵكی ناوچەی بادینان بووە، پۆلیس بووە)

٧- مامۆستا ڕەجەب (مامۆستا بووە، خەڵكی عەقرە بووە)

٨- شێخ محسن ( خەڵكی دول پەمو، پۆلیس بووە )

٩- حمەی فەیزە ( پۆلیس بووە )

١٠- عزیز ژاژڵەیی (پۆلیس بووە )

١١- شێخ حامد (پۆلیس بووە )

نۆری كـە وەك هـەورامی و هەجیجیـەكان كـە گـەڕەكی‌كیان دروست كرد لە پێنجوین بەناوی گەڕەكی هەورامیەكانەوە.

نـاوی هـەندێ لەوانـەی كـەبوو بـوون بـە پێنجوینـی هەرمانـەوە لەوێ:-

١- ڕەشید بحری : خەڵكی كوردستانی ئێران ، بۆكانی بوو

٢- علی تورکە: تورك ، خەڵکی ناوچەی ئازربیجان، ئێرانی بوو

٣- ڕەشید گەڵەکانی : خەڵکی بۆکان بوو، ژنوماڵی نەبوو

٤- خولە ئێرانی : خەڵکی ئێران بوو

٥- الله وێردی : کەرکوکی بوو

٦- حسن هەولێری : خەڵکی هەولێر بوو

٧- سعید قەلایی : خەڵکی ناوچەی مەریوان ، ئێران

٨- خولە گا: ( ئامحمود ) ئێرانی بوو

٩- عەبە ئاشی : ئازەری تورکو ئێرانی بوو

١٠- حمە کەسپەر : قەسپەر ئێرانی بوو

١١- هەورامیەکان

١٢- کریم هەورامی : خەیات بەرگ دورو بوو

١٣- وەستا نصرالله

١٤- مام اول صمد: عبد الصمد

١٥- دەروێش ابو بکر

هەروەها لەو شارەدا شاری پێنجوین (١) یەك قەیسەری کە ئەویش ڕووسەکان ڕوخاندبوویان لەجەنگی جیهانی یەکەمدا تازە لە لایەن (احمد بەگی وەسمان پاشای جافـە) لەساڵەکانی(٣٠)دا دروست کرایەوە لەگەڵ بازاڕو حەمامەکەدا. پێنجوین سەرایەکی زۆر گەورەو ڕێك وپێکی تێدا دروست کرابوو بەخشتی سوور ئەڵێن کاتی خۆی نزیکەی (١٥٠,٠٠٠) سەدوو پەنجا ڕووپیەی تێ چووە تـا

کاتی تەواو بوونی و پێیان ئەوت ((قشلە)) ئەو سەرایە لەسەر شێوەی سەراو قشلەکانی ئینگلیز دروست کرابوو. خشتە سورەکەی هەر لە گلی پێنجوین و لە کورەخانەکانی پێنجوین کرابوون. قسل و گلی تێدا بەکارهێنرا بوو کە ئەو قسلەش هەر لە کورەخانەکانی پێنجوین دروست کرابوو. ئەم سەرا گەورەیە سێ حەوشی هەبوو بەهەر چوار دەوری حەوشەکەدا هەیوان و سالۆنێکی زۆر جوان و رێك وپێك دروست کرابوو بەتاق لەشێوەی قەیسەریە کۆنەکان رازابوەوە. لە یەکێك لە کانیەکانی ناو شاری پێنجوینەوە ئاوی بۆ راکێشرابوو بێ لەوە (١) بیری ئاوی تێدا بوو پەنجەرەکانی لەدیوی دەرەوە زۆر بەرز بوون... دەرگایەکی یەك جار گەورەی هەبوو. بەدار دروست کرابوو ئەم بەرو ئەو بەری لەدیوی ناوەوە ژوور بوون یەکێکیان بەندی خانەو ئەوی تریان شوێنی یاساول ئێشك گرو چێشت خانە بوو... شوێنی ئەسپ لەحەوشی دوەهەم (( اسطبل))ی گەورە هەبوو. لەم سەرایەدا زۆربەی دائرەکانی میری دەوامیان ئەکردو کاریان ئەکرد بێ لە پۆلیس و ئاسایش ... کە بەرەسمی شوێنی خۆیان سەراکە بوو. لەسەربانەکەی چوار (قولەی) گەورەی تری هەبوو دیوارەکانی زۆر ئەستور بوون هیچ چەکێك هەتا بلێین هیچ جۆرە گولەیەك (فیشەك) کاری لێ نەئەکرد.

دانیشتوانی ئەم شارە لە (٣٠) سی‌یەکاندا لە (١٢٠٠) تا (١٣٠٠) هەزارو دووصەد تا هەزارو سێ صەد کەسی تێ ئەپەڕی. خەڵکی پینجوین زۆر کورد پەروەر بوون. لەشاری پێنجویندا تا ساڵی (١٩٣٠) قوتابخانە نەبووە بەڵکو منداڵان لە مزگەوت لای مەلا ئەیان خوێند ئەوکاتە (مەلا محمد امین) ناوێك (٢٢) شاگرد یا قوتابی هەبوو کە ئەیان خوێند لەلای ((ملا محمد امین)) پیاوێکی لاوازو باریکە لە بو پیاوێکی ژیرو زیرەك بوو دیارە لەدوای ساڵەکانی (٣٠) سییو لەسەرەتای چلەکاندا ئیتر قوتابخانە کراوەتەوە یاخود ساڵی ١٩٣٠ بەدواوە لەوانەیە ٩٣١ یا ٩٣٢ ... ساڵی ١٩٤٥ قوتابخانەی کچان لە پێنجوین کراوەتەوە ((مفتی)) شاعیرو هوندرمەند ئەم هۆنراوەیەی بەم بۆنەیەوە وتوە :-

سوپاس خوا ئەکەین و شوکری عیزەت
کچی پێنجوین بەمەکتەب گەیبە عیزەت
هەناری کچم ولیمو وا بەزستان
ئەوا بەم مژدەیە گیان هاتە بەریان
بەڕاستی ڕۆحی خستە شاری پێنجوین
کچانمان بانگ ئەکەن وا ئێستە زیندووین

هەر لەساڵی١٩٤٥ دا لەو کاتەدا هۆڵی گەورە نە لە قوتابخانەکانداو نەلە هیچ شوێنێکی کەی شارەکەدا نەبووە هەتا کۆبونەوەو کۆڕی لێ بگیرێ زۆر جار وەرزی سەرماکان بوایەو

هەواسارد بوایە پەنایان ئەبردە بەر چاخانەکانی و لەوێ کۆبونەوە ئەکرا جا لەو ساڵەدا بوو کۆبوونەوەیەك کرا بۆ پیتاك بۆ قوتابخانەی کوڕان.

مفتی ئەم هۆنراوەی بۆ داناوە

**مەکتەبی پێنجوین**

مەکتەبی پێنجوین ئەمساڵ بەشەوقە
منداڵمان لەگەڵ خوێندن بە زەوقە

## ناوی قوتابخانەکانی شاری پێنجوین

قوتابخانەی سەرەتایی پێنجوینی کوڕان لە پەنجاکاندا مامۆستا حەسەن ڕەشید یارە بەڕێوەبەری بووە دیارە پێشی تر بەڕێوەبەری تری هەبووە قوتابخانەی سەرەتایی کچان لە پەنجاکاندا، مامۆستا معصومە احمد طە بەڕێوەبەری قوتابخانەی بلکیان، سەرەتایی کوڕان، مامۆستا شێخ ابوبکر بەڕێوەبەری بووە ئیتر لەساڵەکانی (٧٠) بەدوواوە هەندێ قوتابخانە زیادی کردووە چونکە شارەکە گەورەترو دانیشتوانی زیادی کردووە وەك :-

١- قوتابخانەی ، ناوشاخان

٢- قوتابخانەی، مفتی

٣- قوتابخانەی، ناوەندی و دواناوەندی تێکەڵاو

لەکۆندا دیارە لەدوای ساڵی (١٩٣٠) بەدواوە قوتابخانەی پێنجوینی سەرەتایی کوڕان لەبەینی مزگەوتی جامعەو حەمامی کۆن دا بووە ساڵی بوومەلەرزەکە واتە ١٩٤٦- ١٩٤٧ ئەو قوتابخانەیە ڕوخاو هەتا سەرەتای شەستەکانیش شوێنەواری مابوو . دوای ڕوخاندنی ئەو قوتابخانەیە گوێزرایەوە بۆ ئوتێلەکەی حاجی ڕەسوڵ لەناو بازاڕدا بوو لەگەڕەکی بەری کەنار دواتر گوێزرایەوە بۆ خانووەکەی عیزەتی تەل لە تەنیشت ئەلیاسە فرەو لەساڵی ١٩٥٣ دا بوو قوتابخانەی تازە بەرامبەر سەرای پێنجوین تەنیشت نادی فەرامان بەران کە ئەو کاتە ئەو یانەیە ((ڕێست هاوس)) بوو واتە ((میوان خانەی میری)). ئەو قوتابخانەیە شەش پۆل بوو حەوشی گەورەی هەبوو لەگەڵ هۆڵێکی گەورە ژوری بەڕێوەبەرو مامۆستا لەشێوەی تازە بەبەردی نەقاری کرابوو. کچانیش لە قوتابخانەی تایبەتی خۆیان ئەیان خوێند. لەخانوەکەی حاجی ڕەشید ، تەنیشت خانی جافر حەمل .

# تیپی وەرزشی پێنجوێن

## ساڵی ١٩٣٦



دانیشتووەکان : لای ڕاست ١- کمال کوڕی مدیری ناحیە ٢- محمد امین یارە

ڕیزی یەکەم لای ڕاست ١- فرایم اسحاق ٢- حەمەی ڕەشید ٣- حەمـە صـالح میرزا حەمە سعید ٤- نوری حیدر ٥- جلال علـی حـەمامچی ٦- فـرج حسـینە ڕەش ٧- ڕەفیق مەلا تۆفیق

## کەشافەی قوتابخانەی پێنجوێن

## ساڵی ١٩٣٦



ڕیزی یەکەم لای ڕاست ١- حەمە صالح حاجی عبداللە ٢- احمدی دادی ٣- سعداللە ٤- تایەر میرزا احمد ٥- تۆفیق مامە قادر ٦- خالد دەروێش تۆفیق٧- علی گەوهەر ٨- دانیال ٩- کریم مەلا تۆفیق ١٠- مصطفی ١١- حسن ڕەشید ڕۆن ١٢- جلال علی حەمامچی ١٣- عوسمان دەروێش تۆفیق ١٤- عزت محی الدین بەیتاڵ ١٥- ڕەفیق تۆفیق ١٦- جلال علی گۆمەیی ١٧- علی حاجی امین ١٨- فتاح رۆستم بەگ ١٩- احمد شاە ٢٠- حەمەی ڕەشید ٢١- فرایم اسحاق ٢٢- فەرەج حاجی حسێن ٢٣- اسماعیل حاجی احمد ٢٤- نوری حیدر ٢٥- فەرەجی حاجی عبداللە ٢٦- حەمۆلە میرزا قادر.

## ناوی هەندێك لە شاعیرو ئەدیبەكان

١- مەلای گەورە مەلا ئەوڕەحمانی پێنجوینی. زانــاو پیـاوی دینــی بەناوبانگ.

٢- مفتی: مەلا عبدالله توتنچی شاعیر

٣- مـەلا احمـد قـازی (زەوقـی) پیـاوێكی دینــیو شـاعیرو زۆربـەی شعیرەكانی (تەصەوف) بوون .

٤- مامۆستا (قانع ) زۆر لەشاری پێنجوین ژیاوە.

٥- كاكە حمەی (بێلو) ((ناری)) لەدێی بادەڵان سەر بە پێنجویــن لەدایك بووە لەوێ ژیاوە.

٦- باخەوان : حمەی درویش حمە صالح : موچركە

ئێستاش زۆر هونەرمەندو شاعیری نوێ هەڵكەوتوون كە خەڵكی ئەو شارەن یا ناوچەكەن

## گۆرانی بێژو دەنگ خۆشەكان

١- خولە نەسە : محمودی مام نصرالله

٢- خولە عەرەب: محمود حمە خەلوزەی

٣- عەبە ڕەزا: دەنگ خۆش

٤- حسین داره:

٥- حسین ئەسمی

٦- عەزیزی وەستا کریم

٧- عەزە باوەڵی

٨- محمد وەستا کریم

٩- انور جلال

١٠- حمەی مەڵك

١١- صالح تاریك

١٢- نوقڵی : ژن بوو

## هونەرمەندە دەست ڕەنگینەکان :- گۆزەکەرەکانی شاری پێنجوین

١- شیرینی شریف خۆڕایی

٢- ڕەعنای علی ئەحە ڕەش / نەعە

ئەمانە گۆزەیان لە قوڕی سور دروست ئەکرد و لەناو (کڵی) ئاگری تەپاڵەدا سوریان ئەکردەوە بەدەیان جۆر گۆزەی گەورەو کوپەو سوالەتو کەنوو گۆزەی بچوکو سوینەو دیزەو دەرخۆنەو

کیتەڵەی ماستو شتی تریان دروست ئەکرد هەر جارەی کە دەستیان ئەدایە دروست کردنیان ... ماڵ نەبوو لەشاری پێنجوین گۆزەی سوری تێدا نەبووبێ. ئاوی گۆزەی سور زۆر ساردو خۆش بوو.

هەندێ فۆلکلۆری ناوچەکە لەسەر گۆزەی سورو چوون بۆ سەرکانی بۆ ئاو.

ئاوی گۆزەی سور سەر ئەتەزێنێ
ماچی گەورە کچ کوڕ ئەفەوتێنێ
ئارەزووم کریا چوم بۆ ڕێی کانی
دیم باڵا بەرزێ ئاوی ئەهانی

**********

خوایە چەند خۆشە ماچی بەیانی
سەر کوڵمی تەڕە دێتۆ لەکانی
گۆزەی هەڵگرت بۆ کانی کورە
ئەو کچە خۆی گوڵە خۆیشی بلورە
خۆزگەم بەگۆزە ئەچێ بۆکانی
جارجار ئەکەوێ لەشلکەی ڕانی
ئاوەکەی ئەتکێ لەبان مەمانی

*********

ئێوارە وەختە ئەچوو بۆکانی

پێم ووت بۆ ماچێ ووتی بەیانی

ئامین تۆ خونچەی یاگوڵە هێرۆ

ئەچی بۆ کانی لەو سەر زوو بێرۆ

خۆم بم بە قوربان ئەو کانی و ئاوە

کەتۆ لێی ئەشۆی ئەو دەم وچاوە

ئاوم بۆ بێنە لەهەزار کانیان

بەسەر گەردت بم سەوڵی خەرامان

ئەگەر ئەتەوێ من بلاوێنی

گۆزە هەڵ ئەگری لەدوور ئاودێنی

وەك لە پێشـەوە باسمـان کـرد شـاعیرو هونەرمـەند وە دەسـت ڕەنگین لەشاری پێنجوین زۆر هەلکەوتون. نەنـە خورەشید یـاخود پورکـە خورەشید یەکێکە لـەو ئافرەتـە زیـرەك و هونەرمەندانـەی باسی ئەکەین. پورکە خۆشی ناوی : خورەشید مـیرزا حمـە ئـەمین سۆفی ڕەسول لە پێنجوین لەدایك بووە لە هۆز و تیرەی ((مخەیە)) چـوار کـوڕ و کچێکـی هـەبووە ئـافرەتێکی بـیرتیژ و چـیرۆك زان و هۆنـراوەی زۆری هەیـە بـەدەیان سـەر گـوزەشتەی کۆنـی لـەلابوو شـەوانی زسـتان بـۆ میوانـەکانیو منداڵانـی گـەڕەك و خۆیـانی ئەگێڕایەوە...

پورکە خورەشیدی حمەی عزیز ئەگێڕێتەوە ئەڵێ :–

کۆمەڵی کچ بووین لە پێنجوین ڕۆژێـک بـە کۆمـەڵ ئـەچووین بۆ مازوو کردن لـەڕێ ئافرەتێکمـان پـێ گەیشـت نـاوی (خورشـە)بـوو تازەبووك بـوو لـەدوای بـەرەو بـاوانی دەیانگەڕانـەوە بـۆ ماڵەکـەی خۆی بزنێکی پێ بوو دوای چاکو چۆنی لەخورشەم پرسی بەپەنجە ئیشارەتم کرد بۆ بزنەکە ووتم ئەم بزنە چی‌یە؟ بۆ کوێ‌ی ئەبەی؟

ووتی : ماڵی باوکم داویانە پێم:-

ووتم : جیازیە ؟

ووتی : بەڵێ

منیش هەر لەوێدا ئەم هۆنراوەیەم بەبزنەکەیدا ووت :-

بزنە لاغیرەی ............

بزنە لەڕەی قەیار نیوگەزی

کۆنە شەلکەدار شاخ ڕزیوی پیر

لە بزن گەل بێزار کەم تووکی بێ شیر

گوان چکی کلك لار

لەبەهار گووم بووی دۆزیاوەی هاوین

لەتینودا کوێر بووی لەبرسا بێ تین

مەزنەم عانێ عێڵی غەوارە

لەوەڕ ناڕوێ و قاتەی بەهارە

کاتێ ئاژەڵیان لەبەرۆ ئەڕوا

لەوەڕ ناڕوێ چرۆی دار ئەخوا

لەبەر مێش و مار لەدەون خزاو

قاڕیە ئەکاو گوێچکە ئەبڕاو

براکەت دۆزێوە هاوردی‌یە ماڵێ

شەل و کەڕو لەڕ کەوتی لە پاڵێ

کەللەی هاتە جۆش ئەوەندەی لێ خوڕی

کۆلکی لە ئەعزای سەران سەربڕی

دەسی ئەدایە و لەکلکی ئەنەوی

دەسی بەر ئەدا ئەکەوتە زەوی

ئەکەوتە زەوی ئەچوو بەڕوا

( فەورەن ) چون سۆفی چوو بەسجدەدا

زیندویان کردێ بەخوێ و دۆترشە

ئەوەیان کردۆتە پێتەکی خورشە

۞ ۞ ۞

# پورکە خورشیدەی شاعیر



هێڵی کارەبا: وزەی کارەباکەی گەیشتە پێنجوین، سـاڵی ١٩٥٠ دەسـت کـرا بەدامـەزراندنی مەکینـەی کارەبا بـۆ ئـەوەی مـاڵان‌و شارەکە ڕۆشــن بکرێتـەوە چونکـە زۆربـەی خـەڵك لۆکسو چرایـان هەبوو دیارە ئەو کاتە شارەکەش گەورە بوو بوو ئەوکاتە پێنجویـن ناحیـە بـوو (( جـەلال خـالد بـەگ )) ئـەو کاتـە (( متصـرف لیــوای سلێمانی بوو بایز ئاغـا بـایزی عـەزیز دزەیـی (( بـایزە شـەل مدیـر ناحیەی پێنجوین بوو دیارە ئەو کاتە شارەکەش گەورە بوو بوو لە دیوانـی مفتـی لــە لاپــەڕە (١٠٨) لــەژێر شـیعرەکەی ((پێنجویـن مژدەبێ)) نوسراوە کە ئەو کاتە بایز ئاغا قائمقامی هەڵەبجە بووە.

ئەو کاتە وەصی و مەلیك حوکمڕانی عێراق بوون.

ئـەو کەسانەی کاریـان لـە کارەباکـەدا ئـەکرد و وەسـتا بــوون ئەمانە بوون :-

١- وەستا محی الدین

٢- وەستا ابراهیم : تورکمان بۆ خەڵکی کفری

٣- زاهیری کارەبا : خەڵکی ڕانیە بوو

٤- صۆفی صاحب : عەرەب بوو خەڵکی بغداد

زۆری تر وەك : سابیرە شێت و کاك جلال و خەڵکی تر

یەکێك لەوانەی مەکینەی دیزڵی داناو کـاری پـێ کـرد پیـاوێکی ڕیش درێژ ناوی ((صـاحب)) بوو ئـەڵێن (عـەرەب) بـووە ماوەیـەکی زۆر ڕیشی نەتاشی ئەڵێن تا ئەو کاتەی کارەباکەی پێنجویـن تـەواو

بوو وەك خەڵكی ئەیان ووت ((قەووە)) واتە ((قوەی كارەبا))
هێزی كارەبا وا ئەزانم هەر لەبەر ئەوەش كە ڕیشی هەبووە ناویان
نابوو ((صۆفی صاحب)) كاتێ كە كارەبا داگیرساو وزە درا بەشار
ئەیان ووت قەوەی سۆفی صاحب مفتی پێنجوین : شاعیری
بەناوبانگ ئەو كاتە بەبۆنەی ڕاكێشانی كارەباكەوە بەدەنگی خۆی
لەئاهەنگی كردنەوەی كارەباكەدا ئەوكاتە كەلەبەردەم بینای
كارەباكە كراوە شیعرێكی خوێندووە

پێنجوینی مژدەبێ ١٩٥١

پێنجوین مژدەبێ تۆ بەختیاری
تا ئێستا دێ بووی ئەمجارە شاری
تۆ یەك لاشە بووی بێ ڕۆح و بێ گیان
ناوێكی گەورەو شارێكی وێران
لەسایەی بەرگی نەخشینی و ڕەنگین
جوانە ئەمجارە پێت ئەڵێن پێنجوین
جوان تر لە پاریس خۆشتر لە لوبنان
ڕازاوە بیتەوە بۆ جێگەی سەیران
لام وایە ناحەز بت بینێ بمرێ

# پیاوە ناودار و خاوەن دیوەخانەکان

١- مەلا محمدی خوارزا (قازی)

٢- مامە عبداللەی کاکە سوور

٣- حاجی حەمە صالح

٤- حەمە ڕەشید خان

٥- انور بەگ حەمە رەڕشید خان

٦- علی بەگ میراوا

٧- حەمە امین خان شێوە گویزان

٨- حەمە امین بەگی گۆڵێ ( باوکی محمود بگی گۆڵێ )

٩- شێخ حەمە سعید نزارە

١٠- حەمە امین ئاغای قزڵجە

١١- احمد مینە ڕەنگان

١٢- حەمە صدیق خانی میشیاو

١٣- حاجی صفری غلاّم

١٤- حاجی نصر الله علی

١٥- حاجی سعید سورە

١٦- مامە گەورە

١٧- امین یارە

١٨- محمود فقێ ڕەحیم
١٩- حاجی مصطفی پێنجوینی
٢٠- حاجی حەمە مراد
٢١- حاجی سالار
٢٢- حاجی حسین غلام

مامۆستا قانع لەیەکەم ڕۆژی تەواو بوونی کارەباکەدا هۆنراوەیەکی جوانی خوێندۆتەوە کاك بکری حاج سەفەر گێڕایەوە وتی یەکەم شەو کە تاریکی داهات هەموو خەڵکی شاری پێنجوین گەورەو بچوك ژن و پیاو لەسەریان و بەرهەیوانەکان و کۆڵان و جادەکاندا بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی یەکەم هەڵکردنی کارەباکەیان ئەکرد ئیتر هەر کە کارەباکە هەڵکراو شار ڕۆشن بووەوە لە هەموو لایەکەوە دەست کرا بە هاوار و هەرا و چەپڵە ڕێزان و خۆشی ئەیان وت قەوەکەی سۆفی ساحیب.

## ناوی تیرەو تایەفەکانی شاری پێنجوین : هۆزەکان

خەڵکی شاری پێنجوین لەکۆندا زۆربەی زۆری خزم و کەسوکاری یەك بوون زۆر کەم بێگانەی تێدا بوو هەر ووتویانە

پێنجوین بەرەی پێنج بـرا بـوون بـەرەی پێنـج جـوو واتـە جولەکە بوون.

١- هۆزە بارام : یاخود تیرە بارام خۆیان وانەنی تایەفـەی (بـارام) هۆزێکی سەرەکیو گەورەی شاری پێنجویـن بـوون ئـەلێن خزمیـان لەشارەزوور و گـەرمیان و ئـێران هەیـە ئـەوانیش بــەناوی تــیرەی بارمیەوە بەناوبانگن. هەندێ کەس ئەلێن ئەم تیرەیـە ئەگەڕێنـەوە سەر تیرەی (بەرازی) کە تیرەیـەکی گەورەیـە لـەلای (کرماشـان)ی ئێران.

٢- قوبادی: هۆزی قوباد یاخود تیرەی قوباد ئەمانیش یەکێکە لـە تیرە گەورەکانی پێنجویـن . خـزم و کەسوکاری زۆریـان لـە ئـێران هەیە.

٣- هۆزی حسین (خێڵی حسین): ئەوانیش خزمیان لە زۆر شـوێنی کوردستان هەیە. لە گەرمیان لەبانی خێڵان.

٤- هۆزی فتاح: فتاح بەناوبانگ بوون بە هۆزی فەتاحە نیسکە .

٥- هـۆزی ((مخـە)) ئـەم تیرەیـەش زۆرن زۆربـەیان لـــە گـەڕەکی بەرکێوی پێنجوین دەژیان .

خەڵکی شاری پینجوینی ڕەنگین هەر لە زۆر کۆنـەوە زیـاتر لـە گشت شوێنەکان حەزیان لە گەمەو قسـەی خـۆشو گاڵتـەو گـەپ و ناو و ناتۆرەو سەر گوزشتەو شیعرو گۆرانی و فۆلکلۆری کوردی

بووە زیاد لە خەڵکی شارەکانیکەی کوردستان حەزیان لە سەیران و ڕاو و شکار. سوار چاکیو جلو بەرگی جوان و ئاڵ و واڵا بووە زۆر تەرپۆش و جوان پۆش بوون زۆریش بەناو بانگ بوون لە جل و بەرگ لەبەر کردنا چ ژن چ پیاو، خەڵکی پێنجوین حەزیان لە ڕانکو چۆغەی شاڵ زۆر بووە لەبەریان کردووە بەزستاناندا کە بەفر ئەبارییو ساردی ئەکرد لە ژێر چۆغەکەوە مرادخانیان لەبەر ئەکرد. خەڵکی پێنجوین زۆری مرادخانیان لەبەر ئەکرد. کاتی زوو لە کۆندا لۆکەیان ئەکردە مرادخانیەکانیان و تەریب ئەدرا لەبەر سەرما.

مرادخانی جوانیان لەبەر ئەکرد لەگەڵ پشتێنی ڕەنگین و کڵاو مشکی ڕەشو سپی لە زستاندا کەوشیان لەپێ ئەکرد و هاوینان کڵاشی هەورامی لەژێرەوە دەرپێی سپی سەرخەرمان. زۆربەیان کاتی خۆی کراسی فەقیانەداریان لەبەر ئەکرد یاخود بەتەمەنەکانیان کراسی (بزمەلی) هەندێکیان لەگەڵ ڕانکو چۆغەی شاڵو فەقیانەیان لەسەر ئەبەست و لەژێر چۆغەکەوە هێلەکی قەدیفە. پیاوە ناودارو بەتەمەنەکانی پێنجوین کەواو سەڵتەی جافەتیان لەبەر ئەکرد لەگەڵ دەرپێی سپیو کراسی فەقیانەدار هەندێکیان مشکیو جامانەیان تێکەڵ ئەکرد لەگەڵ کڵاوی گرێ چن کە کچانی پێنجوین ئەیان چنی زۆربەیان خەنجەریان بەبەر پشتیانا ئەکرد و تەزبیحی دەنك گەورەیان تێوە ئەئاڵان قەف قەف ئەڵێن کاتی خۆی هەندێ لەو پیاوانە عەبای شاڵیان داوە بەسەر

شانیان‌دا، چونکه ئەم شارە لە شارەکانی ئێرانەوە نزیک بوو زۆر ئەو پیاوانە مشکیان ئەبەست: مشکی لە ئێرانەوە ئەهات خەڵکی دێهاتەکانی دەورو بەری پێنجوین بەزستاناندا کەبەفر ئەباری ئەگەر سەردانی پێنجوین یان بکردایە بەهەر مەبەستێ ئەوا ئەبوایە کاڵەو پێتاویان ئەبەست کەوانەیان لەپێ ئەکرد ئەوکاتانەی بەفرە بەسەر بوایە.

## پێنجوینی گوڵە گەزیزە و هەڵاڵە برمە و گوڵە زەردە

بەڵێ خەڵکی ئەم شارە ڕەنگینە شارەکەیان زۆر خۆش ویستووە و خۆش ئەوێ زۆر جار تا ڕادەی پەرستنی. ناوی پێنجوین لەسەروو هەموو شتێکەوە بوە لایان. لە ساڵی (١٩٤٧)دا کاتێ کارەساتی بوومەلەرزە گەورەکە ڕووی‌دا و بوومەلەرزەکە ئەو شارەی هەژانو چەند خانوبەرەیەکی ڕوخاند کاتێ کانیاوەکان لێڵ بوون و ئاژەڵۆ پەلەوەرەکانی ناو شاری پێنجوین ئارامیان لەبەر بڕاو بوو بە ڕۆژی حەشر ئەو ڕۆژەی کەلەناو زریکەی منداڵ و گریانی ژنو هاوار و بانگ کردنی کوڕ و کاڵۆ پیاو و. بۆڕە بۆڕی مانگاو باڕەی بزن و مەڕو دەنگی مریشك و قازو مراویو قەل ئەوکاتە کە بووبوو بەهەراو هوریایەك کەس کەسی نەئەناسی خەڵکی شاری پێنجوینی خۆشەویست ناچار بوون کەشارەکەیان

بەجێ بهێڵن و بڕۆن بۆ شارەکانی تری کوردستان بەتایبەتی سلێمانی. هەندێك فەقیرو هەژار لە دەوروپشتی شارەکە مانەوە ...

مفتی شاعیر بەشیعرەکەی خۆی ئەلاوێنێتەوە بۆ پێنجوین و ئەڵێ :

پێنجوین بەبێ تۆ نزیکە مەرگەم
لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم
تازە بووکێ بووی بەسەر چیاوە
ئەهاتنە سەیرت لەم لاو لەو لاوە
پارچە ئەرزێ بووی لەپارچەی بەهەشت
زەردو سور و شین کەژو کێوی دەشت
سەیرانگای پۆلی گەنجی عیراق بوی
لەم سەردەمەدا بۆ خۆشی تاك بووی
جێگەی هەزاران بێ‌نان و ئاو بووی
هەرچەند ناحیە بووی شاری تەواو بووی
پێنجوین بەبێ تۆ نزیکە مەرگەم
لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم
بۆ هەوای سافو ئاوی ساردی تۆ
ئەکەم هەتا هەم شیوەن و ڕۆ ڕۆ
میوەی بەهەشت بوو تامی میوەکەت
کەوسەر بوو کانی و چەم و شیوەکەت

ئێران و عێراق چاویان لەتۆ بوو

مردوش لەناوتا بەڕەنگ و بۆ بوو

سەد دڵی سیست گەش ئەکردەوە

سەد خەمت لەبیر من ئەبردەوە

شاری غەزنە بووی بێجگە لە خۆشیت

خۆشی بوو سەرپاك دەردو نەخۆشیت

پێنجوین بەبێ تۆ نزیکە مەرگم

لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم

تازە وەکو کەو خاڵت ڕشتوە

شارانی ترت بەداغ کوشتووە

لیوا لەچاو تۆ وێرانە دێ بوو

حەکیم بووی دەوای سەد دەردت پێ بوو

حمە امین پێنجوینی لە هۆنراوەکەیدا پێنج وێنەکەم

ئەو کاتەی لەساڵی (١٩٨٠) جارێکی کە بەهۆی شەڕی عێراق ئێرانەوە وێران و کاوڵ کراو زەوی تەختیان کرد لە وێنەی یەکەمدا ئەڵێ :-

پێنجوینەکەم

پێنجوینەکەم شاری هەرمێو هەنگوینەکەم

ئەی گۆشتو ئێسکو خوێنەکەم

لەوێنەی پێنج هەمدا ئەڵێ :-

دارو پەردوی کەلاوەکان

نەزر گەیە

یادگارە

باڵە خانە ڕووخاوەکان

سەیرانگەیە

لە وێنەی چوارەمدا ئەڵێ :-

ئێستە وەك هەتیوی دایك مردوو

ڕۆ ڕۆمە شارمان لە کیس چوو

لەشارۆچکەی پێنجویندا لەزۆر کۆنـدا حـەمام و سـەرە شـۆرگ هەبووە لە جـەنگی جیـهانی یەکـەمدا ڕووسـەکان ڕوخاندوویانـە لـە ساڵەکانی (٣٠) بەدواوە ( احـمـد بــەگی عثمــان پاشــای جــاف ) حەمامەکـەی کـردەوە لەگـەڵ قەیسـەری و بازاڕەکـە (حـامد بـەگی مجید بەگی جـاف) کـە ئـەو کاتـە قائمقـام بـوو لەقـەزای هەڵەبجـە دانەنیشت بڕیاری دابوو کەخانو لە پێنجویندا دروست بکات.

## ناوی حەمامەکانی پێنجوین : گەرماوەکان کۆن و تازە

١- گـەرماوی پاشـا : حـەمامی کـۆن لای مزگـەوتی جامعــەی پێنجوین و لەسەر شێوەی کۆن بەخشتی سورو قسڵ گومـەزەکانی لەشێوەی کون بوو.

٢- گەرماوی پێنجوین : حەمامی حاج فتح الله بەرامبەر مزگەوتی حاج عبدالله و حەمامێکی خنجیلانە بوو هەتا ئێستاش هەرماوە.

٣- گەرماوی حاجی ڕەسول: حەمامی حاجی ڕەسول حەمامێکی بچوک و لەتەنیشت ماڵی حاجی ڕەسولّ خۆیانەوە بوو.

٤- گەرماوی محمودی حاجی عبدالله : ئەویش لەنزیك مزگەوتی جامعەوە بوو. حەمامێکی تازە لەسەر شێوەی تازە دروست کرابوو.

٥- گەرماوی بەنگەڵە: حەمامێکی گەورەو لەسەر شێوەی تازە دروست کرابوو.

لەشاری پێنجویندا ئەوسا (خان) هەبووە بۆ وڵاخ چونکە خەڵکی دیهاتەکانی زۆر ڕویان ئەکردە ئەم شارەو ئەمانەوە.

## ناوی هەندێ لەخانەکانی ( پێنجوین )

خان شوێنك بووە بۆ وڵاخ دروست کرابوو کە خەڵکی لادێکانی دەوروبەر کاتێ ئەهاتنە شاری پێنجوین وڵاخەکانیان ئەبردە خانەکان بۆ حەوانەوەو مانەوە تا کاتێ ئیشوکاری خۆیان تەواو ئەکرد و ئەگەڕانەوە.

١- خانی جافری حەمل

٢- خانی کوڕەکانی حەمە سعید میرزا : سنجرو براکانی

٣- خانی عەبەی حەمە مراد: عمری عەبەی حمە مراد

٤- خانی احمد ڕەشە قوونە

٥- خانی حەمە نەجیب

٦- خانی حەمەی مام فتح الله

## ناوی ولاّخ دارو قەتارچیەکانی پێنجوین

١- حسن فقی ڕەحیم

٢- فقێ صالح

٣- فەرەج حاج حسێن

٤- قالە زۆراب

٥- محمودی ئەلی

٦- عبدول مجید: عبدول بەفرۆش

٧- علی اسماعیل : علی قلیان

٨- حەمە خولە

٩- عزیز حاجی حسێن

١٠- عارف فتاح

١١- حسن سلیمان

١٢- حاجی ڕەشید: جۆنە خۆرە

١٣- احمد محمود ئەلی

١٤- احمد مجید

١٥- مامە صالح: چالەی مینە مەلێ

١٦- فتح الله مام اورحمان

١٧- علی محمود

١٨- میرزا حبیب : ئەم میرزا حبیبە ولاخ دارو قەتارچی بووە

١٩- عەبە لەڕ

٢٠- حەمەی ڕەشید بەگ

٢١- خولە سور

٢٢- قالە چالە

٢٣- ڕەشە کالی

## کورتان دروەکان ))ی (( پێنجوین ))

١- وەستا حەمە صالح : وەستای کەر

٢- احمد وەستا حەمە صالح : ئەحل

٣- حسن موسیٰ: حەسەن ڕاستی

٤- شێخ اورحمان

# ناڵبەندەکانی شاری پێنجوین

١- وەستا سعید : ناڵبەند

٢- وەستا محمودی : ناڵبەند

٣- حاجی محمدی : ناڵبەند

٤- حاجی فەرەج: ناڵبەند

٥- وەستا جافر : جافری حەمل ناڵبەند

٦- وەستا عبدول: ناڵبەند

٧- وەستا انور قادر : ناڵبەند

لە شارۆچکەی پێنجویندا هەژارو سواڵکەر زۆر کەم بووە تا ئەم ساڵانەی دوایی تا نزیکی حەفتاکانیش (٧٠) خەڵکی ئەو شارە ڕازی بوون بەوەی کەهەیان بووە. خەڵکی ئەم شارە زۆر حەزیان لەمیوان داری ئەکرد. لە چلەکاندا دوو ئوتێلی گەورەی تێدا هەبووە.

١- ئوتێلی حاجی ڕەسول: ئوتێلێکی زۆر ڕێکوپێکو جوان بوو لەسەر شێوەی کۆن دروست کرابوو بەنەخشو نیگار ڕووی دەرەوەیو بن میچەکەی ((سەقف))ەکەی ڕازابۆوە.

٢- ئوتێلێکی گەورە هەبووە لەتەنیشت بەریدی کۆن ئەو ئوتێلە هینی حاجی فتاحو حاجی ڕەشیدی ڕەسولۆ حاجی عەبە ڕەحە بووە ڕەشید بحری لەسەر ئوتێلەکە کاری ئەکرد.

بەڵام چونکە خەڵکی ئەو شارە میوان داری خەڵکیان زۆر ئەکرد خۆ ئەگەر کەسێکی غەریب بەشارەکە بەهەر جۆرێك یابۆ هەر کاتێك ڕێی بکەوتایەتە پێنجوین ئەوە خەڵکی زوو پێیان ئەزانی هەرکەسە لە لایەکەوە زوو خوڵقی گەرمیان ئەکرد و ئەیان بردەوە بۆماڵەوە جا سا لە مزگەوت بوایە یا لە چاخانەو بازاڕدا ئەوە ئیتر میوان داری باشیان ئەکردو قەدری زۆریان ئەگرت تا کاتێ ئەو کەسە کارەکەی تەواو ئەکرد و ئەیویست بگەڕێتەوە شوێنی خۆی ئەوسا زۆر بەڕێزەوە بەڕێ ئەکرا بەشێوەیەکی وا کە ئەو کەسە حەزی نەئەکرد ئەو شارەو ئەو خەڵکە چاکەی بەجێ بهێڵێ. !

## ناوی توجارو دوکاندارەکان

١- عبدالله کاکە سور

٢- حاجی حسن: گولە

٣- عبد الله فقی محمد

٤- حاجی امین فاتێ

٥- حاجی عبدالله حاج اورحمان

٦- حاجی فتاح مینه مەلی

٧- خلیفه میرزا حسن

٨- احمد شەل حمه خوامراد

٩- حاجی سعید ڕیخۆله

١٠- حاجی محمود حاج محمد

١١- حاجی عبدالله حاج صالح

١٢- حاجی مصطفی حمه صالح

١٣- حاجی سالار میرزا احمد

١٤- حاجی حسین شەل

١٥- حاج محمد قوربانی

١٦- حاجی صفر غلام

١٧- حاجی حسین غلام

١٨- محمود فقی ڕەحیم

١٩- حاجی کاکه حمه حاج حمه صالح

٢٠- حاجی فتح الله سۆفی ڕەسوڵ

٢١- حاجی ملا حمه امین : مامه گەوره

٢٢- حاجی ڕەشید حاج فتح الله

٢٣- علی حاجی امین : خەوخۆش

٢٤- محمد حاجی احمد خەوخۆش

٢٥- میرزا حبیب

٢٦- امین یاره

٢٧- حاجی حمه مراد:

٢٨- میرزا قادر: خویّ فرۆش

٢٩- حەمە فەرەج احمد : سور

٣٠- حاجی ملا عبدالله باشماخی

٣١- حاجی قادر شیرین

٣٢- عبدالرحمن میرزا قادر

٣٣- حاجی عزیز محمد

٣٤- حاجی احمد مینه چەکە

٣٥- حاجی عەبە ڕەحە

٣٦- حاجی حسن چادر

٣٧- حاجی حەمە عزیز بانەی

٣٨- حاجی احمد مجید

٣٩- حاجی ملا صالح قادر سەلام

٤٠- حاجی عبدالله کانی مانگای

٤١- حاجی عارف : داربەنی

٤٢- حاجی محمد فەرەج

٤٣- حاجی حەمە بچکۆل

٤٤- حسن حاجی ملا عبدالله

٤٥- امين بغدادى

٤٦- حاجى حسن : له بغداد دائەنيشت

٤٧- حاجى عەبە سور

٤٨- حاجى حسن مام خان

٤٩- حاجى سعيد شەل عەوالان

٥٠- عمر سعيد شەل: عەولانى

٥١- احمد سعيد شەل: عەولانى

٥٢- عەبە توبچى

٥٣- حاجى سليم بانەيى

٥٤- حاجى رەشيد ڕەسوڵ

٥٥- حاجى فتح الله: نانەوا

٥٦- حاجى صالح فەرزالى

٥٧- حاجى على كيكنى

٥٨- حاجى عنايەت

٥٩- مينە كيكنى

٦٠- حاجى احمد حيدەر

٦١- حاجى سعيد تاژانى

٦٢- حاجى سعيد ڕێخۆڵە

٦٣- حاجى ڕەسوڵ

٦٤- عمر حاجى عبدالله

# ناوی عەتار و دوکاندارەکانی پێنجوین

١- محمد حاجی خەوخۆش

٢- محەی فەیزە

٣- سەید محسن

٤- سەید شوکرە

٥- حاجی سعید ڕیخۆلە

٦- حاجی فتح الله نانەوا

٧- حاجی حسین حدود

٨- حاجی عەبە صۆفی

٩- عەبە ئاشی

١٠- صالّح بەگ

١١- اول قادر بەگ

١٢- حەمە صالّح عزیز

١٣- احمد تازە دوکان

١٤- حەمە صالّح (بابەت )

١٥- سەید علی سەید حسن

١٦- علی میرزا احمد

١٧- حەمەی عاسە مارە

١٨- عمرى عەبە ڕيحان

١٩- مجيد حاجى فتح الله

٢٠- حسين ميرزا محمود

٢١- ڕەشە كاكى

٢٢- عبدالكريم مفتى

٢٣- حسين حاجى مەلا

٢٤- امين بەغدادى

٢٥- ميرزا ڕەشيد

٢٦- مينە كيكنى

٢٧- صديق حسين ليسە

٢٨- عزيز كاكى

٢٩- ميرزا صديق

٣٠- حاجى حسن غلام

٣١- حاجى قادر عبدول

٣٢- عارف وەستا عبدالرحمن

٣٣- احمد بدرى

٣٤- حەمەى سعيد

٣٥- محمدى حسين شەل

٣٦- مامە خولە

٣٧- مجيد خليفە

٣٨- حسن حاجی مەلا

٣٩- مینە تۆلە

## شێخ محمودی نەمر: مەلیکی کوردستان و پێنجوین

پێنجوین وەك لەسەرەتاوە باسمان کرد شوێنو جێگایەکی زۆر قایم و سەختە شوێنێکی ستراتیجی سەربازیە و لەسەر سنووری ئێرانە وە رێگاوبانی لەشارە گەورەکانەوە دوورە جادەی سەرەکی بەینی سلێمانی پێنجوین پڕ پێچ و پەنایە دیارە هەر لەبەر قایمی و سەختی و لەسەرێکی کەوە دۆستایەتی خەڵکی شارەکەو وەفا بۆ شێخی نەمر (شێخ محمودی گەورە) ڕووی کردۆتە ناوچەی پێنجوین و تا ماوەیەکی زۆر کردویەتی بە مەڵبەندی خۆی و لێی ماوەتەوەو و تێیدا نیشتەجێ بووە... دیارە شێخ محمودی نەمر کاتێ فەرمان ڕەوایی لەدەست دەدات لە سلێمانیو لەشکری ئینگلیز ئەچنەسەری شەڕیان ئەبێت بەتووشەوە ئەو کاتە بووە ڕووی کردۆتە شاری پێنجوین.

فرۆکەکانی ئینگلیز چەندین جار بۆردومانی ئەو شارە ئەکەن کە ئەزانن شێخ لە پێنجوین جێگیر بووە ڕۆژانە چەندین جار بەسەر شارەکەدا ئەسوڕێنەوە ئەو ناوچانەی دەورووبەری پێنجوین بۆردومان ئەکەن لەیەکێك لەبۆردومانەکاندا ژنێکی پینجوینی ئەکوژرێ ناوی (خەجێ طە) ئەبێ نەنکی (کمال علی بکبەر) بووە.

جارێکیش چەکدارەکانی شـێخ و خـەڵکی پێنجویـن یـەکێك لـە فرۆکەکانی ئینگلیز بەفیشەك ئـەپێکن و ئـەی خەنـە خـوارەوە لـە دەشـتی تەیارەخانـە ئەکـەوێ. وە تاسـەرەتای شەسـتەکانیش پارچەکانی لەماڵی حەمە سعیدی میرزا ڕەسوڵ مابوو.

## شێخ محمودی نەمر ئەم چەك دارانەی لەگەڵدا بووە لەشاری پێنجوین

١- کریم چاو ڕەش : خەڵکی پێنجوین
٢- رەشید بکر : خەڵکی سلێمانی
٣- عەلەی بکر : خەڵکی سلێمانی
٤- عزیز چاوەش: خەڵکی پێنجوین
٥- امین یارە: خەڵکی سلێمانی
٦- محەی سالە سور: خەڵکی سلێمانی
٧- علی برزو: خەڵکی سلێمانی
٨- محە چنارەیی: خەڵکی سلێمانی
٩- ملا حمە کریم: خەڵکی پینجوین : مەلا حمە کریم کوێرە
١٠- جلال خاڵە کریم : خەڵکی سلێمانی
١١- خولە نەسە : محمودی مام نصراللە : خەڵکی پێنجوین

خەڵکی سلێمانی

١٢- عبدالله احمد اغا : عەبە نانەوا : خەڵکی پێنجوین

١٣- حاجی قادر بەراز : قالە بەراز : خەڵکی پێنجوین

لەشاری پێنجوین لەیەك دوو لاوە کەپر و ساباتی گەورە کرابوو کەپرو ساباتەکە پڕ دۆشەك و فەرش ڕازابۆوە بۆ شێخی نەمر. ماوەیەکی زۆر لەماڵی مامە عبدالله کاکە سوردا مایەوە .. شێخی نەمر دۆستایەتی لەگەڵ خەڵکی شاری پێنجوین زۆر خۆش بووە خەڵکی ئەو شارەش زۆریان ڕێز لەخۆی و دەست و پێوەندی شێخ ئەگرت و زۆر بەوەفا بوون بۆی هەموو دەم خەڵکی ئەو شارە ئامادەی قوربانی دان بوون لەڕێگەی شێخدا

## ((خولە پیزە)) وپێنجوێن

کاتی زوو ئەوانەی لەمیری یاخی ئەبوون چەکیان هەڵ ئەگرت و ئەیاندایە شاخ و کێوەکان. یا سەربازییان نەکردووە یا ئازاو جەسورو مەرد بوون ملیان نەداوە بە فەرمانە چەوتەکانی کاربەدەستانی میری یاخود زۆر جار ئاغا وشێخ و دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە پاڵیان بەو جۆرە خەڵکانەوە ناوە کە بدەنە شاخ و یاخی بن لەبەر هەندێ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەو جۆرە خەڵکانە :

١- خولە پیزەو براکانی کە زۆر جار ڕێیان ئەکەوتە ناوچەی

پێنجوێن ئیتر لەبەر ئەوە بووە کە پێنجوێن نزیك بووە لە سنوری ئێرانەوە یا لەبەر دووریو سەختی ناوچەکە.

## یەکێك لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە

لە ڕۆژی ١٩٥٠/٥/٥ حاکمی هەڵەبجە لە کاتێکا بە کاری تایبەتی ئەچوو بۆ پێنجوێن چونکە ئەو کاتە حاکم لە شاری پێنجوێن دا نەبووە هەر بۆیە لە مانگێکدا دوو جار حاکم تحقیق سەردانی شاری پێنجوێنی ئەکرد. ئەو کارانە لەو ماوەیەدا کەڵەکە ئەبوو بەیەك دوو ڕۆژ تەواوی ئەکردو ئەگەڕایەوە. ( عبدالباقی ) ساحێب قران حاکم تحقیق لە ناوچەی پێنجوێن لە ناڵپارێز لە پردی سیبواران و نزیك پێچی بێ مەحکەمە لای نزیك ئێوارە ئەبێ چەتەکانی خولە پیزە ڕێی پێ ئەگرن لەبەر ئەوەی حاکم هەندێ پۆلیسی لەگەڵ بوو لەو ناوەدا ئەبێ بەتەقەو بەشەڕ لەبەینی پۆلیسەکانی،تاقمە چەکدارەکەی خولە پیزە، حاکم ((عبد الباقی)) هەر لەو شوێنەدا ئەکوژرێ و لەگەڵ حمە خان ناوێك و (١) پۆلیسی بریندار ئەبێ ماباقی پۆلیسەکان بەدیل ئەگیرێن و هەرچیان پێ ئەبێ لێیان ئەسێنن و ڕوتیان ئەکەنەوە و چەکەکانیان بەتالانی ئەبەن و هەڵدێن و لەشاخی هەرزلەوە ڕوەو ئێران ئەڕۆن. دوای

ئەوە طاهیری برای خولە پیزە لەلوتکەی بەردە بەکۆس لەشاخی سورکێو بریندار ئەبێ دواجار لە دێ ی چەمپاراوی سەر بە بانە ئەگیرێ بەبرینداریو ئەیبەنەوە بۆ سلێمانی لەوێ دوای گەڕان دەرئەکەوێ کە بیجامەکەی حاکم ((عبد الباقی))و سەعاتەکەی حەمە خان لای ئەوبوو لە ١٩٥٠/١٢/٢٤ لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی ملی کرا بەپەتا و لەسالّی (١٩٥١) لەشاخی کەتو لای چوارتا خولە پیزەو ((عەولی گولّچین)) کەیەکێك بوو لەتاقمەکەی خولە پیزە ئەکوژرێن و هەر لەوێدا ناشتبونیان بەلاّم پاش چەند رۆژێك دۆزرانەوە و جەنازەکەیان بردەوە سلێمانیو تا بەتەواوی روون بوەوە کە ئەو جەنازەیە خولە پیزەیە ماوەیەك لەبەر سەرای سلێمانی ئەو دوو جەنازەیەیان دانا تا بەتەواوی خەلّکی بیان بینێ و ئەوسا بران بۆ نالّپاریز سەر بەقەزای پێنجوین لەوێ بە خاکیان سپاردن. لەو جۆرە تاقمانە بوون کە لەوناوچە خۆیان حەشار ئەدا هەندێ جار کەزۆریان بۆ ئەهات خۆیان ئەکرد بەئێراندا لەوێ خۆیان حەشار ئەدا.

## ناوی هەندێ لەمدیر ناحیەو قائمقامەکانی شاری پێنجوێن

هەر لەکۆنەوە تا ئەم ساڵانەی دوایی ئەوەی کە زانراوە و لەیادی خەڵك دا ماوە ... ئەمانەن :-

١- ساڵی (١٩٣٠) ڕەشید ئەفەندی غفور مدیر ناحیەی ئەو کاتە (میرزا مارف) ناوێك کاتب ناحیە بووە پیاوێکی زیرەك و قۆشمەو قسەی خۆش بووە. تا لەو کاتەدا (حامد بەگی مجید بەگی جاف) قائمقامی هەڵەبجە بوو.

٢- ساڵی ١٩٤٥ عزت تەل : (مدیر ناحیەی پێنجوێن ) تالەو کاتەو لەوسەردەمەدا بوو (معروف جیاووك) موتەسەریفی سلێمانی بووە کاریەدەستێکی زۆر دڵسۆز و کورد پەروەرێکی زۆر چاك بوو ئەدیبێکی لێ هاتووبوو.

٣- مودیرە سور

٤- بایز ئەغا: بایزی عەزیز دزەیی

٥- حسن باڵتە : قائمقام

٦- کەمال شەفیق : قائمقام

٧- جەمیل میران

٨- بهجت عەونی : مدیر ناحیە

٩- روبیتان امین جاف ساڵی ١٩٦٢ كه پێنجوین گیرا تەسیلم بوو دواجار ڕۆیشتەوه ٠

١٠- عبدالمطلب قطان : عەرەب بووه

ناحیەی پێنجوین ساڵی ١٩٥٨ بۆ ١٩٥٩ بوو به قضاء و یەكەم قائمقامی ناوی:-

١- محی الدین عبدالله بغدادی : عەرەب بووه : قائمقام

٢- احمد دزەیی: قائمقام

٣- احمد حاجی حمه ئاغا : كەلاڵی : قائمقام

٤- حاجی ڕەسول : قائمقام

٥- فاضل سۆرانی : قائمقام

٦- محمد سلیم عقراوی : قائمقام

٧- فوزی احمد سلیم : قائمقام

هەرچەند دائرەی انحصار لەزووەوه لەشاری پێنجویندا هەر هەبووه بەلام لەساڵی (١٩٥٩)دا بۆ یەكەمین (ساختمانی) بینایەكی بەرفراوان و گەوره لەلایەن (حاجی مصطفی)كه یەكێك له دەوڵەمەندەكانی شاری پێنجوین بوو دروست كرا بۆ دائرەی ((انحصار)) ئەو كاربەدەستانەی كاریان له دائرەی انحصار كردووه:-

١- امین مولود

٢- شێخ جناب : برای شێخ شەهاب

٢- علی فەقێ

زۆر کاربەدەستی تریش ئەوان و دوای ئەوانیش کە ناوەکانیان لەبەر دەستماندا نی‌یە.

لەساڵی (١٩٥٥)دا لەشاری پێنجوین جادەیەکی تازە لەناو شار دروست کرا. هەر لەمەیانەکەی ناو بازاڕەوە لای دوکانی حاجی حەمە بچکۆل دەستی پێ کرد بۆ لای مزگەوتی حاجی عبدالله هەمووی باخ و باخات و چەم و شیو و چنار و بی و داری بەردار و قۆخ و هەڵوژە، بەر جادەکە کەوت لەوێدا پردێکی تازە دروست کرا.

بەڵێن دەرەکانی ئەو جادەیە ئەمانە بوون ( مقاول ):-

١- میرزا حبیب

٢- عەبە ڕەزا

٣- محمودی حاجی عبدالله

٤- عەبە بەنگی

٥- علی ماینی ڕەش

بەهەر هەموو بەڵێن دەرەکان یەك (١) ئۆتۆمبێلیان هەبوو ناونرا بوو ((شیکە)) ئەو کاتەو ئەو سەردەمە لەناو منداڵاندا هۆنراوەیەکی فۆلکلۆری دانرابوو بوو بەوێردی سەرزمانی خەڵکی . بەم جۆرە بوو بۆ شیکە ئەوترا:-

ئاواتەکەم هاتە دی شیکەم بەبارەوە دی

## بەڵێندەرەکان (( مقاول ))

١- حاجی حسن گوڵە
٢- میرزا حبیب
٣- عەبە ڕەزا
٤- محمود حاجی عبدالله
٥- عەبە بەنگی
٦- علی ماینی ڕەش

## مزگەوتەکانی شاری پێنجوێن چەندجار کاول کراوە

١- مزگەوتی پاشا
٢- مزگەوتی جامعە
٣- مزگەوتی حاجی عبدالله
٤- مزگەوتی بەرکێو : خەلیفە میرزا حسن
٥- مزگەوتی پیر خسرەو : حاجی فتح الله
٦- مزگەوتی حاجی ڕەسوڵ
٧- مزگەوتی بەنگەڵە
٨- مزگەوتی حاجی ڕەشید حاجی فتح الله

خەڵکی شارۆچکەی پێنجوین زۆر خوا پەرست و زۆر دین دار هەمیشە ڕوو لە مزگەوت و پەروەردگاری مەزن بوون. پیاوی دینیو مەلای زۆر زیرەکی تێدا هەڵکەوتووە. مزگەوتی زۆر لە شارەکەدا هەبووە بڕوایان زۆر بەشێخ‌ومەشایخو پیاوچاکان هەبووە. زۆر ڕێزیان لەپیاوە ئاینیەکانو مەرقەدەکان گرتووە. هەر لەپێش سالانی سی‌یەوە حوجرەکانی مزگەوت پڕ بووە لەشاگردو فوتابی ئاینیو هەر ئەو سالانە چوار مزگەوتی گەورەی تێدا بووە کە هیچی کەمتر نەبووە لەمی شارە گەورەکانی کوردستان لە پۆشتەو پەرداخیو پاکو تەمیزی‌دا ئیتر لەدوای سالانی پەنجاوە بەرە بەرە مزگەوتەکان ڕوو لەزیاد بوون بووە هەندێ تەکیەو خانەقای زۆر گەورەی لێ بووە وەك :-

١- تەکیەی عبدالکریم کەسی نەزانی لەبوبان

٢- تەکیەی شێخ قادر شێخ کاکە حەمە لە پێنجوین لەپیرخسرەو

## ناوی هەندێ شاخ و کێو لەناوچەی پێنجوین و دەورو پشتی شارەکە

١- کەژان

٢- کانی شەوەقەت

٣- جنەدەر

٤- هێلانە کولاران

٥- کشەدەر و قەڵای کچێ

٦- مارۆ

٧- ماڵە گەورە

٨- هەزار ماڵە

٩- وڕە

١٠- تەختی عەواڵان

١١- کۆتە ڕەش

١٢- تەڕە توولو : ووشکە توولوو

١٣- قشلاخ

١٤- لەرێ

١٥- قایە

١٦- هەرزەلە

١٧- تاریەر

١٨- لوتکەی شێخ حسن

١- کەژان: شاخێکی بەرزە لەپشتی بلکیانەوە کە ئـەودیوی ئێران و لەسەر ملەی بەینی کەژانو اسحاب (ئاسن کولێن)ە.

٢- کانی شەوەقەت: ئەکەوێتە خۆرئاوای پێنجوین ڕیزە شاخێکە لەلای ملەکەوەوە دەست پێ دەکات تا ئەچێتەوە ناو ئێران لای کەژانەوە.

٣- جنەدەر: کێوێکی بەرزە بەسەر دەشتی پێنجویندا ئەڕوانێتە حاجی شێخە بچکۆلە.

٤- هێلانە کولاران: ئەکەوێتە خۆرهەلاتی پێنجوینەوەو بەسەر شارەکەدا ئەڕوانێ.

٥- کشەدەر: بەسەر دەشتی پێنجویندا ئەڕوانێ لوتکەی بەرز بەرزی هەیە وەك قەلای کچێ‌و قەلای کوڕێ ڕیزە شاخێکی زۆر سەختە لەپشتی سێ چاکانەوەیە.

٦- مارۆ

٧- مالە گەورە: لەپشتی گوندی میشاوەوەیە

٨- هەزار مالە

٩- وڕە

١٠- تەختی عەوالان

١١- کۆتەڕەش

١٢- تەڕە تولوو وشکەتولوو: ڕیزە شاخێکی بەرزە بەسەر چەمی شلێردا ئەڕوانێ. چەندین لوتکەو دەربەندی هەیە. ١٣

١٣- خەلوزە

١٤- قشلاخ

١٥- لەرێ: کێوێکە لەناوچەی پێنجوین بەشێکە لەو ڕیزە شاخەی کەکشاوە تا ئەچێتەوە شلێرو لەوێوە بۆ ئێران و چەندین لوتکەی بەرزو چەم و دۆڵی تێدایە لەسەر لێواری ڕۆژئاوای چەمی پێنجوین قزلجە و ناڵەشکێنەیە.

١٦-قایە: لوتکەیەکی زۆر بەرزە لەدەوروبەری ناڵپارێز لەگشت لایەکەوە دیارە بەسەر هەردوو دیوی مەریوان و شارەزووردا ئەڕوانێ.

١٧- هەرزەلە: ڕیزە شاخێکە چەندین لوتکەی بەر بەرزی تێدایە و نزیك ناڵپارێزە. وەك تووە سوران، شاتووان.. کەچەلی.

١٨- لوتکەی شێخ حسن: بەسەر پێ دەشتی پێنجوین ئەودیو شلێردا ئەڕوانێ چەندین لوتکەی بەرزی تری هەیە.

١٩- تاریەر: ڕیزە شاخێکی بەرزە.

لەبەر ئەوە شاری پێنجوین کەوتۆتە مابەینی ئەم کێوە بەرزانەوە ڕێگەو بانی زۆر سەخت و ناخۆش بوو هەرچەند کاتی زوو ڕێگایەکی پێچاو پێچ لەشارەزوورەوە بەرەو سلێمانی کرابوو بەڵام ئۆتۆمبێل زۆر بەگران بەماوەیەکی زۆر ئەگەیشتنە پێنجوین ئەویش لە وەرزە خۆشەکاندا وەك هاوین و پایز زۆر ناخۆشی بووە پێچ پێچ و بەردو گلۆ چالۆ چۆڵی زۆر و پردی کەم.قانع لەگەڵ عباسی ابراهیم دەروێش (سائق) شوفێر لەڕێگەی پێنجوین ((قانع و عباس برایم دەرویش ئۆتۆمبیل چی ... ))

مەرحەبا کاکە وەسای ئۆتۆمبیل

بۆبێ پارەکان دڵ نەرم و دەلیل

من ئیقرار ئەکەم کە کوڕی چاکن

لەگەڵ هەژاران زۆر زۆر دڵپاکن

چاوتان ناترسێ لەباری گران

لۆری لێ ئەخوڕن بۆ سەر شاخەکان

خۆیشتان هەرگەنجن کوڕێکی چاکن

بەینی بەینە الله تەواو چالاکن

بەڵام براگیان بۆ گرانجانن؟

بۆچی بەحاڵی هەژار نازانن ؟

کاتێ لەلادێ هەژار دێتە دەر

کۆچان هەڵ ئەگرێ بەعەزمی سەفەر

پارەی باخەڵی ناگاتە دینار

چی بداتە تۆ؟ چی ببا بۆ شار

ئەوا کچەکەی تەواوی ڕوتە

ژنی پێ خاوس وەك مەلکەموتە

ئەچێ بۆ لاسیك بۆ سلێمانی

پێنج شەش جوت بێنێ بۆ بەچکەکانی

ئەگەر پارەکەی لێبسێنی تەواو

چی بابە لاسیك چی بەنانو ئاو؟

# وەلامی عەباس برایم دەروێش

مامۆستای مەشهور شاعیری کوردان
جێماوە دوا کوچ پۆلی هاونەردان
لەمن مەپرسە خەتای زەمانە
ئەسبابەکانم گشت گرانە
ئەچم بۆ بغداد بەچارو ناچار
تایە ئەسێنم بەپەنجا دینار
نرخی مەکینە هێندە گرانە
شەریکە دەمی چەشنی قەپانە
بلێ بەهەزار من هەرناچارم
لای شەریکە زەلیل و زارم
ویل و هاندبرێك گێر لەگەڵ کلاج
ئەبێ گشت بکڕم زۆر بەنا علاج
برۆ بپرسە نرخیان چیە؟
ئەوسا ئەزانی سوچی من نیە
مامۆستا سەیری جادەکان بکە
ئەوساکە تانە لەسایق بدە
لە پێنجوینەوە تا سلێمانی

کرێم هەرچەند بێ خۆت ئەیزانی
بەروو دوا کرێم پێنج شەش دیناره
تا یشارمەوە لەعالەم دیاره
بەلام هەر رۆژێ کەبۆ (پێنجوین) بێم
شتێکم ئەشکێ دە دینار بێ جێم
یەکودوو زەرەر دێتە گەردنم
ئەجاتم نابێ مەر بەمردنم
چونکو ڕێای پێنجوین هەموی ڕووخاوه
لەمیزانیەش ناوی نەبراوه
خۆزگە بەسەفەر وەزیری ئەشغالْ
ئەهات بۆ پێنجوین بۆ کەشفی ئەحوالْ

هەرچەندە شاری پێنجوین ئاووی ساردوو هەوای فێنك ناوچەیەکی کوێستان بووە بەلام بەزستانان بەفریان لەچاڵەکاندا کۆئەکردەوە (چاڵە بەفرەکان )و بەهاوینان بەفر فرۆشراوە ئەویش بۆ دۆ یا بۆ ماستاوو هەندێ شتی کە بەکار هاتووە. ئەوسا بەهاوینان چەند کەسێك بەفریان ئەفرۆشت یاخود بەنان ئەیان گۆڕیەوە ...

لەم سالانەی دواییدا بەتایبەتی دووای سالەکانی (٧٠) بەدواوە کەشارەکە گەورە بوو و پرۆژەی ئاوی چاکی بۆ کرا و ئاو گەیشتە گشت شوێن و مالە بەرزەکان ئەوەبوو بۆ یەکەمین جار لەسالی

١٩٧١ ئلاجەو مجمیدەگەیشتە شاری (پێنجوین) هەندێ ماڵ کڕیان و بەکاریان هێنا بەڵام مبڕدە لە پێنجوین‌دا نەبووە.

## بەقاڵەکانی ( پێنجوین )

١-حمەی حەماڵ

٢- قاڵە قەپان

٣- خولە نێرانی

٤- تۆفیق بایەوەیی

٥-نوری حەمە تەنەکە

٦- کاکە حەمەی برای مەلا محمود

٧- محمود شریف

٨- حاج حەمە فرەج گۆجە

٩- حاجی نصرالله ئەلی

١٠- حەمە علی کیتەڵە

١١- تایەری میرزا ئەحمد

## ناوی زەڕەنگەرو زیو فرۆشەکان

١–حەمەی درویش احمد

٢– علی درویش احمد

٣– سابیری دەروێش احمد

٤– حاجی علی زەڕەنگەر

٥– وەستا لالۆ : کاك عبدالرحمن

٦– عەلی بێورەیی

٧– وەستا عبدالله

٨– حاجی علی زەڕەنگەر

## ناوی هەندێ لەتەنەکەچیەکانی پێنجوین

١– مجید میرزا حمه امین

٢– عبد الله تەنەکەچی : عەبە تەنەکە

٣– احمد حسنه کێل

٤– علی حسنه کێل

٥– عبدالله مجید : میرزا حمه امین

٦– وەستا غلام

٧– حەمە تەنەکە

٨– حەمەی مجید

٩– عەزەی مجید

١٠– حەمە امین تەنەکەچی

## یاداشتی دەفتەری قەرزی حەمەی حەمە امینی قەصاب

## لە ساڵی (١٩٥٣) ئەوەندە هەرزانی بووە بە (٩) ماڵی دەوڵەمەند بایی (٨٣٤) فلس گۆشتیان کڕیوە، ئاخۆم ئەو ساڵە گۆشت کیلۆی بەچەند بووە؟ هەزار خۆزگەم بەو ساڵە



وێنەی جەنەراڵ حەمە ڕەشید خان

لە بەهاری ساڵی (١٩٤٦)دا ئەو وێنەیە گیراوە لە گوندی سەرا

بارەگای هێزەکانی بۆکان منطقە لە کۆماری (مەهاباد)دا



# جەنەڕاڵ حەمە ڕەشید خان و شەڕی ئاغا دەوەن

حەمە ڕەشید خان کوڕی قادر خان کوڕی عبدالله بەگی شێوەگوێزان کوڕی بارام بەگی کوڕی سلێمان بەگی بانەیە ساڵی (١٨٨٩) لە گوندی شیوەگوێزانی سەربە ناوچەی شلێری پێنجوێن لە خێزانێکی ناسراو لەدایك بووە، قادر خانی باوکی یەکێك بووە لە کەسایەتیە ناسراوەکانی ناوچەکە بە ڕادەیەك کاربەدەستانی عوسمانیو قاجاری حسابی تایبەتی‌یان بۆ کردووە تەنانەت دەسەڵات دارانی عوسمانی لە گوندی وێنە سەربازگەیەکیان بەناوی (قشلاخ) ئاوەدان کردووە تا بەو هێزە سەربازیە چاودێری جموجۆڵەکانی قادر خان بکات ئەوەبوو ساڵی ١٩٢٥ قادر خان کۆچی دوایی کرد لەکاتێکدا ڕژێمی پاشایەتی لەهەوڵی بە عێراق کردنی ولایەتی موصل دابوون ئەمە وایان لە دەسەڵات دارانی ئێران کرد پاش کودەتاکەی ڕەزا شا وەزیری جەنگی احمد خانی قاجار لە ١٩٢٥/١٠/٣ لە هەوڵێکی‌دا بۆ قایم کردنی سنورەکانی دەوڵەتەکەیو دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین و شۆڕشە ناوخۆکانی هێزەکانی ئێران بە دوو هەزار سەربازی ئێرانی بە هاوکاری هۆزە کوردیەکان (دیبوکریو مامەشو مەنگوڕی) ناوچەی موکریان هەڵیان کوتایە سەر ناوچەی شلێر لە گوندی وێنە کە لەم هێرشەدا کۆچی دوایی قادر خان و کەم تەمەنی حەمە ڕەشید خان بە هەل

زانی دەرئەنجام حەمە ڕەشید خان بە هاوکاری یانزە کەسایەتی ناوچەکە لەوانە (حمە امین خان کوڕی قادر خان) (علی بەگی کوڕی قادر خان) (شریف ڕەمەزان) (حەمە بەگی بژی) (خەلیفە صالح بەگی لەنگەدێ) (فەرەج گولاوی) (عەولای حەمە خان) زۆر بە سەختی بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە پاش ئەوە شەڕەکە شکستی بە هێرش کەران هێنا جلەکانی‌یان بە لق و پۆپی درەختەکانی وێنەوە بەجێما درەختەکانی‌یان لێبووە چەکدارو چەکەکانی‌یان فڕێئەداو هاواریان ئەکرد وازمان لێ بێنە ئاغا دەوەن ئەوە چەکەکانمان ئەو شەڕە ناونرا شەڕی (ئاغا دەوەن) سەرکەوتنی حەمە ڕەشید خان لەو شەڕەدا بووە هۆی ناسرانی حەمە ڕەشید خان و حساب بۆ کردنی لە لایەن دەوڵەتی ئەوسای ئێران ئەم شەڕە سەرەتای قۆناغێکی ململانێی نوێ بوو بۆ حەمە ڕەشید خان لە ناوچەکە وای کرد لە ساڵی (١٩٣٠ بۆ ١٩٣٢) لەسەر گازاندەی حکومەتی ئێران دووریان خستەوە بۆ شارەکانی موصل و ئاکرێ پاشان لە ساڵی ١٩٤١ - ١٩٤٤ بارو دۆخی جەنگی جیهانی دووەم و لاوازی دەسەڵاتی ئێرانیان بە هەل زانی گەڕایەوە شارەکانی بانە لە ١٩٤٢/٩/٩ سەردەشت لە ١٩٤٢/١٠/٢٣ سەقز لە ساڵی ١٩٤٢ دیواندەرە لە ساڵی ١٩٤٣ ئازاد کرا و حکومەتێکی خۆیەتی دامەزراو دواجار لە شالاوێکی دەوڵەتدا حەمە ڕەشید خان

پێش ئەوەی بنکەی دەسەڵاتی لە شاری بانە بەجێ بهێڵێ شارەکەی لەسەر ڕەزامەندی خەڵکەکە سوتاند پاشان بۆ ساڵێك لە شاری سلێمانی لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە دوور خرایەوە ساڵی ١٩٤٦ بەشداری کۆماری مەهابادی کردو پلەی ژانراڵی پێدرا کرا بە فەرماندەی هێزەکانی بۆکان (منطقە) لە گوندی سەرای شاری سەقز وازهێنانی لە کۆماری مهاباد لە ١٩٤٦/٨/٢ گەڕایەوە گوندەکەی خۆی لەبەر چەند هۆیەك بۆ دارۆخان وە دوور خرایەوە بۆ ڕومادی تا ساڵی ١٩٥٠ گەڕایەوە شاری کرکوك تا ساڵی ١٩٥٨ لە گوندی دارۆخان لە ١٩٧٤/١٢/٤ ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد.

## شاری پێنجوین چەند جار کاول کراوە

ئەم شارە کاول کراوە هەر لە دروست بوون و ئاوەدان کردنەوەیەوە دەیان جار وێران کراوە و چۆڵ بووە ڕوخاوە یاخود سووتاوە و دواجاریش ئەوە بووە خەڵکەکەی هەر ئاوەدانیان کردۆتەوەو سەر لەنوێ شارەکەیان دروست کردۆتەوە. بەڵێ دەیان جار تەختو تاراجیان تێك ڕماندووە ئیتر یا بە هۆی کارەساتی سروشتییەوە یا بە هۆی شەڕو شۆڕی گەورەوە بەڵام وەك ووتمان

خەڵکە کۆڵ نەدەرەکەی هەر ناوەدانیان کردۆتەوە چونکە شاری پێنجوین زۆر خۆشەویست بووە لای خەڵکەکەی ..

حمە امین پێنجوینی لە هۆنراوە پێنجوینی تەخت دا ئەڵێ :-

ئەڕۆینەوە بۆ سەرکۆشك و بۆ بلیکان

با سەردەمێ تاڵ بێ ژیان

بازەمانێ تاڵ بێ ژیان

وەك لەگەشتەکەی شاکر فتاح دا نووسراوە :-

دانیشتوانی شاری پێنجوین ساڵی (١٩٣٠) خۆیان ئەیان گێڕایەوە ئەیان ووت : ڕووسەکان لەشەڕی گەورەی یەکەمی جیهانی دا واتە (شەڕی تێك ئالانی هەموان) ئەم شارەیان کاول و وێران کردووە دوکان و بازاڕەکەیان تالان کردووە و ڕوخاندووە ئەوە بووە هەر لە دواییدا سەر لەنوێ ماڵەکانیان دروست کردۆتەوە بەلام بازاڕەکانیان دروست نەکردۆتەوە تا دوای ساڵەکانی سی (٣٠). کەپریان ئەکرد (سابات) بە ڕێز شت و کەل و پەلەکانیان دائەناو بەشەو ئەیان پێچایەوە لەترسی جاف، واتە تیرەی جاف کە ئەوسا لەو دۆڵەوە گەرمیان و کوێستانیان ئەکرد هەر لەو ساڵانەدا بوو جافەکان جافە کۆچەرییەکان بەکۆمەڵ هورووژمیان ئەکرد بۆ کوێستانەکان و چەك و تفەنگیان هەبووە ئەوسا زۆریش بەیەکەوە بوون ئەوە بوو زۆرجار لەم سەردەمە کاتێ بەرەو کوێستان ئەڕۆیشتن جارێك بازاڕی پێنجوین یان تالان ئەکرد و جارێکی کە لە گەڕانەوەیان دا ئەوسا لەشاری پێنجوین

وەك گشت شارەكانی تری كوردستان جولەكەی لێبوو لەوێ دەژیان ((موسایی)). ماڵ و موڵك و دوكان و بازاڕیان هەبوو. پێنجوین چەندین خێزانی (جووی) لێبوو كابرایەك لەو موسایییانەی شاری پێنجوین ناوی (عەزریا) بوو تفەنگی هەبوو پیاوێكی زۆر ئازاو بە جەرگ بوو. ئەوسا هەر كاروانێ (عەزریا)ی لەگەڵ بوایە كەس نەی ئەوێرا ڕێی پێ بگرێ هەر بۆیە كاروان چیەكان بەكرێیان ئەگرت تا نزیكی شاری (سنە)ی ئێران لەم لاوە تا سلێمانی ئەم (عەزریا) ناوە جارێك بە پێنجوینییەكان ئەڵێ با لەم تیرەی جافە بدەین ئیتر بۆ ئەوەی جارێكی كە نەوێرن بە كۆمەڵ بڕژێنە شاری پێنجوین و دوكان و بازاڕەكەی تاڵان ئەكەن و ڕزگارمان بێت، ئەم كارەیان گشت ساڵێك دووبارە ئەبێتەوە. بەڵێ چەند كەس لە كوڕو كاڵ و پیاوە ئازاوو ناودارەكانی شاری پێنجوین كۆئەبنەوەو بڕیار ئەدەن بچنە پاڵ (عەزریا) ئەوە بووە ئیتر هەر ئەو ساڵەی كە بڕیارەكەیان داوە لەكاتی گەڕانەوەی هۆزەكانی جاف دا كە لە ئێران گەڕانەوە و ڕوویان كردە شاری پێنجوین و دوكان و بازاڕەكەی (عەزریا) لێیان دێنە دەست لەناو بازاڕەكەدا ئەبێ بەشەڕ نزیكەی حەوت كەس لە جافەكان ئەكوژرێن لە دوو شوێن دا و مەڕو ماڵاتیان گل ئەدەنەوە و ڕاویان ئەنێن تا نزیكی كەولۆس دوایان ئەكەون لەو ناوەش یەك دوویەكی كەیان لێ ئەكوژن و ئەوسا ئەگەڕێنەوە ئیتر هەر لەو ساڵەوە ڕزگاریان بوو لە تاڵان و بڕێی جافان هەر جافەكان خۆیان ساڵی دوایی داوای ئاشت

بوونەوە ئەکەن تا بتوانن لەو دەشتی پێنجوینەوە گەرمیان و کوێستانی خۆیان بکەن ئەوانیش ڕێیان پێ‌دان.

جا ئەوە بوو ووتمان ئەوسا دوکان دائەنراو هەڵ ئەگێڕایەوە هەر ئەوەیە تا ئێستاش بووە بە وێردی سەر زمانی دوکاندارەکان و خەڵکی شاری پێنجوین کە هەرگیز ناڵێن دوکانمان کردەوە یاخود دوکانمان داخست واتە (قفل کرد) هەر ئەڵێن دوکانمان هەڵ گرت. چونکە ئەوکاتە دوکانەکانیان کە پڕ بووەو بەشەو شتەکانیان ئەبردەماڵەوە و بە ڕۆژ دایان ئەنایەوە.

## ناوی ئاسنگەرەکانی شاری پێنجوین

١- عمری وەستا عبدالرحمن / حاجی عمر

٢- صدیق وەستا عبدالرحمن / حاجی صدیق

٣- فتح الله ئاسنگەر

٤- سید ئەسکەر

٥- خولانی حەمە تەنەکە/ تەنەکەچی و چەخماخ سازیش بوو

٦- دەروێش عمر

٧- حاجی نصرالله ئاسنگەر خۆیو کورەکانی

٨- شێخ حسن / مامە شێخ حەسەنی تەم تەمە

## ناوی پێڵاو فرۆشەکان و پینەچیەکانی شاری ( پێنجوین )

١- حاجی سعید		شێتەو احمدی کوڕی

٢- حاجی قادر		بەراز

٣- تایەری برای		حاجی ڕەشید

٤- وەستا قادری		بانەیی

٥- بەکرە شەل

٦- شێخە سورەو کوڕەکانی

٧- سعید عبدالرحمن / سەعەی مەحتێ

٨- وەستا ڕەحیم پینەچی

٩- حەمە کریم سەقزی

١٠- عەبەی مەلا حسن و کوڕەکانی

١١- حاجی محمد		/ تەقلەسپی/ تەقلە چەرموو

١٢- وەستا قادر		/ لالە قادر

١٣- عارفی ئاڵی

١٤- حەمدی عبدالله فقێ محمد

١٥- طە ی طاهیر میرزا احمد

## ناوی هەندێ سەرتاش و دەلاکەکانی شاری پێنجوین

ئەم سەرتاشانە هەندێکیان منداڵیان سونتەت (خەتەنە) ئەکرد ئەگەڕان بە ماڵان دا بە گوندەکانی دەوروبەری پێنجوین دا

١- مامە خوا کەرەم
٢- وەستا عیسی
٣- وەستا عبداللە ملا احمد
٤- وەستا سعید
٥- حەمەی خواکەرەم
٦- حسین وەستا کەریم
٧- قادری مامە حسین

## دانسازە کۆنەکانی پێنجوین

١- نعمان تاقمی دروست ئەکردو دانی دەرئەهێنا
٢- عەبەی ڕەحیم
٣- حمەی مەلا وەسمان دانسازە شەعبیەکان
٤- مینەی خواڕەحم

لەم دواییانەدا گۆیژەی شەوکەت و هـەندێ دانسـازی تـازە لـەو شارەدا کاریان ئەکرد .

## وێنەگرو ڕەسم چیەکانی پێنجوین

١- وەستا سعید

٢- وەستا ابراهیم / ڕەسم چی

٣- فهمی علی مالیە

٤- عبدالرحمن توفیق بابەرەبی

٥- عبداللە ی برای وەستا محمودی ناڵبەند

## خەیات و بەرگ دروەکانی پێنتجوین کۆن و تازە

١- وەستا توفیق / مامە توفیق

٢- علی مامە سەعە

٣- حەمەی مامە سەعە

٤- خولە عەلە

٥- سعید زۆراب

٦- رحمة اللە قاضی

٧- عەبە پشیلە

٨- وەستا احمد خیاط

٩- ابراهیم میرزا حسین

١٠- وەستا مجید

١١- حەمەی حمە ڕەش

١٢- وەستا کریم هەورامی شالْ فرۆش بوو لەگەلْ ئەوەدا

١٣- عەبە دیلا

١٤- احمد علی شەل

١٥- احمدی مامە سالە

١٦- عزیز و وەستا کریم بانەیی

١٧- مهدی وەستا کریم بانەیی

١٨- حاجی حمە امین خەیات

١٩- حاجی حمە صالح خەیات

٢٠- حاجی احمد وەستا مصطفی

٢١- حاجی کەریمی سورە

٢٢- وەستا حمە امین سورە

٢٣- وەستا عبدالله برای وەستا مجید

٢٤- حمەی ڕەعنا

٢٥- حەمە سعید حاجی صالح فەرزالی

٢٦- احمدی ڕەشەزاری

٢٧- وەستا سعید حەمە مصطفی

٢٨- ڕەشە حاجی فتح الله

٢٩- فقیٚ محمدی خەیات

٣٠- ڕۆوف حاجی عەبە ڕەحە

٣١- تۆفیق حاجی محمد مینە مەلیٚ

٣٢- ڕەحمان مەنیج

٣٣- وەستا حەمە امین خەیات لە بەنگەڵە

## ناوی هەندیٚ لە جۆلاکانی شاری پیٚنجوین

١- وەستا کریم جۆلا

٢- حاجی ابراهیم جۆلا

٣- عەبە جۆلا

٤- حەمە چەقۆ ئەمانە خەڵکی تەوێڵە بوون

٥- وەستا ڕۆستم

## خاوەن باخەکانی شاری پیٚنجوین

١- ڕەشید احمد عزیز / مامە ڕەشەی بلکیان

٢- لالە باخە

٣- عەبە ڕەزا

٤- محمودی ئەلی / محمود علی
٥- حاجی امین / ئەمینە دێز
٦- ئەحەی سلیمان
٧- علی لچ
٨- مەلا عمری باخەوان
٩- عثمان مام فرج / فرج قوجیلە
١٠- حمە قاسێ
١١- مەلا عزیز
١٢- سمایل بەگ
١٣- وەستا میرزا
١٤- عمر حاجی عبدالرحمن / عمر دایە گەورە
١٥- ئەحە سور / باوکی حمە فرج احمد سور
١٦- حاجی مەلا صالح / قادر سلام
١٧- عەبە ڕەش / ئەلیاسە فرە
١٨- حاجی حسین ترێ / ڕەشکە
١٩- حاجی حەمە امین / شەش و بیست
٢٠- فتح الله مام اورحمن
٢١- دەروێش ڕەشید
٢٢- احمد دەروێش ڕەشید
٢٣- حمە دەروێش حمە صالح

٢٤- وەستا صالح / دارتاش

٢٥- قادر حاجی خلیفه / خلیفه میرزا حسن

٢٦- احمد مختار و حەمە مامە عبدالله

٢٧- حاجی حسین ڕەش

٢٨- ئامین عارف / دادە ئامین

٢٩- عەبە خلە

٣٠- مالی حەمە عزیز

٣١- حاجی حەمە فرج / برای حاجی خلیفه میرزا حسن

٣٢- سعید زۆراب

٣٣- ماڵی خەجێ طه

٣٤- ماڵی عەبەی ڕەحیم

٣٥- مجیدی شریف

٣٦- اوج قارداش / قالە اوج

٣٧- ماڵە ڕەشەی ڕەحمان

٣٨- ماڵی محمودی فقێ ڕەحیم

٣٩- ماڵی قادری سەلام

٤٠- حاجی صالح فرزالی

٤١- حاجی محمد قوربانی

٤٢- حاجی حەمە بچکۆل

٤٣- خولە سەمەن / مام محمود

٤٤- مالی میرزا ڕەشید

٤٥- مینە قولینە / بێستانی هەبوو

٤٦- فاتە پیرە

٤٧- وەستا اورحمن

٤٨- حەمە صالح قازاخ

٤٩- قالە زۆراب

٥٠- حسین حەمەی میرزا محمود

٥١- دەروێش محمودی مام فرج

٥٢- ڕەشە کوێخا

## مامانە کۆنەکانی شاری پێنجوین.

ئەوانەی ڕوخسەت (اجازە)ی خەستەخانەیان نەبورەو لە هیچ قوتابخانەیەك نەیان خوێندووە بگرە هەر خوێندەوارییان نەبووە. ئەم مامانانە بەفێربوون و ڕاهاتنی لە خەلکانی ترەوە ئەم کارە فێربوون زۆریش شارەزابوون.

١- عاسە مارە

٢- نەنە خەجێ

٣- زلێخا

٤- خاتون احمد كوزەڵە

٥- دادە خورشە / خورشە بەرپان

٦- ڕەعنا علی ئەحە ڕەش (نەعە)

٧- زبەی سەعە خەڵوز

٨- ئەمنە کوردە

حەمە شێت ناوێك هەبوو، هەمیشە لەبەر خۆیەوە ئەیووت : درێمە، درێمە. هەمیشەو دائمیش پەڕۆیەکی گرێ ئەداو ئەی گرت بە دەستەوە شەوانەش سەرئەکەوت لە شەخسی لێژی ئەخەوت.

## بەربووکەکانی شاری پێنجوین

١- زلێخا

٢- ئەمنە کوردە

٣- خاخورشی

٤- مینای ڕەشە دەمنە

زۆری تریش هەبوون

## ناوی هەندێ لە شێتەکانی شاری پێنجوێن و ئەوانەی ڕوویان کردبووە ئەو شارە، بە لەقەبەکانیانەوە .

١-حەمە شێت

٢- شا علی

٣- وەهاب کەچەڵ /کولایەوە

٤- بینایی چاوان

٥- عەبە شێت / بەردە ڕەشە

٦- حەمە شێت / بناوەسوتە

٧- حەمە کوێچ کەمێ نوقسان بوو ئەقڵیشی کەم بوو بەوە توڕەیان ئەکرد ((بەفر ئەبارێ'دیارە لەو شارەدا و ئەویش توڕە ئەبوو : چونکە ئەویش حەزی لە تور ئەبوو.

٨- ئەحە شێت مەڕکینە

٩- عەینا وڕ ژن بوو / بەر بۆردوومانی تەیارە کەوت لەکاتی حوکمداری قاسم دا.

١٠- زبە / ئافرەتێکی نوقسان بوو خەڵکی ئێران بوو

١١- فاتە شێت / خێزانی حسە کەڕی شمشاڵ ژەن بوو

١٢- خاتوون عەباکەت / بەوە توڕە ئەبوو

# شاری ئاشتیو برایەتی شاری بێ گیرو گرفت

# شاری پێنجوین

بەڵێ لەم شارەداو هەرگیزو هیچ ماڵێك دەرگای حەوشەی دانەئەخست نە بەشەو و نە بە ڕۆژ بگرە زۆرجار دەرگای ژوورەکانیش. کلیل و قفل زۆر کەم بوو. دزو جەردەو ماڵ بڕ لەو شارەدا زۆر کەم هەبوو ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ شارەکانی تری کوردستان. زۆر بەکەمی خەڵك دەبرایە دادگا. کەم کەس پەروەندەی بۆ کرابوو کە لەسەر دزی یا پیاو خراپیو خەڵك ڕووت کردنەوە. دوژمنایەتی زۆر کەم هەبووە ئەگەر ڕووی دابێ چارەسەر کراوە.

خەڵکێکی زۆر کورد پەروەر و شۆڕش گێڕ لەو شارەدا بوون کە لە گشت ڕاپەڕین و لە گشت شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کورد دا ئەوان لە ڕیزی پێشەوە بوون. دەیان جار و بە دەیان شەهیدیان داوەو. خەڵکەکەی خزمەتی شۆڕشگێڕانی تریان کردووە. بەڵێ هەر خەڵکی ئەو شارە قارەمانە بەماڵ و بە گیان هەمیشە خزمەتی کوردو کوردستانیان کردووە.

شەڕی تایفەگەری ڕووی نەداوە یاخو کەم و سووك بووە زەرەری گەورەیان بەیەك نەگەیاندووە. کەم جار ناویان چوبێتە

دادگا یاخود دائرەی پۆلیس لەسەر ئەو شتانە. ئیتر ئەوە لە میوان پەروەریدا وەك وتمان و چەندین جار باسمان کرد کەم وێنە بوون.

لەو بارەیەوە خۆم (جلال یارە) ئەم چەند هۆنراوەیەم لەسەر دەرگای حەوشەی ماڵەوەمان نوسیبو.

(١)

پێڵاوی میوان ئەخەینە سەر چاو
ئەوەی خوا داویە لە نان و لە ئاو
پێکەوە ئەیخۆین ئەکەین شوکری خوا
ماڵی بێ میوان وێران بێ یاخوا

(٢)

میوان بەخێر بێ سەر دوو چاوانم
خوا تۆی کردۆتە شەریکی خوانم
ئەو پارچە نانەی خوا داویە بەمن
بێ میوان نایخۆم من لە ژیانم

## (١) هەندێك بیرەوەری

لە ساڵی ١٩٥٨ بووە یاخود لە ساڵی ١٩٥٩ تیمێکی ((ئینگلیز)) ئەندازیارو پسپۆڕ و جیۆلۆجی ڕوویان کردە شاری

پێنجوین دەستیان کرد بە گەڕان بەدوای کانزای ئاسن و شتی تر و کەمپێکیان دانا لە دەورووبەری پێنجوین لە شاخی ئاسن کوڵێن دەستیان کرد بە پشکنین.

لەناو ئەو تیمەدا پیاوێکی ئینگلیزی باڵا بەرزی تێدا بوو زۆر پەیوەندی پەیدا کردبوو لەگەڵ خەڵك. ئەو پیاوە هەر کاتێ لە شاخەکە دائەبەزی بۆ ناوشار بۆ پشودان یاخود بۆ کڕینی کەل و پەل ئیتر لەناو بازاڕەکەداو لەناو شاردا دەستی ئەکرد بە نوقڵ و چکلێت بەخشینەوە بەسەر منداڵاندا منداڵ لێی کۆئەبوونەوە جارجار لەناو نوقڵەکەدا پارەی وردەی تێدا ئەبەخشیەوە.

لەساڵی ١٩٥٩ بۆ ١٩٦١ تیمێکی تر جێی ئەوانیان گرتەوە ((ڕووسی)) بوون ئەوەبوو دوای شۆڕشی (١٤)ی تەموز ١٩٥٨ ئینگلیزەکان گەڕانەوە. سۆڤێتیەکان هاتنە جێگەکەی ئەوان ڕووسەکان زۆرترو زیاتر کارمەندیان لەگەڵدا بوو (٢) تا (٣) تیم بوو دابەش بوون بەسەر ناوچەکەدا هەر بۆ هەمان مەبەست هاتبون کاری ڕووسەکانیش هەر گەڕان و پشکنین بوو بەردی ئاسن چەند جۆر گڵ و هەندێ شتی تردا هەروەك ووتمان دیارە ئەم تیمە ڕوسیانە کەل و پەلی جیاوازترو زیاترو ژمارەی خۆشیان زۆرتریوون لە تیمە ئینگلیزەکە ڕووسەکان سێ کەمپیان هەبوو یەکێك لەناو شاخان و یەکێ لە چواریاخ و ئاسن کوڵێن و یەکێ لە میشاوی ناوچەی شلێر. ئەم تیمە ڕوسیانە هەندێ کارمەندی ژنیان لەگەڵدا

بوو دیاره مێردەکانیان هەر لە هەمان تیم دا کاریان ئەکردو کاربەدەست بوون هەر ئەو کاتانە بوو دەست کرا بە گواستنەوەی بەردی ئاسن لە شاخی ئاسن کولێن وە  بە وڵاخ ئەیان هێنایە چواریاخ لە پانتایەکی بەردەم باخەکاندا کۆمەڵ کۆمەڵ دائەنرا و لەوێشەوە ئەگوێزرایەوە بە لۆری و گەلابەی گەورە بۆ کارگەی سەرچنار و شوێنی تر بۆ بغداد بۆ کارگە چیمەنتۆکانی عێراق...

(٢) لەدوای جەنگی جیهانی دووهەم و یاخود هەر لەکاتی جەنگ دا بوو کە سوپای ئینگلیز بۆ پشوودان روویان کردە شاری پێنجوین لەو ناوچەیەدا دوو کەمپ (معسكر) یان دروست کرد یەکەمیان لەبەردەم جنەدەر و ئەوی تریان لەناو شاخان. ئەو سوپایە واتە سوپای ئینگلیز زۆربەی خەڵکی هندستان و هندی بوون. خەڵکی شاری پێنجوین زۆر تیکەڵیان بوو بوون و ئەوانیش هەروەها هەر بۆیە ئەوەبوو زۆربەی پیاو و کوڕە گەنجەکانی شاری پێنجوین لەگەڵ فێربوونی زمانی ئینگلیزی فێری (هندی) بووبوون و قسەیان پێ ئەکرد تا ئەم ساڵانەی دواییش چەند کەسێك مابوون کە بە ئینگلیزیو هیندی قسەیان ئەکردو چەند شتێکیان لەبیر مابوو... پاشماوەی ژوورو حەوزو مەلەوانگەو جێگە چادرەکانیان ماون بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە بە چیمەنتۆ کرابوون.

(٣)لە سالی (١٩١١)و ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی بالا دەست بووە لەو ناوچانەدا بەهۆی پیاوەکانی خۆیانەوە یاخود بە هۆی چەند شێخ و مەلایەکەوە وایان بڵاو کردبوەوە کە هەر کەس لە سوپای تورك یا دەوڵەتیتورکی یاخی ببێت و هەلگەڕێتەوە ئەوە مانای لە خەلیفەی ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە وەو ئەیان ووت ئەو کەسە بێ چەندو چوون (تەلاقی) ئەکەوێو بگرە ئەچێتە ڕیزی خراپەکارانەوەو ئەوانە خوانەپەرستن و بە کوردیەکەی کافر ئەبن.

بۆ نموونە ئەوسا لە شاری (بغداد) نەجیب پاشای (گوزنگی) والی تورك بووە. ئەو نەجیب پاشایە بە تەڵەکە بازیو ساختە بازیو بە پارەو فرو فێڵ ئەکەوێتە ناو شێخ و مەلاکان و پیاوە ئاینیەکانی ئەو سەردەمە ناو مزگەوت و تەکیەکان بۆ پڕو پاگەندە لەو ڕووەوە. وایان بڵاو ئەکردەوە کە هەر کەسێك چەك بۆ (سولطان) یاخود خەلیفەی ئیسلام هەڵ بگرێو لە شەڕدا بکوژرێ ئەوە بەهەشتی خوای بۆ خۆی مسۆگەر کردووە ...

خەلکی کوردی هەژاریش کوردی ئاین پەروەرو خواپەرستی ئەو سەردەمە زۆریەی زۆری چەکیان هەڵ گرت و یاخود پەیوەندیان کرد بە لەشکری تورکەوە. یاخود خۆیان هەر کەسە لەلای خۆیەوە دەستەو کۆمەڵیان پێك هێناو لەگەڵ لەشکری ڕووس کە ئەوسا لە ناوچەکەدا بوون کەوتنە شەڕەوە کە ئەوسا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی شەڕیان بوو.

هەر لەو ساڵەدا واتە ساڵی (١٩١١) چەند لاوێکی خەڵکی شاری پێنجوین و دەوروبەری پیاوی دین دار و خواپەرست بە دڵێکی پاکەوە چەکیان هەڵگرتوو ڕوویان کردە شەڕگەکان لەگەڵ سوپای ڕووس دا کەوتنە شەڕەوە .

## لەوانەی لە شاری پێنجوین چەکیان هەڵگرت بۆ دەوڵەتی عوسمانی

| | |
|---|---|
| ١- حاجی امین فاتێ | / ئەمینی فاتێ |
| ٢- حسن | حەسەنی زبە |
| ٣- احمد شریف | ناوێك |
| ٤- حەمە تاڵ | بانە |

جا ئێمە لێرەدا خوا لێخۆش بوو حاجی ئەمین ی فاتێ چۆنی گێڕاوەتەوەو چۆنی باس کردووە وای ئەنووسین . حاجی ئەمین وا ئەگێڕێتەوە :

ئەڵێ : ساڵی (١٩١١) چەند کوڕێکی گەنجی ناوچەی پێنجوین و دەوروبەری چەکمان هەڵگرت و کەوتینە ڕێ بەرەو خاکی ئێران کە ئەو کاتە چەند مۆڵگاو ئۆردوگایەکی ڕووسیەکانی لێبوو چەندین جار تووشی شەڕ بووین لە چەندین پێکادان دا سەرکەوتوو بووین سوپای ڕووسی لە گەڕانەوەدا بوون دوایان کەوتین لە گشت

فرسەتێکا تەقەمان لێ ئەکردن تا گەیشتینە سەر ئاوی (ئاراس) لە مابەینی ڕووسیاو ئێران لەوێ شەڕەکە زۆر قورس بوو . سوپای ڕووس بەربەرەکانی توندی لەخۆی ئەکرد من لەگەڵ حمە تاڵ دا بووم (حمە تاڵی بانە) شەوێك پێی ووتم (امین) ئیشارەتی بۆ کردم بە دەست بۆ شوێنێك ووتی ئەوە پردێکە ئەپەڕێتەوە بۆ ناو خاکی وولاتی ڕووسیا هەر لەوێدا ووتی دەوڵەتی عوسمانی شکاوە لە شەڕەکاندا وا بەرەبەرە لەم ناوە هەڵدێن و لە هەموو شوێنێکەوە ئەپەڕنەوە با خۆمان بدەین بە دەست سوپای ڕووسیەوە بەڵێ ئەو کاتە شەو بوو کە ئەم ووتو وێژەمان کرد لە گشت لایەکەوە دەنگی تەقەو ئاگربارانی تۆپەکانی هەردوولا ئەهات ئیتر ئەوەبوو لە نزیکە نیوە شەوێکی درەنگ دا (حمە تاڵ) کە پیاوێکە زۆر بە جەرگ و ئازاو کردە بوو لە نەترسیدا وێنەی نەبوو بە ڕاکردن بەدەم تەقە کردنەوە لە پردەکە پەڕیەوە هەرچەند تەقەیەکی زۆرمان لەسەر بوو ئەو لەو بەرەوە تەقەی بەسەرماندا کردوو ئێمە بە ڕاکردن و بە دوی ئەودا ڕامان کردو پەڕینەوە بۆ ئەوبەر پردەکە. کە خاکی وولاتی ڕووس بوو وەك لە یادم مابێ ئێمە کە ئەو شەوە ئەو بڕیارەمان دا (١٨) کەس بووین تەنها (٩) کەسمان توانیمان بە سەلامەتی خۆمان بگەێنینە ئەو شوێنەی کە حەمە تاڵ بۆی دیاری

کردبووین ئیتر ئەوی تری یا کوژرا یا بریندار بوو یا لە ئاوەکەدا خنکا نازانم!!؟

بەڵام با لێرەدا ئەوە بزانین کە ئەو (٩) کەسە هەموومان کورد بووین ...

کوڕێکمان لەگەڵدا بوو خەڵکی ((دووس)) دوز خورماتو بوو زۆر لەگەڵ مندا دۆست بوو. بەڵێ کە گەیشتینە ئەوبەر نزیک سوپای ڕووس بوینەوە چەکەکانمان فڕێداو دەستمان بەرز کردەوەو پارچە پەڕۆیەکی سپیمان پەیدا کردوو بەرزمان کردەوە ئیتر خۆمان دا بە دەست سوپای ڕووسەوە و هەر لەوێدا بە دیلی جەنگ ناونووس کراین دواجار ڕەوانەی ئۆردوگایەکی سەربازی کراین کاتێ گەیشتین و سەیرمان کرد ئەوێ پڕە لە دیل و گیراوو لە گشت تیرەو تایەفەو خەڵکی جۆراو جۆری لێ بوو. پاش ماوەیەك گواستینیانەوە بۆ شارێك کە پێیان ئەوت ((بطرس بۆرغ)) ستالین گرادی ئەم دواییە. ماوەیەك لەوێ ماینەوە هەر بە دیلیو لە سەربازگەکاندا پاش چەند جار ناونووسین و لێ کۆڵینەوەلەگەڵماندا دابەشیان کردین. خاوەن زەویو ئاغاو پیاوە دەوڵەمەندەکانی ئەو ناوچەیە هاتن و ئێمەیان برد لەگەڵ خۆیاندا ئەوەبوو هەر چەند کەس بەر ئاغایەك یا خاوەن موڵك و زەوی یا پیاوی دەوڵەمەند کەوتین ئیتر ئێمە وەك کۆیلە (عەبد) سەیر ئەکراین لەلایەن خاوەنەکانمانەوەو لای خەڵکی ڕووسی ...

هەرچی کاری قورس و ئەوەی کە خۆیان نەیان ئەکرد بە ئێمەیان ئەکرد. نۆکەری، سەپانی، خزمەت کاری، شوانی، باخەوانی، جوتیاری، کرێکاری، خۆڵ ڕێژی و هتد ...

هەر کاتێکیش تورە ئەبوون داخی دڵی خۆیان پێ ئەڕشتین و تێرو پڕ دارکاریان ئەکردین و لێیان ئەداین هیچ بەزەییان بە ئێمەدا نەئەهاتەوە بە هەرحاڵ ئەو ماڵەی ئێمەی بەرکەوتین خاوەنەکەمان کابرایەکی زۆر بێ بەزەییو کەللە ڕەق بوو خاوەنی زەویو زارو باخێکی زۆری هەبوو گشت کارێکی قورسی بە ئێمە ئەکرد جوتیاری، باخەوانی، پاچەکۆڵە، شوانی.، بەڵێ ئێمە (٣) کەس بووین دوانمان خەڵکی پێنجوین بووین ئەوی ترمان خەڵکی دوز خورماتو بوو. خاوەنەکەمان ئاغایەکی دووژمن دار بوو. خێزانەکەی پێك هاتبوو لە خۆی ئاغاو دایکێکی پیرو (٤) چوار کوڕ. وەك ووتمان کابرایەکی زۆر بێ بەزەیی و غەدار بوو بە هیچ جۆرێ ڕەحم و بەزەیی لە دڵیدا نەبوو زۆری لێ ئەداین زۆر ماندووی ئەکردین بەڵام چار نەبوو نە شوێن هەبوو ڕابکەین نە کەس فریامان ئەکەوت بەهەرحاڵ (٥) پێنج ساڵی ڕەبەق بەو جۆرە ماینەوە لای ئەو کابرایە هەموو شتێکمان قبوڵ کرد هەر لەبەر مانەوەی خۆمان ململانێمان ئەکرد لەپێناوی مانەوەدا. نزیك ساڵەکانی (١٩١٧) بوو جموجوڵی (شیوعیەکان) کۆمۆنیستەکان دەستی پێ کردبوو پێیان ئەووتن (بەلشەفیك)ەکان لەو کاتەدا دەنگ وا بڵاوبوو بوو

که شۆڕش ئەکەن ئەو کاتە ئێمە زۆر باش فێری زمانی ڕوسی ببووین و لێی تێ ئەگەیشتین و قسەمان پێ ئەکرد..

ماوەی چەند مانگێك بوو ئاغاکەمان میوانی زۆر بوو بە پەلە ئەهاتن و بە پەلە ئەگەڕانەوە کە سەیرمان ئەکرد ئاغاو میوانەکانی ترس و لەرزێکی زۆر لە ڕویانا ئەبینرا قسە کردن و ووتو وێژو چپەچپ و دانیشتن تا درەنگانێکی زۆربەی شەوانی ئەو ماوەیە ئەیانخایاند. ئێمە ئاغاکەی خۆمان بە کزی و زەلیلی ئەدی. ڕۆژێك لەو ڕۆژانە بانگی کردم ووتی ((امین)) وەرە نزیکی بوومەوە بەدەم پیاسە کردنەوە ووتی : (امین) ئەگەر تۆ دەستت بڕوات چی لە ئێمە ئەکەی؟ ئەمان کوژی؟ منیش ووتم گەورەم ئەگەر دەستم بڕواو دەسەلاتم بوو! خۆ نام بێت ئەگەر بووم خۆم ئەزانم ووتی فەرز کەین بووت بەم زوانە ؟

لە وەلامدا ووتم جارێ یەکەم جەنابت سەرو خوار هەل ئەواسم تا گیان لە دەست ئەدەی لێت ئەدەم ! ووتی ئەی کورەکانم؟ ووتم بچووکەکەیان ناکوژم بەلکو یارمەتی ئەدەم چونکە ئەوەتەی ئێمە لای ئێوە کۆیلەین ئەو ڕێزمان ئەگرێ و بەزەیی پێماندا دێتەوەو یارمەتی زۆری داوین... ئیتر بە توڕەییەکەوە ووتی بڕۆ بەلای کارتەوەو پالێکی پێوەنام.

لە سالی (١٩١٧) لە مانگی ئۆکتوبەر ڕۆژێك لەناو کێلگەکان کارمان ئەکرد پاچەکۆلەو ئاودان و ئیتر کاری جوتیاری . سەیرمان

کرد ئەوا خەڵکێکی زۆر بەرەو کێڵگەو لای ئێمەو ماڵی ئاغا دێن ئاغا زۆر بە پەلە بانگی منی کرد ووتی ((حسێن)) وەرە بە پەلە چووم بۆ لای ووتی (حسێن) من لەگەڵ خێزانەکەم و کوڕەکانم ئەڕۆین ئەم خانووەو ئەم باخ و باخاتەو ئەم گشت زەوی و زارو مەڕو ماڵات و حەیوانە بە ئەمانەت ئەدەم بە تۆ خۆت و هاوڕێکانت بەرو بومەکەی بخۆن بەڵام دڵیکم پیرە ئێمە ژنەکانمان نەوێرە تەسلیم بیبەم ئەگەر هەرکەسێ هات پێی ئەم ماڵە ماڵی منە گشت شتەکانی تریش هەر خۆت خاوەنی بە. ئەوجار بە پەلە بە کچەکەو ژنە خۆیەو کوڕەکانی و هەندێ کەلوپەلی کەم و خواردەمەنی و هەندێ (تحفیات)و شتی ئەنتیکەو زێڕین و پارە هەرچیان هەبوو بردیان رۆیشتن ئەمان زانی بەرەو کام لا یاخود کام شوێن ئەڕۆن چونکە بە ئێمەیان نەووت. پاش چەند کاتێک دوای ئەوان کە لە چاوون بوون خەڵکێکی زۆر گەیشتنە لای ئێمەو بڵاویان کرد بەناو باخ و باخات و بیستانەکەداو بەناو گوندەکاندا هەندێ لایان ئەلیە لای ئێمە بەرەو خانووەکەی ئاغا هاتن منیش خێرا لەسەر کورسیەک دانیشتم تا لە دەرگایان دا من خێرا زۆر لەسەرخۆم و خۆم تێک نەدا چوومە خوارەوە ((خانووەکە باڵەخانە بوو)) وتە دوو قات بوو دەرگام بۆ کردنەوە. ووتم فەرموون: پرسیاریان کرد ووتیان ئەم خانووە ئەم ماڵە ماڵی کێیە؟..

ووتم مالّی منه هەرخێرا بەگەرمی خولکی گەرمم کردن و قسەکەم پێ گۆڕین بە زۆر بەرەو سەرەوەم بردن هەموویان چەك دار بوون دەمانچەو فیشەکیان لە خۆیان دابوو بە جل و بەرگی مەدەنیەوە وە هەر یەکەیان پەڕۆیەکی سوور لە بالّی بەسترابوو هەندێك لە پەڕۆکان وێنەی داس چەکوشی تێدا دروست کرابوو ئیتر خێرا زانیم ئەمانە بەڵشەفیك و شۆڕش گێڕەکانن. دوای بەخێرهاتنێکی گەرم بە زمانی ڕووسی وەك لە پێشەوە باسمان کرد من زمانی ڕوسی زۆر باش فێر بوو بووم وەك خۆیان قسەم پێ ئەکرد ووتم : چای لای ئێمە ئەخۆن یا چای لای خۆتان هەموو سەیریان کردم ووتیان بۆ تۆ چیت و خەڵکی کام لای؟ ئیتر من چووم چام بۆ حازر کردبوون لەگەڵ هاوڕێکانم بۆم هێنانە بەر دەستیان و لەکاتی چا خواردنەوەکەداو بەدەم چاخواردنەوە سەر گوزەشتەی خۆم و بەسەر هاتی هاوڕێکانم بۆ گێڕانەوە ... هەر یەکەیان چەند چایەکی تاڵ( دیشلەمەیان) خواردەوە. یەکێك لەو شۆڕش گێڕانە دیار بوو لە هەموویان گەورەتر بوو بەلاّم بە ناوی گشتیانەوە قسەی کرد ووتی: برا تۆو هاوڕێ یەکانت لەگەڵ ئێمە بن چاکە ئەگینا لەم شەڕو شۆڕەدا کە بەڕێوەیە ڕوو بدا لە ناو ئەچن با ڕاست و دروست پێت بڵێم ئێمە بۆ ئەم ماڵە هاتووین ئێمە ئاغاکەی تۆ ئەناسین بەلاّم نەمزانی کە ئێوە لێرەن ناو بانگی ئەم ئاغا زۆردارەمان بیستووە، ئاغایەکە زۆر زۆردارە، ئێمە واهاتبووین

ئاغا بکوژین و خانوەکەی بسوتێنین بەڵام ئەوەتا ئاغا ڕای کردووە ئەوە بە هەر حاڵ ئەیدۆزینەوەو ئەیکوژین لەبەر ئەو پیرێژنە خانوەکە ناسوتێنین بەڵام چی بەکەڵك بێت ئێمە ئەیبەین یا دابەشی ئەکەین بەسەر خەڵك دا. ئێوەش واچاکە لە گەڵ ئێمە بێن و ببن بە شۆڕش گێڕ منیش خێرا ووتم بە خۆمەوە ئێمە چوار کەسین هەر ئەو پیاوە ووتی بڕۆ بانگیان بکە ووتم لێرەن هەر لەوێدا یەکی پەڕۆیەکی سوریان دا بە ئێمە لەوانەی خۆیان ووتیان لە باڵی خۆتانی ببەستن.

ئێمەش دەس بە جێ لە باڵمان بەست و ڕازی بووین کە لەگەڵ بەلشفیکەکان بڕۆین. بەشێکی زۆر لە خانو بەرەو شتەکانی ئاغایان سوتاند ئەویشی کە بەکەڵك ئەهات یا دابەشیان کرد بەسەر خەڵکدا یا خۆیان بردیان ئیتر زەوی و زارو باخ و باخات درایە دەست ئەوانەی لەوێ مانەوە ئێمە لە گەڵیاندا ڕۆیشتین بەرەو شارەکانی نزیك. سەرەتا چووینە ئۆردوگایەکی سەربازی زۆر قایم و زۆر گەورە کە لەوێ سەیرمان کرد ئەوا خەڵکێکی زۆر زۆر گیراون لە هۆڵ و ژورو حەوشەکەدا مۆڵ درابوون یەکێك لە ناو گیراوەکاندا بانگی کرد (أمین) فریام کەوە ئاوڕم دایەوە هەر (ئەمین) ئەمینی بوو هەر چەند بەدەنگەکەیدا ناسیمەوە بەڵام دوو دڵ بووم کە ئەمە ئاغاکەم بێت کە نزیك بوومەوە لە گیراوەکان سەیرم کرد خۆیەتی

ئاغاکەی من بوو گیرابوو دیم بەدەم گریانەوە ووتی (ئەمین) مەرد بە فریام کەوە رزگارم کە بەلشفیکەکان ئەمکوژن. !

منیش ووتم ئاغا پڕ بە دڵ پێم ناخۆشە بەڵام بڕوات ببێ دەسەڵاتم نیە دەستم ناڕوا. چەند رۆژێك لەو ئۆردوگایە ماینەوە رۆژێك یەکێك لە ئەفسەرەکانی ئۆردوگاکە بانگی کردم ووتی خۆت و هاورێکانت وەرن بۆ لام باسی ئێوەیان بۆ کردووم بە ڕوتبەو جێگە زۆر گەورەبوو لە ئۆردوگاکە دیار بوو لێپرسراوی ئەو ناوچەیەو ئۆردوگاکە بوو گەورەی ئەو سەربازگە گەورەیە.

منیش برادەراکانی خۆم بانگ کردو چوین بۆ لای و سەلامی سەربازیمان بۆ کرد ڕوی کردە من ووتی (ئەمین) ئێمە چاڵی گەورەمان لەدەرەوەی سەربازگەکە کردووە ئەو گیراوانە هەموویان زۆردارو چەوسێنەرو ئاغاو دەرەبەگ بوون لەکاتی ڕژێمی (قیصر) قەیسەردا ئێستا قەیسەر نەماوەو رژێمەکەی روخاوە ئێمەی بەلشەفیك و حکومەتی (لینین) حوکمی وولات ئەکات ئێمە ئەمانە ئەکوژین تیرە بارانیان ئەکەین لای چاڵەکان ئێوەش ئەبێ بەشدار بن لە تیرە باران کردندا لە داپۆشینیاندا لە ژێر خاك ئەوە بوو یەکەم دەستە کە تیرە باران کرابوون ئێمە چووین چاڵەکان داپۆشین سەیرم کرد ئاغاکەی منی تێدا بوو بەڵام زۆر گەڕام کوڕەکانی دیار نەمابوون نازانم چیان لێ بەسەر هات.

پاش چەند ڕۆژێك لەو سەربازگەیە ماینەوە پێشنیارمان بە هۆی لێپرسراوی کۆمۆنیستەوە دایە دەوڵەت و حیزب و داوای گەڕانەوەمان کرد بۆ وولاتی خۆمان پاش چەند ڕۆژێکی کەم قبوڵیان کرد جوابەکەی هاتەوە ئەوە بوو لە مانگی (٨) ساڵی (١٩١٧) لە ڕێگەی تورکیاوە گەڕاینەوە وولاتی خۆمان و دواجار شاد بووینەوە بە کەس وکارو شاری پێنجوێنی خۆشەویست.

## بومەلەرزەکەی شاری پێنجوێن ساڵی (١٩٤٦)

لە ساڵی (١٩٤٦)و لە مانگی (٧) دا سەرەتای بومەلەرزە گەورەکەی (پێنجوێن) دەستی پێ کردو ئەوە بوو پاش ماوەیەك شارەکەی هەژاندو زۆر شوێنی وێران کردو چەندین خانوو بەرە لە دوو نهۆمە ڕەنگینەکانی ئەو شارەی وێران کردو ڕوخاندی بەسەر یەك داو دارو پەردوی تێکەڵ بەیەك کرد هەر چەندە زەرەری گیانی و ڕوحی زۆر کەم بوو بەلام خەڵکەکەی هەر بۆ ماوەی ساڵێکی ڕەبەق ئاوارەی شارەکان بوو هەندێ خێزان ڕویان کردە شاری سلێمانی و شارەکانی تری نزیك و چەندین خێزان لە خوارووی شارەکەوە کەپریان بەست یاخو کوخێکیان لە تەیمان و قوڕ دروست کردو تێیدا جێگیر بووین ناویان نا بەنگەڵەکان.

ساڵی (١٩٤٧) خەڵکەکەی گەڕانەوە سەر لە نوێ شاریان ئاوەدان کردەوە خانوە ڕوخاوەکانیان سەر لە نوێ دروست کردەوە. ژیان جارێکی کە کرایەوە بەبەر شارەکەدا جموجۆڵی تێکەوتەوە.

مفتی شاعیر / مفتی ( پێنجوێنی) ئەم هۆنراوەیەی بە بۆنەی چەند جار بومەلەرزەی پێنجوێنەوە نوسیوە ئەو کاتەی ئاوارە بوون و لە پێنجوێن دوور کەوتبوونەوە.

داخەکەم پێنجوین کەوا ئەمڕۆ لە تۆ دورو جیاین
تۆ بەهەشت و ئێمە وەك ئادەم لە ناوتا دەرکراین
گەر بە جارێ قەسری لوبنان بێ بە جێمان دۆزەخە
چونکە فێری ئاوی ساردی تۆو هەواو شاخ و چیاین

شیوەنێك بۆ پێنجوین:

(مفتی) پێنجوینی ئەم هۆنراوەیەی بۆ بومەلەرزەکەی پێنجوین وتووە

پێنجوین بە بێ تۆ نزیکە مەرگم
لوبنان شکێن بووی داخی بە جەرگم
تازە بووکێ بووی بەسەر چیاوە
ئەهاتنە سەیرت لەم لاو لەولاوە
پارچە ئەرزێ بووی لە پارچەی بەهەشت
زەردو سورو شین کەژو کێوو دەشت

له ٢٤/١٠/١٩٦٢ دا جارێکی تر لەلایەن سوپای عێراقەوە شارەکە سوتێنراوەو کاول کراوە خەڵکەکەی ئاوارەی سنورەکانی ئێران وشارەکانی تری عێراق بوون بە تایبەتی سلێمانی و سەید صادق . چەندین جار فرۆکەی عێراق بۆردومانی شارەکەی کردووە زەرەرو زیانێکی زۆری رۆحیو مادی لە خەڵك داوە باخ و رەزەکانی سوتاندووە. لە دوای سالی (١٩٦٣) بەرەبەرە خەڵکەکەی گەرانەوەو شارەکەیان سەر لە نوێ ئاوەدان کردەوە خانوە سوتاوەکانیان سەر لە نوێ کردەوە.

بەلام هەندێ خێزان و بنەماڵە ئیتر هەر لەو ساوە نەگەرانەوەو لە شارەکانی تر جێ گیربوون بە تایبەتی لە سلێمانی تا ئێستاش هەر لەو شارانە ماون.

لە کۆتایی سالی (١٩٧٤) دا جارێکی تر بە هۆی دەست پێکرنەوەی شەر لە مابەینی گەلی کوردو سوپای عێراقەوە سەر لەنوێ جارێکی کە خەڵکەکەی لە ترسی بۆردومانی فرۆکە کە ئەو کاتە فرۆکەکانی عێراق قەڵادزەو - هەڵەبجەی بۆردومان کردبو. لە شاری پێنجوێندا شوێن و رێگەی قایم جێگەی خۆشاردنەوەو خۆپاراستنی نەبوو شارەکەیان چۆلْ کرد دیسانەوە رویان کردە شارەکانی ئێران و سنورەکان و گوندەکانی دەوروبەرو دەورو پشتی شارو (سەرکۆشك) زۆربەی خێزانە هەژارەکان بەرەو ئۆردوگای (شێرو خورەشیدی سوری ئێرانی) ئەوسا رۆیشتن تا لە

ساڵی ١٩٧٥ دیسانەوە جارێکی کە خەڵکەکەی گەڕانەوەو شاریان ئاوەدان کردەوە ئەو خانوانەی روخابوو لەسەر شێوەی تازە دروست کرایەوە تا ساڵی ١٩٧٦ ئیتر بە تەواوی چەند شوێن روخابوو کرایەوە شار گەورەتر بوو زۆر بینای حکومی دروست کرا چەندین مزگەوت و قوتابخانەی تازە دروست کراو شار جموجۆڵی جارێکی کە تێکەوتەوە لە ساڵی ١٩٨١ دا شاری پێنجوینی خۆشەویست بەهۆی شەڕی ئێران عێراقەوە بەتەواوی چۆڵ کراو سوپای عێراق بە پاڵپشتی دائیرەی ڕێگاویان بە کەرەسەی خۆیان رئەوان بە بلدۆزەر و شۆفڵ و گرێدەرو دەبابەو بۆمب و قومبەلەو ئەلغام (مین) شارەکەیان لەمسەر تا ئەوسەری لەگەڵ زەوی تەخت کرد جارێکی کە ئەو شارەیان ئاوا وێران و کاول و تەخت و تاراجیان تێك دا.

ئەو سەرا (قشلە) زۆر قایمە کۆنەیان بە بۆمبا تەقاندەوەو بە شۆفڵ تەخت کرا ئیتر ئەو شارە بوو بە کەلاوە ناوچەکەش بووە ناوچەی سەربازیو جەنگ قەدەغە کرا کەس هاتوو چۆی ئەوناوەی نەئەتوانی بکا. ئەمجارەیان ڕژێمی عێراق خەلکەکەی ڕەوانەی ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان کردو لە (شارەزور) لە ئۆردوگای (نصر)و هەندێکی لە (باریکە) جێگیر کرا ئەوانەش کە نەچوونە ئۆردوگا هەمدیسان ئاوارەی شارەکانی تری کوردستان بوونەوە بە تایبەتی سلێمانیو دەوروبەری. تا ئێستاش ئەو شارە بەتەواوی

ئاوەدان نەکراوەتـەوە خەڵکەکەی نەگەڕاونەتـەوە جێگـەی خۆیـان ئەوەیش دوای ڕاپەڕین گەڕانەوە خەڵکە  هەژارەکە بـوون کـە نـەی توانیوە خانوی باش و جێگەی حەوانەوەو دوکـان و کاسـبی باشـی هەبێ .

سەوزە گیاو گوڵیان

گشت سووتاند

کاردی ئەمدیوو کاردی ئەودیو

یەکەم نانەواخانـە (پیـاو خـێرخوای شـاری پێنجویـن – حـاجی صالح فرزالی دایمەزراند. شاگردو وەستای بۆ گرت بە کرێ  زۆربـەی جارەکان ئاردی داوە بە نانەوا کۆنەکان بۆ خێر بۆ فەقیرو هەژاران.

حاجی صالح / هەمیشە ماڵەکەیان جێگەی حەوانەوەو خـواردن و نوستنی کوێرو شێت و فەقیرو هـەژاری غەریبـە بـوون کـە ڕویـان ئەکردە ئەو شارە لە ژن و لە پیاو لە منداڵ ئەو پیاوە خێرەوەمەندە هەرگیز بە بێ میوان نانی نەئەخوارد.

بۆ پێنجوین

حسین حاجی مەلا  (دڵتەڕ)

بۆ شارەکەی موفتی نەمر

بۆ پێنجوینی زامو ئاگر

بۆ بەهەشتەکەی کوردستان

ئیلهامی هەستی شاعیران

بۆ مەڵبەندی سروشت و ژین

کانگای شۆڕش و ڕاپەڕین

بۆ شەهیدی لاو تێکۆشەر

حەمەی صدیقی ئاسنگەر

چەپکێ گوڵاڵە سورەی جوان

لە باخی چوارباخ و بلکیان

پێش کەش بەتۆ پێشکەش

ئەی شارەکەی پڕ پیت و گەش

بیرەوەریو ڕابوردووی تۆ

داستانێکە خاوەن شکۆ

کوا بەرهەمی شاخی کەژان

کوا قەڵا خاوی پڕ داستان

کوا شاییو بەزمی جارانت

حسێن ، دارەو یارانت

خولە عەرەب خولە ئەسە

یادیان بەخێر ئەو سێ کەسە

کوا ئەعرەتەی باخەوانت

فەیلەسوفی شیعری جوانت

هەزار کانیانەکەت ماوە

کانی حەیاتی سەر چاوە

تۆیە ڕەشەی ئەڵیسەڵۆی

شەنیمەتی و بەخەر و تۆی

زنجیرەی گەتی شەموەقەت

شەلخی بەشنو یە هەیبەت

تووچە قەڵای بەرزو سەرکەش

پانکە زێرینەی لە بەوەش

دڵی ئەسەر پێتجونەکەم

گیان و ژین و هەوێنەکەم

کەی دێتە نێو خوزگەو ئاوات

گەشاوە بێت و بێم بۆ لات

زەردەی دەم کەڵی تێزەت

ئەو تۆو هەوا سەرزگارەت

دەنگی ماڵ و هاژەی کانیت

ئەمەو گەلی تر لە جوانیت

گشت بوون بە قڵپەی هەڵبەستم

شارتخاوی هەست و دەستم

لە مەنجی تۆ پێتۆس شکا

چاوم فرمێسکی لێ تکا

# ئاهەنگ و شایی لە شاری پێنجوین

هەروەك داب و نەریتی كوردەواری كۆن لە شاری پێنجوین زۆربەی شایی‌و زەماوەندی سێ تا حەوت رۆژی ئەخایاند ئیتر ئەوەش بەپێی بارو زروف یاخود بەپێی توانای خاوەن زەماوەندەكە.

بەڵێ بە هەرحاڵ شایی و زەماوەند لەو شارەدا بەیانیان هەڵپەركێ گۆرانی تا نیوەڕۆ دوا نیوەڕوان تا ئێوارە زۆرجاریش بە شەویش هەڵئەدایەوەو شایی‌و هەڵپەركێ ئەكرا لەم شارەدا گۆرانی بێژەكان شەو گەرمیان ئەكرد.

هەڵپەركێی ڕاستەو چەپی. ڕەش بەڵەك ژن و پیاو شێوەی مەریوانی‌و چەندین جۆری تر.

زۆربەی جارەكان لە شاری پێنجوین بووك و زاوایان ئەبردە ناو هەڵپەركێ كەرانەوەو ئەوانیش بۆ چەند ساتێك دەستیان ئەگرت ئەبوایە لەگەڵ خەڵكەكە دەستیان بگرتایەو هەڵپەڕینایە لەوكاتەدا گۆرانی بێژەكان كە زۆربەیان هەر خەڵكی شارەكە بوون گەرمیان ئەكرد بە پیاهەڵدان بەسەر بووكو زاواداو ئیتر ئەبوو بە چەپڵەڕێزان و هەرایێكی وا هەر مەپرسەو بەدەم ناگێڕێتەوە لە شایی‌و زەماوەنی ئەم شارەدا لە ماڵی زاوا خواردن دروست ئەكرا لە

سەریان ئەگەر وەرز خۆش بوایە یاخود لە دیوەخان و ژوری گەورەدا سفرەی زۆر گەورە ڕائەخراو دەستە دەستە خەڵك ئەچوون و نانیان ئەخواردو ئەچونەوە بۆ ناو شایی‌و هەڵپەڕکێکە ئەو شوێنەش پێشتر ئامادە ئەکرا ئیتر سا حەوشە بوایە ئەگەر گەورە بوایە یاخود شوێنێکی کەی بۆ تەخت ئەکرا لە دەرەوەی ماڵی زاوا ئەبوایە شوێنەکە پان و بەرین بوایەو ئاوپرژێن ئەکرا چەند جارو ئەکوترایەوە.

لەسەر سفرەی ماڵی زاوا ئەبوایە برنج و شلەو گۆشت هەبوایە دەستەیەك نانی ئەخوارد دەستەیەکی کە ئەهاتنە سەر سفرەکە بۆ نان خواردن خۆ ئەگەر خواردنی سەر سفرەکە کەم بوایە ئەبوایە خێرا خواردنی تریان دروست بکردایە یاخود ئەگەر میوانی دوور درەنگ بگەشتایە ئەوا خواردنی تازە لێ ئەنرا زوو بە زوو ئامادە ئەکرا دیارە هەندێ جار هەڵپەڕکێ‌و شایی ڕائەوەستا تا دوای کەمێ حەوانەوە یاخود تا دوای نان و چا خواردنەوە ئەوسا دەستی پێ ئەکردەوە.

## بووك گواستنەوە

کاتێ بوك ئەڕازایەوە ئامادە ئەبوو لە ماڵی باوکی بوکێ ئەهاتە دەرەوە دوو ژن ئەم لاو لای بوکەکەیان ئەگرت. لاوێك ئاوێنەیەکی

گەورەی ئەدا بەکۆڵیدا پێش بوکێ ئەکەوت وردە وردە بەپێی بووك ئەڕۆی بوکەکەو دەستە خوشکان و ژنـان و کچەکانی لەگەڵ بوکێدا بوون لە ئاوێنەکەوە دیار بوون بوکێ جار جار سەیرێکی خۆی ئەکرد لەژێر تاراوە.

ئیتر منداڵ و لاوەکانیش لە پێشەوە ئەکرا بە گۆرانی ووتن و چەپڵەڕێزان تا بەردەم ماڵی زاوا بەم جۆرە چەندین جار دەست ئەگێڕاو سەما ئەکرا. زاوا لەسەر شوێنێکی بەرز ڕانەوەستا لەگەڵ هاوڕێی دۆست و خزمەکانی. کەڵەشێرێك و لەسەر سینیەك هەندێ نوقڵ و چکلێت ئامادە ئەکرا بە دەستیانەوە بوو. کاتێ بووکێو دەستەکەی ئەگەیشتنە بەردەم ماڵی زاوا زاوا کەڵەشێرەکەی هەڵ ئەدا بەسەر بوکێدا دیارە خەڵکێکی زۆر خۆی بۆ ئامادە ئەکرد بۆ گرتنەوەی کەڵەشێرەکە ئیتر کێ ئازابوو کەڵەشێر بگرێتەوە جاری وا هەبووە ئەو کەڵەشێرە ئەقیرە بەستەزمانە هەر پارچەیەکی بەدەست یەکێکەوە بوو و پەل پەل ئەکرا.

ئەوەتا یەکێ لە پەندە کوردیەکانی ناوچەکە ئەوەیە ئەگەر یەکێ پەشۆکاو جلوبەرگ و یاخود سەرو و قژو کڵاو جامانەی تێك چوو بێ ئەڵێن :-

چیە ئەڵێی کەڵەشێری شاییت.

یاخود (( ئەوە بۆ بووی بەکەڵەشێری شایی ))؟

یاخود ئەوترا وایان لێ کردم ((کردمیان بەکەڵەشێری شایی))
دواجار دیارە برازاواکان کەڵەگەڵ زاوا وەستا بوون سینیە نوقڵ و چکلێتەکەیان هەڵ ئەدا بەسەر بوکێدا ئەویش منداڵان پەلاماری نوقڵ و چکلێتیان ئەدا جارجار پارەی وردەی تێدا بوو ئەوسا ئەبوو بەیەك هەرا کلکی کەری تێدا ئەپچڕا هەر منداڵ بوو ئەبوو بەزێر پێی خەڵکەوە.

ئەوسا دوای ئەمانە بوکێ بەبەردەم زاوادا تێ ئەپەڕاند کاتێ ئەگەیشتە بەردەم زاوا توند چەپۆکێکی ئەکێشا بەسەر بوکێدا و ئەوسا بووك ئەبرایە ماڵەوە. لەگەڵ بووکێدا ژنێکی بەتەمەن ئەهات پێی ئەوترا بەربووك ئیتر شایی و زەماوەند بەردەوام ئەبوو تا شەو.

## هەندێ هۆنراوەی فۆلکلۆری

هەموو مەڵبەندو ناوچەکانی کوردستان تایبەت مەندی خۆی هەیە لەشێوەو جۆر لەهجەو هۆنراوەو پەندوباری فۆلکلۆری خۆی هەرچەند هەندێ فۆلکلۆر هەیە کە لەگشت ناوچەکانی کوردستان هەمان دەنگ و هەمان ماناو هەمان مەبەستی هەیە چونکە فۆلکلۆر مولکی کەس نیە بگرە هی گشت خەڵکی ئەو نەتەوەیە کەتێیدا

ووتراوه ئەوەندە زۆر هەیە لەوانە ئەو هۆنراوانەی کەلەشاری
پێنجوین و ناوچەکەیدا ئەوتران یا بەگۆرانی یا وێردی سەرزمانی لاو
و گەنجانی ناوچەکە بووە.وەك:—

کچان و کوڕان گرتوویانە جووتە
ئەچن بۆ سەیران بۆ بناوەسوتە
ڕێگاکەی پێنجوین لولە لولەیە
لەسەر بالاکەت شەڕە گوللەیە
ئەچی بۆ پێنجوین پێنج ت پێ ئەچێ
هەتاکو دێ تۆ تاقەتم ئەچێ

یاخود:—

ئەچم بۆ پێنجوین پێنجم پێ ئەچێ
هەتا دێمەوە تاقەتم ئەچێ
ئەو بەرخە جوانەی بۆ بلکیان ئەچێ
لارو لەنجەی لەتوران ئەچێ
نەماوە قووەو هێزو ڕەوتەکەم
ئاخ بۆ حەمدی خان بەر مزگەوتەکەم
نەماوە قوەو هێزوو هەناوم
لەبۆ جێیەکەی بەری کەناوم
بەری کەناوم بوو بەشەریکە
سەر گۆنای ئەو کچە ئەلەتریکە

ئەو ڕێگە لێژە بۆ چوارباخ ئەچێ
دڵی هەزاران ئاگری تیٚ ئەچیٚ
دانەکەی دەمت بەئاڵتون دەرچوو
یاری تازەت گرت منت لەبیر چوو
چاوت ئەستێرەی ئاسمان هەڵ دێ بەری بەیانی
چاو جوان دەرگام لیٚ کەرۆ شۆردمی چۆڕاوەگەی بانی
ماڵەکەی باوکت لەم لاتر بوایە
ئامشوو رەووتی من با زیاتر بووایە
ماڵەکەی باوکت بەقوڕبگیریٚ
لێم بوە بە بەرزان بۆ من ناگیریٚ
سەر سنگی جوانت شەریکەی دوکان
چاوە ڕەشەکەت حەوزەکەی بلکیان
ئاوم بۆ بێنە لەهەزار کانیان
بەفیدای باڵات بم سەوڵی خەرامان
هیچ خەمم نیە پێنجوین سوتاوە
غەم هەر ئەوەیە چاوکاڵ جێماوە
جادەکەی بلکیان هەر زیخ و بەردە
ئەو کچە برنەوەو دارەکەی زەردە
بەفیدای باڵات بم چاو ئاسکە کێوی
بۆ لەنجەو لارت نەرمەی بەرکێوی

لەبەری کەنار هەرچاوەڕوانم

توخوا نەرمەڵێ ئارامی گیانم

لەتای پەنجەرە خۆیدا نیشانم

ئاگری پێ نەبوو سوتانی گیانم

ئاخم هەر داخە داخم ئەو داخە

حاجی پێت ئەڵێ جێگەم بۆ داخە

ئامانە خورشید دەخیلە خاوەر

دڵەکەم جۆشی سەند هەروەك سەماوەر

کام شوێنە بەرزە ئەی کەی بێستان

شەمامە بگرێ بۆ دەستی دۆستان

یارم ڕەش پۆشە بەپەرچەو عەبا

لێمان ناپرسێ و ناشی کات مەرحەبا

بەردەرگاکەتان ئەکەی بەجادە

خۆی پیا ناڕوانێ کوانێ سپاردە

نەماوە قوەو هێزو ڕەوتەکەم

لەبۆ حەمدی خان بەر مزگەوتم

من بەم بەرەوە تۆ بەو بەرەوە

هەردووکمان سوتاین بەبەر خۆرەوە

قیروسیا لەمن تۆ بڕۆرەوە

چوومە ماڵ حاجی بۆ دەنکێ چایی

فاته خۆی دابوو لەتەلی شایی

چومە ماڵ حاجی چایی بسێنم

ڕەعنا نەی ئەمێشت فاتە بدوێنم

هەروەك لەسەرەتاوە ووتمان شاری پێنجوین زۆر هونەرمەندو شاعیرو نووسەری تێدا هەڵکەوتووە. یەکێك لەو لاوانەی لەم دواییانەدا دەستیدایە هۆنراوەو چەندین چاپ کراوی هەیە کاکە (( حسەینی خوامراد شەریف ))ە ناسراو بە (ئارام)

## داخەکەم پێنجوین ١٩٨٧

داخەکەم پێنجوین کەئەمڕۆ ئاوا

نابینم کاتێ دڵسۆزەکەت کوا

کێ بوو کەئەی ووت نیشتمانەکەم

لەدەستم دەرچوو شارە جوانەکەم

بەهیوا ئەبم هەتاکو مردن

مردن یا بەرەو لانەی کۆچ کردن

بەڵام داخەکەم بەدەستی نەزان

ڕۆژگارت ڕەش بو (برای بەتاڵان )

گلەیی نەکەی لەمنی هەژار

هەرچەندە دوریم لێت نابم بێزار
ڕۆژ بەڕۆژ وای لەیادم بیزانە
لەلای من نرخت ئێجگار گرانە
نیشتمانەکەم نەك زێڕو سامان
گیانم بۆ تۆیە پێم داوی پەیمان
بەو سوێندەی کەمن خواردومە بۆ تۆ
سوێند بەدامێن و بەرزیت کۆبەکۆ
وەکو خۆم ماوم نەڵێی ڕۆیشتووە
زێر لەلای ( ئارام ) نرخی نەبووە

خـەڵکی ناوچـەی پێنجوین شـاری پێنجویـن وەك ووتمـان زۆر دینـدار و بڕوایـان بـەخوای تـاك و تەنـها هـەبووە زۆر بڕواشـیان بەشەخس و پیاو چاکان و چاوەزار و دوعـاو زۆر جـاریش بـەجادو هەبوو. لەوانە :- بۆ خۆ پاراستن لەچاوی پیس و نەفەس.

موروی شین (پیرۆزەیی) لەشێوەی چاو یان دەست بەسـەرومل و بێشکەو لانك و دەرگای ماڵەوە هەڵ ئەواسرا تا لە نەفەسی پیـس و چاوی پیس بیان پارێزێ. هەربۆ دەرگـای مـاڵان شـاخی حـەیوان بەتایبـەتی کێـوی لەناوەڕاسـتی دیواری پێشـەوەی خانوەکانیـان یاخود بەسەر دەرگای حەوشەکانیاندا (بەند ئـەکرا) و هەڵئەواسـرا. خـانوی تـازە قوربـانی بـۆ دەکـرا یـەکێك لـەپی دەسـتی خوێنـاوی ئەکرد و لەدەرگاو دیواری خانووە تازەکەی ئەدا بەچاوەوە نەبێت.

هـەر بـۆ هـەمان مەبەسـت کۆنـە نـاڵی وڵاخ بەسـەر دەرگـای ماڵەکانیانەوە هەڵدەواسرا.

مازوی شین و موروی شین و مەرجانی سور ئەکرا بەدەزوەوە و دەکرایە مـل (ملوانکـە) یـاخود دەکـرا بـە بێشـکەی منداڵانـەوە تەنانەت ئەو مورووە شینە پیرۆزەییە دەکرا بەناوچەوانی منداڵانەوە زۆر جار بەناژدلیشەوە بەتایبەتی مانگای شیردەر کوژەکەی شینی بەمێو بـەند دەکرا لـەکاکۆڵی منـداڵ داری ژاڵـە و تاڵیشـك بـۆ ئـەم مەبەستە بەکار دەمێنرا مانای بۆ ئەوە چاوی پیس و ئەفـەس کـار ئەکاتە سەر ئەو منداڵە یاخود (مانگایە) یاخود ئەو شتەی کەحەزی لێەتی ئەك هەر لەناوچەی پێنجوین و شاری پێنجوین بەڵکو لـەزۆر کۆن و لـەناو کوردەواریداو بـەڵکو لـەناو گـەلانی تـری جیـهاندا تـا رۆژگاری ئەمڕۆش هەر ماوە کە گوایە کاردەکاتە سەر ئەو کەسـەی یاخود ئـەو شتەی کـە پـڕ بـەدڵ و ئـارەزو سـەیری بکـات ئەمـەش بەرِوداوو تاقیکردنەوە سەلمێنراوە کە مرۆڤ هەیە چاوی پیسە چ ژن چ پیاو ...

ئەیان ووت ئەوندە چاوی پیسە بەرد شەق ئەکات یاخود هێندە چاوی پیسە دەڵێی تیرە دەیبڕی.

# کارەساتی کوشتنی حسە تاقە

حسە تاقە بەمندالّی لە مەریوانەوە دێتە عێراق لەگەلّ برایەکی تری کەناوی (دەروێش ڕەشید) ئەبێت یەکەم جار لەدێی نۆرك ئەگیرسێتەوە وەلەدواییدا کارو کاسبی ئەکەن پاشان دەروێش ڕەشیدی برای دێتە دێی سالّیاوا سەر بە قەزای پێنجوین لەوێ جێگیر ئەبێت.

دواجار حسە تاقە دەستەو تاقم دروست ئەکا پاش کوژرانی خولە پیزە وەلە میری یاخی ئەبێت وە چەند جار شەڕو پێکادان لەنێوان ئەوان و میریدا دروست ئەبێت وە حسەتاقە هەرگیز ڕێگای بەهەژارو فەقیر نەئەگرت لەو سەردەمەدا لەسالّیاوا ژن ئەهێنێ پاش ماوەیەك ژن براکانی دەست لەگەلّ میری تێکەلّ ئەکەن وە لەناکاودا حسەتاقە ئەکوژن لەپشتی قزلّجەوە خۆیان تەسلیم بەپێنجوین کردوو جەنازەکەیان هێنایە مەرکەزی پێنجوین لەوێ ڕسمیان گرت وەبەخاکیان سپاردو وە زۆر دەستەو تاقمی تر هەبوون لەم ناوچەیە وەکو :-

١-سەید عەتار

٢-حەمە تالّ

وە لەدواییدا سەید عەتار حەمە تاڵ ئەکوژێ وە لەپشتی مەرکەزەکەی پێنجوین ئەی نێژن. ئەوانەی کەلەگەڵ حەمە تاڵ بوون :-

١- سەعید بگ

٢-ڕەحیم تەیارە

٣-کەڕەی ئاشەوان

ئەمانە هیچ کامیان خەڵکی پێنجوین نەبوون بەلام گۆبەنگەکەیان هێنایە ناوچەی پێنجوین

## مۆرە لولەییەکان

دیارە وەك لەزۆر شوێنیو لاپەڕەی ئەم پەرتووکەدا باسمان کرد، زۆر جار لەناوچەی پێنجوین و دەورو بەریدا بەڕێکەوتن ئەوانەی بەدوای ئاسەواری کۆن دا دەگەڕان یا جاری وا هەبووە بەهۆی لافاو یاخود ئاوەڕۆی بەفراوی شاخەکانەوە لەبەهاردا ئاسەواری زۆر نایاب دۆزراوەتەوە ... کەلەبەرد دروست کراو بوو بێ کاری گڵ کاری قوڕی سورەوە کراو بەدەیان و سەدان لەتە سواڵەت و ئیشی گڵکاری لەدەفرو کوپەو گۆزەو دیزەو دەرخۆنەو قاپ و قاچاغ. وهتد. شتی نایاب وەك ملوانەکەو بازن و لەهەموی

گرنگتر مۆری لولەیی بوو کەلە ساڵەکانی حەفتاکاندا مامۆستا (ئازاد) ناوێک کە مامۆستای یەکێک لەگوندەکانی ناوچەکە بوو دۆزیەوە بە رێکەوت لەنزیک گوندی بناوسوتە. ئەو مۆرە لولەییە لە گڵ دروست کرابوو دوای ئەوە هەندێ مۆری تر لە سێچاکان دۆزراوەتەوە کەلەبەرد دروست کرابوون و هەندێکیان لەبەردی زۆر بەنرخ دروست کرابوون.

مۆری لولەیی چییە؟

مۆری لولەیی وەك ووتمان یا لەبەرد یاخود لەگڵ و شتی تر دروست ئەکرا ئەم مۆرانە نیشانەی تایبەتی یاخود وێنەو نووسینی تایبەتیو یاخود ناوی کەسانێکی لەسەر ئەنووسرا یاخود هەڵئەکەنرا بۆ زۆربەی زۆری ئەم مۆرانە کاتی خۆی لەباتی ئیمزا بەکارهاتوون یاخود بۆ چەسپاندنی مافی مۆڵکایەتی یاخود زۆر لەئەمیرو حاکم و فەرمان ڕەواکانی ئەو شوێنانە بەکاریان هێناون. هەندێکان وێنەی لەسەر بووە یاخود بەنووسین ئەو سەردەمە لەسەری نوسراوە هەندێك لەم مۆرانە بەدرێژایی خۆی کونی تێ ئەکرا وەهەندێکیان لەلاوە کونی تێ کراوە و پەتێکی تێ کراوە و کراوەتە مل دیارە خاوەنەکەی لەملی کردووە بەڵام زۆر بەداخەوە چونکە بسپۆڕ و شارەزاو زاناکانی مێژووناس ئەم مۆرانەیان نەدی لەبەر ئەوە کەس نەی زانی مێژووی ئەو مۆرانە ئەگەڕێتەوە بۆ کام چاخ و سەردەم و کام فەرمان ڕەوا یاخود کام سەرکردە بەکاری

هێناوە لەم ناوچەیەدا. خۆ دیارە ئەم جۆرە مۆرانە ناوی ڕەسمی و بەڵگە نامەی لەسەر بووە یاخود شتی تر کە نەدۆزراونەتەوەو دەستمان نەکەوتوون. خۆ دیارە ئەم مۆرانەو ئەو شتانەی لەم بابەتە کە دۆزراونەتەوە لەناوچەکەدا ئەوە دەرئەخەن کە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤ لەم ناوچەیەدا هەربووە ... دیارە بەجێماوە گڵێنەکان و کوپەو لەتە سواڵەت و گۆزەو سەرە ڕم و شیرو تیرێکی کە لەلای قەڵای کچێ دۆزراوەتەوە ئەوە دەرئەخەن و شایەتی ئەوەن دیارە وەك مێژوو باسی دەکات لە (٤٠٠) چوارسەد ساڵ (پێش زایەن)و لە عێراق وولاتی مێزو پۆتامیادا لەکوردستان و مرۆڤی ئەو سەردەمە مۆریان بەکار هێناوەو هەر لەو سەردەمەدا مرۆڤ زۆر گەڕاوە بەدوای کانزادا بۆ دروست کردنی ئامرازی ڕۆژانەیان.

لەشاخی ئاسن کولێن لەسەروی هارینە هەواری بلکیانەوە دەرهێنان بوو کورە ئاسن و زۆری تایبەت و چەندین ئامرازو کەل وپەلی بەردین و ئاسنیان دۆزیەوە چەندین خاکەناز و پاچ و قولنگی ئاسنینی تایبەتیان دۆزیەوە کەدەست کردی مرۆڤ بووە.دیارە هەر لەو شوێنەش دا دروست کراوە کەهەر بەداخەوە هیچ جۆرە نووسین یاخود نیشانەیەك لەسەر ئەو کەلوپەلانە نەبوو تا بزانرێ هی کام سەردەم یاخود سەدەیە یاخود کام تیرەو هۆز و یاخود کام گەل بەکاریان هێناون کەدیارە هەر باو و باپیرانی ئێمە بوون.

بێ شك کارخانەی ئاسن لەو شوێنەدا هەبووە، دیارە وەك وتمان تا ئێستاش زۆر پاشماوەو ئیشی گڵ و کاریو بەردو ئاسن هەر لە سواڵەتەوە بیگرە تا گۆزەو دیزەو سەرەپم و نوکە پاچ و شتی تر و کوپەی گەورە ماون و لەژێر بەرد و گڵی ئەو ناوچەیەدا شاراوەن کەبەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا زۆری ئاودی و کراو بەتاڵان برا بۆ دەرەوەی وولات.

## هەندێ ووشەی بە سوود

کاتێ پیاوێکی بە ساڵاچوو سەرگوزشتەیەکی کۆنی بەسودت بۆ ئەگێڕێتەوە بە چاکترین دیاری بزانە.

پیس ترین تاڵاوی دەروونی ئەوەیە وولاتەکەت پڕ بێت لە هەموو سامانێکی نەتەوایەتی‌و مرۆڤەکانی بێ دەرامەت بژین.

دڵ ناسکترین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە دەوڵەمەندو دەست ڕۆیشتوو بووە ئێستا لێکەوتووە.

خوا لێخۆش بوو شاعیری نەمر باخەوان لە کۆڕی موفتی پێنجوێنی‌دا لە ١٩٩٢/٩/٩ چەند شیعرو پەخشانێکی بۆ ئەو یادە پێشکەش کرد کە ئەمەش ئەو شیعرو پەخشانەیە :

پێنجوێن یانی چی ؟

پێنجوێن یانی پێنجوێنەیە – لە جیهاندا کەم وێنەیە – شاری بوشەنگ و رازاوە – ئەتووت باخچەی هەڵواسراوە – شاری موفتی هونەرمەند بوو – شاری وشەو شیعرو پەند بوو – ئەم شارە کە هیندە جوانە – لانکەی مەلای گەورەمان – لە گەڵگەوە تەماشا کە – جا یادی محمود پاشا کە – شاری سەرفرازی مێژوو – پایتەختەکەی زووی شێخ محمود – ئەم شارە بەم وێرانیە – پشووگای شۆڕشوانی‌یە ٠

وا منیش پڕ بەدەم هاوار ئەکەم

یادت بەخێر موفتی نەمر

دۆستی هەژار کوڵێ خەم و خەفەت هەڵگر

ئەی هەستیار سەیری لوبنان شکێنەکەت (پێنجوێنەکەت)

بەهەشتە دڵفرێنەکەت

شارە جوانە کەم وێنەکەت

تۆ پێت ئەووت بووکی چیا

شیرین ترین شاری دونیا

تەماشا کە دەوروبەری

گوند و شاخ و سەوز و تەپی

موفتی ئەی هونەری دڵسۆزی کورد

خۆشەویستی درشت و ورد

ئەگەر بە ئەرکی نازانی

تۆ نزیکتر لە سەیوانی

بانگ لە بێکەسی نەترس

بڵێ ئەی پاڵەوان – چقڵی چاوی داگیرگەران – کۆشکی شادیت وا وێرانە – لەگەڵ زەویدا یەکسانە – نەتۆو نە نازەنینی تۆ – بیشی بینێ نایناسی تۆ .

ئەمجا هاوار کەم بۆ دیلان – بڵێ ئەی وێژەوان – باخەکانی کوردستانت – بوو بە قەقنەس – نە درەختی ماوە نە رەز

بڵێ بە قانعی شیرین زوبان – ئەدیبی کورد و کوردستان – ئەو هەستیارە سەنگینە – ئەو وتە شیرینە وردبینە – با دەنگی کوردە کوردەکەی – پڕ بکا دارو بەردەکەی – با سەیرکا چوارباخەکەی – باخی گوڵ و گوڵباخەکەی – چاوەکانی پڕکا لە ئاو – بۆ هۆشی کوردی ناتەواو – قانع یاخوا جێگەت شادە ئەما ئەم خاکە چی لێهات؟ سووتا بوو بە پوش و پەلاش ئەویش وێران بوو وەك دۆلاش.

## بەخشندەیی خەڵکی پێنجوێن

کاتێ کە پێنجوێن راگوێزرا خەڵکەکەی ئاوارە بوو مامۆستا محمود عبدالرحمن محمد کە ئیمامی مزگەوتی قازی پێنجوێن بوو

چوو بـووه ئاوایی قرپاڵی شـارەزوور، لـەو دێـیەدا مزگـەوت نەبوو مامۆسـتا بـە خـەڵکی گوندەکـەی وت خـەڵکی پێنجوێن هەرچـەند ئـاوارەن بـەڵام بەخشـندەن مـن پارەیـان لێ کۆئەکەمـەوە وە مزگەوتێك لە ئاوایی قرپاڵی دروست ئەکەین، خەڵکەکە سەری سوڕما گوایە ئەوان ئاوارەن چۆن پارە بۆ مزگەوتی ئێمە ئەنێرن مامۆستا لە نامەیەکدا بە شیعر ناردی بۆ عبدالکریمی موفتـی پێنجوێنی کە لەناو پێنجوێنیەکاندا پـارە کۆبکاتـەوە بـۆ ئـەو مەبەستە ئەمەش شیعرەکەی مامۆستا مەلا محمودە :

شیعرەکە

دەپێنووس هەڵسە دوو لێوەت بە خۆشی شادوو رەنگین کە
بە ئاوی ساردی بلکیانت تەکان دە دەست بە نووسین کە
زوانی نووسەری نامەی برۆ بۆ گەشتی کوێستانان
بلێسەی قارچك و پیچك دەروونت چەور و شیرین کە
لە بەر باڵای شلی رێواس ملت کەچ کە توخوا خامە
بە تەمکین رەحمەت و رضوان بە هەدیەی موفتی پێنجوێن کە
گوزەرگەی ئەو قەدیمانە لە باتی من گەلێك ماچ کە
لە بێ نازی کەوبازێك وەکیل بە گریەو و شین کە
لەبۆ بانگ و سەڵای مزگەوت لەبۆ جومعەو جەماعاتی
وەکو کۆتری هەڵۆ لێدراو بەبێ دەنگ دەست بە ناڵین کە
سڵاوی گەرم و گوڕ بۆتۆ برای خەم خۆری رۆی یەزدان

لە من دوعای خۆشی بۆتان دە تۆش فەرموو دە ئامین کە
وەکو بێ‌لانە ئەخوازیت لە هاوین فێنکی‌و ساردی
دە موفتی زادە بۆ مزگەوت شوێن دەست ڕەنگین و نەخشین کە

کاتێك عبدالکریم بەناو پێنجوێنی‌یەکاندا ئەگەڕێ‌و پارە کۆ ئەکاتەوە بۆ دروست کردنی ئەو مزگەوتەو بۆی ئەنێرێ خەڵکی دێکە شوکری خواو بەخشندەیی پێنجوێن ڕێز لێ ئەگرن وە لە باتی وەصلی پارەکە مامۆستا محمود بەم شیعرە وەصل ئەدا بە قاصیدەکەو ئەڵێ :

ایا عبدالکریم منا لکم شکرا وتحسینا
هیوام بۆتان لەشی ساغە لەگەڵ خاتونە ئامینا
لە بۆ مەرحومی موفتی بێ مەکانی ئەعلا علیین
لەگەڵ زومرەی سەحابی بێ لە فیردەوسی نەبیینا
حەفیدانی‌و لق و پۆپیان لە حیفزی خالیقی کەونا
هەموو لەش ساغ و بەرخوردار لەگەڵ یارو موحیبینا
یەدی بەیضات بەکارهێنا لە تەشییدی بینای مزگەوت
دەبا هەر بەرزو بێ ئێش بێ دەسی پاکت لە بەخشینا
ئەگەر بیست بێتە مەیدانی تەلەفوظ حازرە دوو سەد
دەبا بڕوا دەبا چل بێ کە لایەقتە لەگەڵ دنیا
نزای بێ لانە لای یەزدان هەموو کاتێك لەبۆ ئێوە
بە دڵ خۆشی بە لەش ساغی لە شادی بن لەگەڵ ژینا

قڕاڵی ١/١٢/١٩٨٩

نامەیەکی جەلالی یارە بۆ عبدالکریمی موفتی

مەرحەبات لێ بێ برای ئاوارەم
هاوبەشی دەردو غەم و پەژارەم
سیمات بینی لە تەلەفزیۆن
هاتەوە یادم شارەکەی پێنجوێن
گیانەکەم بەختی میلەتی کوردە
شاری وەك پێنجوێن چۆڵ بێ دەردە
وەصفی ئەو شارە هەرگیز ناکرێ
هەتا هەتایە ناوی نامرێ
بۆ هەوای صاف و ئاوی سەرەو لێژ
بۆ گوڵە زەردەی دەوری حاجی شێخ
بۆ گوڵە وەنەوشەی دەشتەکەی بەرباخ
هەتا من ماوم هەڵ ئەکێشم ئاخ
یاخود بۆ چوارباخ پڕ میوەو ئەمام
دانیشتووی پێنجوێن خاوەن عەقڵ و فام
تاق تاق کەرەی شەو دەنگی پڕ نەوا
یان بانگ و سەڵای عەبە نانەوا
یا دڵنیشتنی شەولنی زستان
کە بە چراوە ئەچووین بۆ ماڵان
بۆ پشکیلان و مەتەڵ دامێنان
بۆی دائەنیشتین تا بەرە بەیان

لە زەماوەندا ئەبوو بە هەلا

خولە عەرەب و مەحموی نەصراللە

لە نیوە شەودا ئەبووە رەش بەڵەك

چەند گۆرانی بێژ وەك حەمەی مەڵەك

زستانی پێنجوێن وەختی كزە با

یا قالە قوونەو احمدی سیما

یا عەبەی مارف پیری چارەنووس

پیاوی وا نەبوو بۆ چاوو نفوس

بالا بەرزێ بوو دەروێشێكی پیر

بڕوانێتە بەرد ئەیكا بە هەنجیر

یام رەشی فەرەج تایەری دكتۆر

پیاوی قسە خۆش زستان لەبەر خۆر

خالۆ میرزا احمد سەری صاف و لووس

بۆ نەخۆشی چاو هێنای مایەلووس

كەریمی پەخمە شوانی بەر مالان

ئەستێرە گەورەی شاهی ئەستێران

هەزار وەك رەشید خولە ئێرانی

بۆ شاری پێنجوێن پەنای ئەهانی

یام حەمە فەرەج یام شێخە سوورە

لەكاتی بانگدا ئەبوو بە لورە

یام دەروێش کەریم فاتیحەو قورعان
دوعای بڕ ناکا تا پشتە مالان
یا سۆفی عومەر بە تاکەی چا رەش
زێڕ و زیو ساز بوو پڕ لە غەل و غەش
یاخود حەمە کۆج ئەحەی مەڕکێنە
بینایی چاوان بالا ئاوێنە
عەبەی مام نادر نە پیاو بوو نە ژن
خۆشی نە بینی لە دنیای ڕۆشن
مەعمەل لکەی جیهانی وەلی
یام عەبە ئاشی مریەم و خولی
یا کارگەی حاجەت سپی کردنەوە
دیوی دەروەوی ئەتوت وەرشەوە
دیوی ناوەوەی زەرد بوو وەك تەلا
لای حەمە مردو ملی شمس الله
یام حامی نانا یام شوکور چاوەش
لەگەڵ پێنجوێندا بوون بە برا بەش
پیاوی وشاهیب حەسەن ئوکە سەر
لەجەی ئەحە سور یام حاجی سەفەر

حاجی حدودی پیاوی بە تاقەت

حەمە كريم و خاتون عەباكەت

يام كوێخا مەجيد يام فەجە قرمە

مەزاتيان ئەكرد ئەبوو بە گرمە

يام على توركەی مازندەرانی

تا سەری ناوە كوردی نەزانی

يام حەمەی رەعنا يام عەبە پشيلە

دەروێشی بێ پرچ فەجە قوجيلە

جا عبدالكريم برا خاسەكەم

نازانم ئيتر چيت بۆ باس بكەم

ژيانی ئێمە جاران ئاوا بوو

هەر كەس لە ماڵی خۆيا پاشا بوو

ئێستاش كەوتووين لە كوچەو كەنار

هەر ئەبێ بڵێين خۆزگەمان بە پار

كاتێك كە بيستم (عبدالكريم)ی موفتی پێنجوێن كە زۆر خۆشەويستم بوو وتيان بووە بە بازرگان لە زەمانی زوودا ئەگێڕنەوە كە قشقەڕە بازرگان بووە گەزەكەی كورت بووە وە خوا غەزەبی لێ گرتووە گەزەكەی كردووە بە كلكی وە كردوويەتی بە قشقەڕە، منيش لە هەولێرەوە ئەم نامەيەم بۆ نارد :

مەرحەبات لێ بێ برای سەروەرم

زۆر زۆر دەمێكە لێت بێ خەبەرم

من زۆر حەز ئەکەم بکەم بە خزمەت
دەوری زەمانە قەت نادا فرسەت
بەڵام زەمانە هەرچۆن بێ دەرحاڵ
لە خزم و لە خوێش ئەپرسم ئەحواڵ
ئەگێڕنەوە لە زەمانی زوو
بازرگانێ بوو گەزەکەی کورت بوو
کابرایان هێنا لە مەیدانی شار
خەڵکیان کۆ کردۆ لەسەر هەتا خوار
گەزیان تێ بڕی هاوارو نەڕە
لە پڕ هەڵفڕی بوو بە قشقەڕە
بەڵام ئێستاکە بووی بە پاساری
ڕۆژێ لە لادێ و ڕۆژێ لە شاری
ئەما جار جارێ لوتف بنوێنە
بۆ ئەم کەلاوە تەشریف بهێنە
با بە یەك بگەین بە یەك بین دڵشاد
یەك دوو سەعاتێك بژین بە ئازاد

نامەیەك بۆ حاجی (ابراهیم)ی شاتری قەڵاتەپزان کە کاتێك زانیم خزمەکانی پێیان وتبوو شیعر مەنووسە تۆ سەرۆك عەشرەتی ئەویش زۆری پێ ناخۆش بوو وە لە مجەلەی بەیاندا ئەو کاتە نارەزایی خۆی دەربڕی بوو بەرامبەر بەو قسەیە منیش ئەم

نامەیەم بۆ نارد داخەکەم ئەو نامانەی کە لە نێوانماندا بوو بەهۆی ئاوارەییەوە فەوتان باسی (١٤٢) سەدوو چل دوو دێی لە نامەکەیدا بۆ کردبووم ، ئەمەش ئەو نامەیەیە کە من بۆم ناردبوو بە شیعر :

مەرحەبات لێبێ حاجی ابراهیم
حەزم کرد ببمە دۆستت بە دائیم
حەزم کردووە پرسم ئەحواڵتان
لەگەڵ فەتاح جاف هاتمە ماڵتان
هۆنراوەتم دی لە مجەلەی بەیان
دڵم قوڵپی داو پڕ بوو لە گریان
هەندێ کەس شیعر بە عەیب ئەزانن
قەت زویر مەبە ئەوان نەفامن
ئەوانە هەرگیز ناگەن بە ئاوات
لە بێ خەبەران کەشکەك سڵاوات

داخەکەم جوابەکەی حاجی ابراهیم وەکو وتم لە کۆڕەوەکەدا فەوتاوە.

# کردنەوەی جادەی ئۆتۆمبێل ساڵی (١٩٢٤)

کردنەوەی جادەی سەرەکی پێنجوێن سلێمانی لە ساڵی (١٩٢٤)دا کاتێك کە ڕێگای ئوتۆمبێل ئەکرێتەوە بۆ پێنجوێن ئەو سەردەمە ئەو ڕێگا سەختە بە پاچ و خاکەناز ئەکرێتەوە، ئەگێڕنەوە لەو سەردەمەدا مامۆستا شێخ سەلامی شاعیر مراقیبی کرێکار ئەبێت لەسەر ئەو ڕێگەیە وە مامۆستا قانع کرێکار ئەبێت تێیدا کاتێك جادە ئەگاتە ئاوایی کانی مانگا ئێوارە ئەبێت مامۆستا شێخ سەلام زۆر بێتاقەت ئەبێ لەسەر جادەی کانی مانگا وە ئەڵێت :

بەختەکەم بەدبەخت و شوومە سەر لە جێگە پێ ئەنێم

چاوەڕێی ئاوی حەیاتم کانی مانگا دێتە ڕێم

مامۆستا (قانع)یش هەر لەوێدا شیعری ملە کەوە ئەڵێت و

ئەی ملە کەوە بۆچ وا داماوی

بۆچ وا سوور و شین زەرد هەڵگەڕاوی... تا دوایی شیعرەکە

کە جادە ئەگاتە ناو پێنجوێن ئەوەڵ سەیارە سایەقەکەی ناوی (کەڕەبێت) ئەبێت وە خەڵکی پێنجوێن هەموو ڕۆژانە دەشتی کانی مینا بۆ تەماشا کردنی ئۆتۆمبێل .

# شێخ محمودی نەمرو پێنجوێن

کاتێك شێخ محمود سەرقاڵی کۆکردنەوەی لەشکرەکەی ئەبێت وە لەدەوروپشتیدا چەند سەرکردەیەکی ئەو لەشکرانە دانەنیشن کاکە حەمەی بێلو (ناری) لە خزمەتیدا دەبێت، یەکێ لە سەرلەشکرەکانی کە ناوی وسو ئاغا ئەبێت کە زۆر سەر ئەکاتە سەر شێخ کە بێتەوە بۆ سلێمانی شێخیش لە جوابا پێی ئەڵێ وەزعی شار خراپە ئەتگرن وە تووشی تەنگ چەڵەمە ئەبیت ئەویش ئەڵێ من دانم دێشێ شێخ ئەفەرموێت تەنها دکتۆرێکی دان هەیە ئەویش سەر بە ئینگلیزەو پیاوێکی سوکە تووشی دەردە سەریت ئەکات ئەویش هەر ئەڵێت ئەچم کاغەزێکم بۆ بنووسە شێخ ناچار ئەبێت بە کاکە حەمەی بێلو واتە ناری ئەڵێت وا دیارە ئەمیش حەز لە ماڵی دکتۆر ئەکات بچێت وە کاغەزێکی بۆ ئەنووسێت ئەمەش دەقی نامەکەیە :

وسو موحتاجی دانە هاتە لاتان کە دەستێکتان هەیە ئێوەش لە دانا. شێخ لەو نامەیدا مەخسەدی لە دانی وسو نەبووە، وسو دێت بۆ سلێمانی بەخۆیو جەماعەتێکەوە ئەچێتە لای دکتۆری دان کاغەزەکەی شێخی ئەداتێ بەبێ هیچ ترس ئەویش تەماشای دانی ئەکا دکتۆرەکە خەبەریان لێ ئەدا، وسو کە ئەمە ئەزانێ

ئەگەڕێتەوە بچێت بۆ پێنجوێن بۆ لای شێخ لە ڕێگا لەلای کارێزی وەستا شەریف ئەگەوێتە کەمینی میرییەوە کە ئەو کاتە (کاکە حەمەی حاجی مەلا) پیاوێکی سەر بە ئینگلیز ئەبێت و زۆر خراپەکاری لە شاردا ئەنجام ئەدا، وسو ئاغا لەو شەڕەدا (٨) کەسیان لێ ئەکوژێ وە (٦) کەسیان لێ ئەگرێو ئەیان باتەوە بۆ خزمەتی شێخ بۆ پێنجوێن، شێخ زۆر قسە خۆش ئەبێ، کە وسو ئەبینێ کە سەرکەوتوو ئەبێ ئەڵێ من بۆ دانم نارد ئەو کردی و هاتەوە، دوایی وسو ئاغا باسی خراپەکاری کاکە حەمەی حاجی مەلای بۆ ئەکا شێخ هەر لەوێدا نامەیەکی دوو دێڕی بۆ ئەنووسێت :

موفەکیری ئالی نەبی کاکە حەمەی حاجی مەلا
ڕەنگە بەربێنی لە من گەر لە ژنت بەم مەسەلا

کاکە حەمە کە ئەم نامەیەی شێخ ئەگاتە دەستی سلێمانی بەجێ ئەهێڵێو لە بەصرە لە ترسی کاغەزەکەی شێخ ئەمرێت.

کاتێك شێخ محمودی نەمر ئەچێت بۆ ڕاو بۆ پشتی پێنجوێن لەگەڵ چەند سوارێك دا لە ڕێگا کەڵێك ئەبینێت شێخ تەقەی لێ ئەکا وە کەڵەکە بریندار ئەکات بەڵام کەڵەکە ناکەوێت شێخ بەدوای خوێنەکەیدا ئەڕوات هەتا ئەگاتە پشتی دۆڵە سور لەوێ لەژێر ساباتێکدا پیاوێك و کچێکی زۆر جوان دەبینێ کچەکە خێرا هەڵ ئەسێت جامێ دۆ ئەبات بە پیری شێخەوە شێخ کاتی خۆی

بیستبووی کە کچێکی یەکجار جوان لە دۆڵە سور هەیەو ناوی مینایە وە لە عەمری (١٦)ساڵیدایە ئەو کاتە شێخ عەمری لە (٥٠) ساڵ تێپەڕی بوو، شێخ کە جامە دۆکە وەرئەگرێ بەبێ هیچ مەبەستێ مەرحەبای لێ ئەکاو ئەڵێ ئافەریم کوردستان بۆ ئاوو هەوات وە لە کچەکە ئەپرسێ تۆ مینایت یەکێ لە سوارەکانی شێخ لەم قسەیە دڵ گران ئەبێت بەبێ ئەوەی شێخ بزانێ ئەگەڕێتەوە بۆ بێلو کە ئەکەوێتە دەشتی پێنجوێن لە بەشی مەریواندا وە بە مامۆستا کاکە حەمەی بێلو (ناری) رائەگەیەنێت کە شێخ مینای مارە کردووە، هەر لەوێدا کاکە حەمەی بێلو زۆر پێی ناخۆش ئەبێ وە شێخیش ئاگای لە شتی وا نییە، هەر لەوێدا ناری ئەم کاغەزە بۆ شێخ ئەنووسێ.

نامەکە

زەوقی مینا شاهی مەنمی تێغی ئەڵماسی ئەوێ
هەروەکو ماکینە دەرزی تیژو رەقاسی ئەوێ
ئاوی گەرمی بەر موان و شیوی سوری دۆڵە سور
لەشکری چابوك و سواری عێلی بلباسی ئەوێ

شێخ لە نامەکەی ناری سەری سوڕ ئەمێنێ ئەگەڕێتەوە بۆ پێنجوێن وە ئەنێرێ بە دوایدا کاتێ کە ناری دێت بۆ پێنجوێن بۆ خزمەتی شێخ لێی ئەپرسێت مەخسەدت لەو نامەیە چییە، ئەویش ئەڵێت کێ پێی وتی، سوارێکی خۆت کە ناوی شێخ عومەرە،

ئەویش زۆری پێ ناخۆش ئەبێت وە بە ناری ئەڵێت کە ئەو ئاگای لە شتی وا نی‌یە وە شێخ شێخ عومەر دەرئەکات.

## مەیدان مامك و سەردارانی جاف

مەیدان مامك پانتایی‌یەکی گەورەو بەرینە بە سەر ئەو شاخانەی پشتی احمد کلوان نزیکی پێنجوێنە، هەموو ساڵێك لە هاویندا سەردارانی جاف بۆ بەسەر بەردنی گەرمای هاوین ئەهاتنە مەیدان مامك بە تایبەتی بنەماڵەی وەسمان پاشا کە خۆیان مولکێکی زۆریان لە پێنجوێن وە دێهاتەکانی پێنجوێن هەبووە وەك قەیسەری پێنجوێن و دوکان و بازاڕەکەیو حەمامەکەو دێی هەڕکێنەو بناوەسوتەو گۆخڵان و لارەدەرو باریکەدەرو لەنگە دێو هۆبە سوتە کە بە مولکی هی ئەوان بوو، مەیدان مامك ئەڕوانێتە دەشتی قزڵجەو گەلگەو برایم ئاواو نزارەو کێلو و مەسۆ و هەتا دەشتی مەریوانیشی لێ دیارە، رۆژێك کابرایەکی خەڵکی (سنە) دێتە هەوارگەی وەسمان پاشا لە مەیدان مامك وە بۆ وەسمان پاشا ئەگێڕێتەوە کە ماڵی ئەسەفە ئەعضەمی سنە خانمێکیان هەیە کە ئەوانیش لە عەشیرەتێکی گەورەی کوردن لە کوردستانی

ئێران، وەسمان پاشا لەو سەردەمەدا هەرزەکار بوو هەر خۆیرا حەمە پاشای برای لەگەڵ کابرای ئێرانی دا ئەنێرێت بۆ سنە بۆ ماڵی خانم وە لەوێ پیارەکە بە بارەی کچەکە ئەناسێنێ و باسی بنەماڵەی وەسمان پاشایان بۆ ئەکات وە بارەی کچەکە ئەسەلە ئەعزەم پێشتر ناوبانگی وەسمان پاشای بیستبوو وە رازی بوو کە کچکەیان بداتێ هەر لەوێدا محەمەد پاشا پارەی ئەوکاتەیان بۆ جێ ئەهێڵێت و بەوەکالەتی محەمەد پاشا مارەی ئەبڕن لە وەسمان پاشا وە محەمەد پاشا ئەگەڕێتەوە بۆ پێنجوێن وە لە پاش چەند رۆژێك تەدارەکی بووك ئامادە ئەبێت و بە چەند سوارێك دا لە دەشتی باشماخەوە ئەیهێنن بۆ پێنجوێن ئەگێڕنەوە لە دەشتی تەیارەخانەی پێنجوێن بە هەزاران سوار لە جاف و سوارەکانی سنە کە لەگەڵ بووك دا هاتبوون چەند رۆژێك زەماوەندو رمبازێنی ئەسب بەردەوام بووە. خانمی وەسمان پاشا ئافرەتێکی بەناوبانگ بووە بۆ بەخشندەیی و بە زەیی هاتن بە هەژاراندا وە زۆر حەزی لە حەکایەت وقسەی خۆش بووە.

# عالمی بە ناوبانگ قازی پێنجوێنی ناسراو بە مەلا محەمەدی خوارزا

ئەم زاتەیە ناوی مەحەمەدی کوڕی عبدالكريمی کوڕی ئەحمەدە لە دانیشتووی شاری پێنجوێن و لە تیرەی حسەینە، چونکە شاری پێنجوێن لە بناغەدا لە دوو تیرەی حسەین و بارام پێك هاتووە. لەبەر ئەوە کە خوشکەزای مەلا عبدالرحمن ی گەورە بووە( خوارزای بەسەردا براوە ). ئەم زاتە لە ساڵی ١٢٨٧ کۆچی دا لە دایك بووە(مادەی مظهر العلم) بە حسابی ئەبجەدی پیتەکانی ساڵی لە دایك بوونی ئەم زاتە دیاری دەکەن، ئەم زاتە پاش فام کردنەوەی لە پێنجوێن دا چۆتە قوتابخانە هەتا قورئانی پیرۆزی تەواو کردووە دوایی چووە بۆ قوتابخانەکانی بانە و موکریان و سابڵاخ و مەهاباد بۆ خوێندن لە پاش تەواو کردنی خوێندنی لەو شوێنانەدا گەڕاوەتەوە بۆ پێنجوێن وە لە خزمەتی خاڵۆیدا خوێندنی تەواو کردووەو ئیجازەی وەرگرتووە ماوەیەك لە قوتابخانەکانی مەریوان دەرزی ووتۆتەوەو پاشان هاتۆتەوە نزارە لەوێ چەند ساڵێك مەلا بووە، لەبەر زانایی‌و زیرەکی عوسمان پاشای جاف کردوویەتی بە قازی بۆ شاری پێنجوێن و هاتۆتەوە بۆ شارو لەوێ قازی بووە بە شەرافەت و سەربەرزیەوە کارەکانی

ئەنجام داوە لەبەر ئەوە زانایەکی هەڵکەوتوو بووە کتێبـەکانی
مێژوو و رووداوەکانی جیهانی کردووە بە سەرچاوەی ئیشەکانی
رۆژانەی توانیویـەتی قازییەتی خۆی بەڕێوە ببات، تەفسیرێکی
بەزمانی کوردی نووسیوە لە ژێر ناوی تەزکاری ئیمان بۆ قەومی
کوردان کە کاتی خۆی دراوە بە جامعەی سلێمانی بۆ ئەوەی
کەڵکی لێ وەربگرن، ئەم زاتە نەك هەر لەسەردەمی عوسمانیو
پاشای جاف دا قازی بووە بەڵکو لە ئەستەنبوڵەوە لەسەر دەمی
حسێن عەونی بەگی مدیری ناحیەی پێنجوێن دا هەر قازی بووەو
هەفتاو پێنج لیرەی عوسمانی ئەو زەمانەی بۆ براوەتەوە لە
دروست بوونی حکومەتی عێراق دا هەر وەکو پێشوو فەرمانی
قەزاوەتی بۆ هاتووەو فەرمانداری دین بووە،مەلا عبدالکریمی
مدرس لە کتێبی بنەماڵەی زانیاراندا ئەفەرموێت هەر پێنجوێنییەك
بهاتایە بۆ سلێمانی سەردانی کاك ئەحمەدی شێخی بکردایە، کاك
ئەحمەدی شێخ ئەیفەرموو بچن بۆلای ئەو بنەماڵەیە واتە قازی
پێنجوێن دوعاتان بۆ بکات، ئیتر دوعای منتان بۆ چییە، بەم
جۆرە مایەوە تا ساڵی ١٩٢٥ زاینی کۆچی دوایی کردو لە حاجی
شێخی پێنجوێن بە خاك سپێردرا، دوو کوڕی عالمی لە دوای خۆی
جێ هێشت بە ناوی مەلا ئەحمەدی قازی (زەوقی)و مەلا هەیبەت
الله کە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی سید نوری نەقیبە.

تایەفەی حسەین کە بەناوی حسەینی کوڕی مەلا عبداللە وە ناونراون وە بووە بە وەستا حسەین، چونکە زۆر ئاقڵ و دڵناو ئـاین پەروەر بووە، وڵاتیان ئاوەدان کردۆتەوە بۆ خزمەت بە خەڵکی ناوچەکە بە شێوەیەك شوهرەتیان پەیدا کردووە، کە ئاغاواتی ئـەو ناوچـە، لەو کاتەدا شوهرەتیان نەبووە، تایەفـەی حسـەین بـە شێوەیەك بووە شـارو لادێ شـەرمیان لێ کردووە وەهـەر ئیشـێکی گرنگ و شـەرعی بووبـێ ئـەوان مەصلەحەت و ئـاوەدان کردنـەوەو نەهێشتنی دزیو فەساد دەستیان تێدا بووە لە بنە بڕکردنیدا، بۆ نمونە

١- شەڕی تاڵە گسك.

هەموو ساڵێك جەماعەتێك لە ناوچەکانی شـارەزوورو گـەرمیان کە خێڵـەکی بـوون لـە هاتنیـاندا بۆ ناوچـەی پێنجوێن یـان تـاڵان ئەکرد، لەسەر راوێژی پیاوی ناوداری پێنجوێن مامە عبداللە ی کاکە سور، بە ئامـادەبونی قـازی پێنجوێن وە چـەند ئاغایـەکی دەوری پێنجوێن وە چەند کەسێك لە تایەفـەی بـارام وە بەتایبـەتی حەمـە سەعیدی میرزا رەسول کە پیـاوێکی کارامـەو ئـازا بـوو، پێچی بـێ مەحکەمەیان لێ گرتن لە پشتەوە وە ئاوی پیرۆتمان لە پێنجوێن لە پێشـەوە لێ یان دان و هـەرچی ئاژەڵیـان هەیـە لێیـان بـەجێما وە نەیانتوانی جارێکی تر بەو ناوچەیەدا بڕوانن.

٢- قالە صالح و شەڕی پێنجوێنی‌یەکان

قالەی صالح هەموو ساڵێك بە لەشكرێكەوە ئەهات بۆ ناوچەی پێنجوێن بۆ تالآن كردنی، لە پاش راوێژ كردن بە قازی پێنجوێن لە هەردوو تایەفەكەی پێنجوێن، واتە تایەفەی حسەین و بارام لەشكرێكیان دروست كرد بەسەركردایەتی مامە عبدالله ی كاكە سور لە ئاوی پیرۆتمان كە ئەكەوێتە خواروی پێنجوێن، رێیان لە لەشكرەكە گرت و تێكیان شكاندو قالەی صالحیان بەدەست گرت و سواری كەرێكیان كرد بە پێنجوێنا گێڕایان و هێنایان تا دۆڵە سوورو ملەی نەڵمە وە ئیتر بڕای بڕ بێتەوە بەو شارەدا.

## بنەماڵەی مەلا عبدالرحمن ی گەورە

مەلا عبدالرحمن ی پێنجوێنی لە بنەماڵەی سەیدەكانی بریفكانە، هەندێ بەڵگەش هەیە لەسەر ئەو راستیانە، مەلا عبد الرحمن ی پێنجوێنی ئەستێرەی ( زوهرەیە) لە ئاسمانی زانیاریدا ئەدرەوشێتەوەو روناكی ئەداتەوە، مەلا عبدالكریمی مدرس ئەفەرموێت كە سەید حەمادی كوڕی سەید عبدالجلیل نەتەوەی خۆی بە ناوی مەلاوە ناوبردووە بۆ ئەوەی دڵیان لە سەر خوێندن بمێنێتەوە، مەلا عبد الكریم ناوی سەیدی بریفكانی لە ولاتی خۆیەوە هاتووە بۆ خۆشناو لە پارێزگای هەولێر دانیشتووە، خۆیو مەلا عەزیزی كوڕی چووە بۆ ناوچەی شارباژێڕ، لەگەڵ مەلا

عەزیزو مەلا یوسف و مەلا ئیبراهیم چوون بۆ دێی شێخەڵ مارێن بۆ لای مەلا خدر بۆ خوێندن، لەبەر ئەوەی کە مەلا خدر ئەوەندە زانیاری و رەوشت و خوی مەلا ئیبراهیمی بە دڵ ئەبێت کچەکەی خۆی ئەداتێ بۆ خزمەتی موسڵمانان و خوێندنی قورئان، کچەکە زۆر یارمەتیدەریان ئەبێت لە دەرز ووتنەوەدا وە لەوێوە ئەچنە پێنجوێن مەلا محەمەد لە تەمەنی ٦٥ ساڵی دا لە پێنجوێن کۆچی دوایی ئەکات (مەلا عبدالرحمن)ی گەورەش گۆڕی ئەم زاتەیە.

## سەردانم بۆ لیژنەی هاوکاری پێنجوێن

جارێك سەردانی لیژنەی هاوکاری پێنجوێن م کرد لەسەر مێزەکە لەزۆری لیژنەکە دەفتەرێکم بینی ووتیان ئەمە ناو و ناتۆرەی خەڵکی پێنجوێنە خاوەنی دەفتەرەکە کاك عومەری حەمەی عەزیز بوو. (عومەری پورکە خورەشید) ئیتر منیش خێرا ئەم هۆنراوەیەم لەسەر دەفتەرەکە نووسی:

ئەڵێن لەپاریس مەتحەفێك هەیە ناوی الوفەرە
مێژووی گەلانی دنیای لەسەرە
لەو مەتحەفەدا شتێ نوقسانە
ناو و ناتۆرەی پێنجوێنیەکانە

## سەرچاوەکان

١- کتێبی حمە امین پێنجوێنی
٢- گەشتێك بۆ پێنجوێن لە کتێبی شاکر فتاح
٣- کتێبی مفتی پێنجوێنی

ژمارەی سپاردنی ( ٩٣ ) ساڵی ١٩٩٩ لەوەزارەتی ڕۆشنبیری
پێـــدراوە

چاپەمەنیو ئۆفسێتی ژین - شەقامی مەولەوی - بازاڕی سۆز



نووسەر لە چەند دێڕێکدا :

جلال امین یارە ناسراو بە ( جلالی یارە ) ساڵی ( ١٩٤٧ )
لە شاری پێنجوێن چاوی بەدنیا هەڵهێناوە
قوتابخانەی سەرەتایی لە پێنجوێن تەواو کردووە
قوتابخانەی ناوەندی لە شەقلاوەو مەخمور تەواو
کردووە قوتابخانەی پیشەسازی لە سلێمانی
خوێندووە، ئێستاش دانیشتووی سلێمانییە

# PENJWEN & MEMORIES

سلێمانی
١٩٩٩